دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

# کوردستان

ژمارە: ٥٠٣

www. kurdistanukurd.com

سێ شەممە ١٥ی ڕێبەندان ١٣٨٧ ـ ٣ی فوریە ٢٠٠٩ ـ ١٥٠ تمەن

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

سیاسی



دەقی وتەکانی خالید عەزیزی لە ڕێورەسمی ٢ی ڕێبەندان دا

سیاسی

کۆتایی پلینۆمی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان

کوردستانی



وتووێژ لە گەڵ مستەفا شەڵماشی

کۆمەڵایەتی



ستەم لە هەر فۆرمێکدا بێ دەبێ لەقاو بدرێ

## لە چاوپێکەوتن لەگەڵ خالید مەشعەل دا :

# خامنەیی حەماسی بۆ شەڕ دژی ئیسرائیل هان داوە

عەلی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە چاوپێکەوتنێك لەگەڵ خالید مەشعەل، ڕێبەری سیاسیی تاقمی توندڕەوی حەماس دا گوتی کە بەرگریی ئیسلامی دەبێ خۆی بۆ هەموو ئەگەرەکان و شەڕێکی تازە ئامادە بکا.

بە پێی هەواڵدەریی کۆماری ئیسلامی، ئیرنا، خالید مەشعەل لەم چاوپێکەوتنەیدا لەگەڵ عەلی خامنەی ڕاپۆرتێکی هەمە لایەنەی پێوەندیدار بە ئاڵوگۆڕە نیزامی و سیاسییەکانی شەڕی غەززەو کۆتایی هاتن بەم شەڕەی پێشکەش کردو ڕایگەیاند کە کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆرترین پشتیوانیی لە حەماس کردوە.

هەر لەم پێوەندییەدا ڕۆژی یەکشەممە(١٢ی ڕێبەندان) ئێهود ئۆلمێرت، سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل، لە پێوەندی لەگەڵ مووشەك هاوێژییەکانی حەماس بۆ باشووری ئەم وڵاتە ڕایگەیاند کە ئەگەر ئەو هێرشانە هەروا درێژەی هەبێ ئیسرائیل وڵامێکی "قورس و نەگونجاو" دەداتەوە.

شایانی باسە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا حەماس بێ لە بەرچاو گرتنی ئاگربەسی نێوانی خۆی و دەوڵەتی ئیسرائیل، چەند جارێك مووشەکی بە ناوچەکانی باشووری ئیسرائیلەوە ناوەو ئەمەش ئەگەری سەرهەڵدانەوەی شەڕێکی دیکەی هێناوەتە ئاراوە.



## سی ساڵەی شۆڕشێك کە چەواشە کرا

**عەولا بەهرامی**

بە پێی بۆچوونێك کە ئەمڕۆکە زۆر کەس لەگەڵیدایە، لە ساڵی ٥٧دا خەڵکی ئێران دەیانزانی چیان ناوێ، بەڵام نەیاندەزانی چیان دەوێ بۆیە شۆڕش ئەم ئاکامە نەخوازراوەی لێکەوتەوە: "ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی".

٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ سی ساڵەی شوڕشی گەلانی ئێران بە دژی ڕێژیمی پاشایەتییە. شۆڕشێك کە سەرەڕای ئەوەی قوربانیی زۆری بۆ درا و هیوای زۆری لەلای خەڵکی ئێران دروست کردبوو، بەڵام لە کردەوەدا هەرچەند ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتیی لێ کەوتەوە، بووتە هۆی هاتنە سەرکاری ڕێژیمێك کە خەیانەتی بە هەموو هیواکان کرد و ئێرانی لە زۆر بارەوە بۆ دواوە گەڕاندەوە.

بۆیەت زۆر سروشتییە بڵێین شۆڕشی ٥٧ی گەلانی ئێران نەك هەر گۆڕانێکی شۆڕشگێرانە و ئەرێنی لە سیستمی سیاسیی ئێران دا بە قازانجی دیموکراسی و ئازادی لێ نەکەوتەوە، بەڵکوو بووتە سەرەتای قۆناخێك لە ژیانی سیاسیی ئێران دا کە لەودا هەموو ئازادییە سیاسی و تاکەکەسییەکان و تەنانەت مافەکانی مرۆڤیش زۆر خراپتر لە پێشوو بخرێنە ژێر پێ.

ئەم شۆڕشە کە لەسەر بنەمای ناڕەزایەتیی خەڵکی ئێران (بە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی، سیاسی، ئاییننییەکانیەوە) لە دژی سیستمی پاشایەتی دەستی پێ کرد، لە دوا قۆناخەکانی دا بە ئاقارێکی دیکەدا برا و نەك هەر لە نێوەرۆکە شۆڕشگێرانەکەی بەتاڵ کرایەوە، بەڵکوو شوناسێکی دیکەی بە تەواوی جیاوازی پێ بەخشرا، واتە ئیسلامیزەیان باشتر بڵێین شیعیزە کرا.

ئەم لاڕێ کرانە سەدوهەشت پلەییە کە دواتر دامەزرانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانی لێ کەوتەوە ئەگەر لە ئاستی نێوخۆییدا بۆ نەبوونی ڕێبەرایەتییەکی سیاسیی دێموکراسیخوازی بەهێز دەگەڕێتەوە، لە ئاستی دەرەکی و نێونەتەوەیی دا بە تەواوی لە ژێر کاریگەریی ئەو کەشە دوو جەمسەرییە دایە کە باڵی بە سەر جیهاندا کێشا بوو. بۆیە دەکرێ بڵێین ترسی بەرەی ڕۆژئاوا لە باڵادەست بوونی چەپ لە ئێران، پشتیوانی لە ئیسلامیزە بوونی شۆڕشی بە دوا دا هات. ئەمەش درێژەی سیاسەتێك بوو کە هەر لەم قۆناغەدا لە ئەفغانستان و بە گشتی وڵاتانی پشتێنەی سەوز تاقی کرابۆوە.

نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گەورەترین قوربانیی سیاسەتە کۆنەپەرستانەو شۆڤێنیستانەکانی سیستمی سەرچاوەگرتوو لە شۆڕشی ٥٧ دەژمێردرێ. ئەگەر تێکۆشەرانی سیاسیی کورد لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستانەوە ناچار بوون لەگەڵ دژوارترین هەلومەرجەکان و سەرکوتی دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی دەست و پەنجە نەرم بکەن و کوردستان لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتی دا لە ژێر تەوژمی سیاسەتی ژینۆسایدی فەرهەنگی دا بوو و لەگەڵ هەموو چەشنە جیاوازیدانێك بەرەو ڕوو ببۆوە، لە سەردەمی ڕێژیمی ئیسلامیدا نەك هەر هیچ کام لە مافەکانی وەدی نەهاتوون سەرکوت و جیاوازیدانانی زیاتریشی لە سەر تاقی کراوەتەوە.

لە کۆتاییدا ماوەتەوە بڵێم شۆڕشی ٥٧، شۆڕشێك بوو کە چەواشە کراو سیستمێکی نەخوازراوو تاقینەکراوەی لێ کەوتەوە بۆیە تاوەکو گۆڕانکارییەکی قووڵ و بنەڕەتی لە سیستمی سیاسیی ئێراندا نەکرێ ناتوانین خۆمان لە ئاکامە تاڵەکانی دەرباز بکەین.

# پەیامی پیرۆزبایی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بۆ پرێزیدێنت باراك ئۆباما

**بەڕێز جەنابی باراك ئۆباما سەرۆك کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا !**

بە بۆنەی دەست بە کاربوونت وەك چلو چوارەمین سەرۆك کۆماری ئەمریکا پیرۆزبایتان لێ دەکەین و هیوادارین کە ئەمریکا لە ژێر ڕێبەرایەتیی جەنابت دا دەورێکی کاریگەرتر و بەرچاوتر بگێڕێ لە سەقامگیربوونی هەرچی پتری ئاشتی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا، بە شێوەیەك کە خەڵکی ئێران و نەتەوەی کوردیش بەهرەی لێ وەرگرن.

ڕێژیمی ئێران نە تەنیا مافە دێموکراتیکەکانی خەڵکی ئێران بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی پێشێل دەکا، بگرە ڕاستەوخۆ ڕێخۆشکەرو





هۆکاری کۆمەڵێك گیرو گرفت و نائەمنی لە ناوچەکە دایە.

پرۆژەی ئەتۆمیی ئێران لە لایەك هیچ خێرو بەرەکەتی بۆ گەلانی ئێران تێدا نیە و لە لایەکی دیکەوە ڕێژیمی ئێران تەنیا وەك ئامرازێك بۆ بە بارمتە گرتنی ئاڵوگۆڕ و دێموکراسی لە نێوخۆی وڵات دا و بەرەو پێشبردنی سیاسەتی مەزنیخوازانە و تیرۆریزمی دەوڵەتیی خۆی کەڵکی لێ وەردەگرێ.

جەنابی سەرۆك کۆمار! گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئێران لە ماوەی سی ساڵی ڕابردوودا بە خەبات و تێکۆشانی بەرفراوان و بەردەوام کاریان کردوە بۆ گۆڕانی دێموکراتیك لە ئێران دا لە پێناوی سەقامگیر کردنی دێموکراسی و مافی مرۆڤ و دامەزرانی حکوومەتێکی دێموکراتیك و بەرپرس بەرانبەر بە خەڵك و جیهانی دەرەوە.

ئێمە وا چاوەڕوان دەکەین کە وڵاتە یەکگرتووکانی ئەمریکا وێڕای دانانی جیاوازی لە نێوان کۆماری ئیسلامی وەك دەسەڵاتێکی سەرکوتکەر و سەرەڕۆ و خەڵکی مافخواز و بێزار لە دیکتاتۆری لە ئێران دا، لە لایەك گوشار بخاتە سەر کاربەدەستانی تاران و لە لایەکی دیکەوە پشتیوانی لە جووڵانەوەی دێموکراتیك و مەدەنی و ئاڵوگۆڕخوازی لە ئێران دا بۆ سەقامگیر بوونی دەسەڵاتێکی دێموکراتیك و وەڵامدەر بەرانبەر بە خەڵك بکا.

**لەلایەن دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە**
**خالید عەزیزی**
**٢٠٠٩/١/٢٠**

### هەواڵنێرانی بێسنوور

# سانسۆری توندو کەم وێنەی ئینتێرنێت لە ئێران

ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەك ڕایگەیاندوە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران دوای هێرش بۆ سەر داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ و ڕۆژنامەنووسان لە نێوخۆی وڵاتدا، سانسۆر کردنی ئینتێرنێت، تەنیا دەرەتانی ئازادی خەڵکی ئێران توندتر دەکا.

کاربەدەستانی ئەم دامەزراوەیە لە بەیاننامەکەیاندا هەروەها گوتوویانە: "فیلتێر کردنی سایتە ئینتێرنێتییەکان لە ئێران دا شتێکی تازە نیە، بەڵام سانسۆر کردنی ڕاگەیەنە نێونەتەوەییەکان بە شێوەیەکی سەرانسەری نیگەرانکەرە."

لە ڕۆژانی ڕابردوودا سایتە فارسییەکان، ڕاگەیەنە نێونەتەوەییەکانی وەك ڕادیۆ دۆیچەوێلە، ڕادیۆی نێونەتەوەیی فەڕانسەو کاناڵی تلویزیۆنی ئەلعەرەبیە لەلایەن زۆر لە کۆمپانیا خزمەتگوزارییە ئینتێرنێتییەکانەوە لە ئێران فیلتێر کراون.

شایانی باسە سایتە فارسییەکانی دەنگی ئەمریکا، ڕادیۆ فەرداو سایتی کوردیی ئاژانسی هەواڵیی پەیامنێر (PNA) لەمێژە فیلتێر کراون.

لە بەیاننامەی ڕێکخراوی هەواڵنێری بێسنووردا گوتراوە کە ڕێکەوتی ٨ی ڕێبەندان چوار وێبلاگنووسی فیمینیست، پەروین ئەردەڵان، جیلوە جەواهیری، مریەم حسێن خواه و ناهید کەشاوەرز بانگ کراونەتە دادگای پێداچوونەوە. ئەم چوار داکۆکیکارەی مافەکانی ژنان لە هاوینی ڕابردوودا لە سەر نووسین لە سایتەکانی "تغییر برای برابری"و "زنستان" هەرکامیان بە شەش مانگ زیندان مەحکووم کراون.

شایانی باسە جگە لەم سایتانەی ئەو ڕێکخراوە ناوی هێناون سایتی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بەتایبەت حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لیستی سایتە فیلتێر کراوەکان دان.

### لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ دا

# یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان بەرز ڕاگیرا

دوانیوەڕۆی ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان بە بۆنەی ٦٣ هەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستان ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستان لە یەکێك لە ساڵۆنەکانی زانکۆی کۆیە بەڕێوە چوو.

لە سەرەتای ڕێوڕەسمەکەدا کە بە سەدان کەس لە نێوێنەرانی پارت و لایەنە کوردستانییەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان و کەسایەتییە فەرهەنگی و سیاسییەکانی کورد لە باشووری کوردستان و نزیك بە تەواوی ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان و هەروەها ژمارەیەکی بەرچاو لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزب و بنەماڵەکانیان تێیدا بەشدار بوون، دوای خوێندنەوەی سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" و دەقیقەیەك بێ دەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان، بەڕێز کاك خالید عەزیزی وتەبێژی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کەسی یەکەمی ئەم حیزبە قسەی بۆ بەشداربوان کرد.

کاك خالید عەزیزی لە دەسپێکی قسەکانی دا وێڕای پیرۆزبایی کردنی یادی ٦٣ هەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ئامادەبوان و بەخێرهاتن کردنیان، ئاوڕدانەوە لە ڕووداوە مێژووییەکان و دەرس لێ وەرگرتن لە خاڵە لاوازو بەهێزەکانی بە ئەرکێکی پێویست زانی و لە پێوەندی لەگەڵ ڕووداوی مێژوویی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە پلەی یەکەم دا وەك دەسکەوتێکی مێژوویی بۆ نەتەوەی کوردی وەسف کردو وتی: دامەزرانی کۆماری کوردستان توانی سەرەڕای ئەزموون و دەسکەوتەکانی ڕابردووی بزووتنەوەی کورد نەهادینە بکات.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا عەزیزی لە پێوەندی لەگەڵ کەسایەتیی پێشەوای حیزبی دیموکراتی کوردستان و دامەزرێنەری کۆماری کوردستان و کاریگەری کەسایەتی شەهید قازی محەممەد لە سەر کۆماری کوردستان و بزووتنەوەی کورد وتی: پێشەوا قازی محەممەد هەوڵی دا لە چوارچێوەی حکوومەتی دیموکراتیکی کوردستان دا کەسایەتی کورد بپارێزێ و پەیامی خۆبەڕێوەبەری و سەربەستی ژیان بە بەرەکانی داهاتووی نەتەوەکەی بگەیەنێ. وتەبێژی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ناوهێنانی شەهید قازی محەممەد وەك کەسایەتییەکی سیاسی "واقع بین" وتی: پێشەوای شەهید بە پێڕەوکردنی واقع بینی لە سیاسەت دا ویستی ئەم پەیامە بە بیروڕای گشتی جیهان و خەڵکی ئێران بگەیەنێ کە بە ڕێزگرتن لە کۆماری کوردستان و پەیامی مەدەنییەت و ئاشتیخوازانەی بزووتنەوەی کوردو کۆماری کوردستان و باسکردن لە ئەرك و وەزیفەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە کۆماری دامەزراند، دوای ٦٣ ساڵ تێپەڕین بە سەر ئەو ڕووداوە مێژوویەدا وتی: حیزبی دیموکراتی کوردستان تا ئێستاش پەیامی مەدەنییەت و ئاشتیخوازانەی خۆی پارستووەو پرۆژەی نەتەوەیی کۆماری کوردستان بەرەوپێش دەبات و لە داهاتوودا ئامانجەکانی کۆماری کوردستان نەهادینە دەکات.

هەر لە پێوەندی لەگەڵ ئەرکەکانی داهاتووی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا بەڕێز خالید عەزیزی وێڕای پێداگری لە سەر پاراستنی دەسکەوتەکانی کوردستان بە پێی ڕاسپاردەکانی دوایین کۆنگرەی خۆی پەیامی ئاشتیخوازانەی بۆ حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کورستان هەیەو پێی وایە بە ئەنجام گەیاندنی پرۆژەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا بە تاکە حیزبێك ناکرێ. کەوابوو دەبێ هاوکاری و تەبایی و کۆدەنگی لە نێو حیزبەکانی ڕۆژهەڵات دا دروست بێ.

لە دوایین بەشی قسەکانی دا کاك خالید عەزیزی، وتەبێژی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان، وێڕای باسکردن لە خوێندنەوەکانی حیزب بۆ ئێستای ئێران و پرۆژە بە فیدراڵ کردنی ئێران و پێکەوە هەڵکردنی سەرجەم پێکهاتە جیاوازەکانی نێو سنووری وڵاتی ئێران، پێکهاتنی جۆراوجۆرییەکان و مافی نەتەوەکان دەکرێ لە چوارچێوەی وڵاتێکی گەورەتریش دا پێکەوە هەڵکردن هەبێ.

لە بەشێکی دیکەی وتەکانی دا بەڕێز خالید عەزیزی، وێڕای ئاماژەدان بە فەلسەفەی دامەزرانی نەتەوەی کورد لە باشووری کوردستان و وەبیرهێنانەوەی فەلسەفەی وجوودیی حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند کە حیزبی دیموکرات بە پشت بەستن بە بەرزبوونەوەی ئاستی شعووری نەتەوەیی و مەدەنی خەڵکی



کۆدەنگییەکی جیدیشی بۆ کورد لە ئاستی نێونەتەوەیی دا بە پێویست زانی و ڕایگەیاند کە حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم پێناوەش دا هەوڵەکانی خۆی بەمەبەستی پێکهێنانی ئەم کۆدەنگییە خستۆتە گەڕ.

لە درێژەی ڕێوڕەسمی بەرز ڕاگرتنی یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان، پەیامی حیزب و کەسایەتییەکانی بەشدار خوێندرانەوە. دواتر دوو پارچە شێعر و پەخشان لەلایەن هەر کام لە بەڕێزان کاك ئیقباڵ سەفەری( بە زراوەی کەلهوڕی) و مامۆستا بێ بەش خوێندرانەوە.

لە بەشێکی دیکەدا قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن دەفتەری سیاسییەوە سوپاسی تایبەتی هەر دوو دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی "ژین" و "بەدرخان"ی کرد کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا زۆرێك لە بڵاوکراوەکانی سەردەمی کۆماری کوردستانیان کۆکردۆتەوە و سەر لە نوێ چاپیان کردوونەتەوە.

لە دوا بڕگەی ئەم ڕێوڕەسمەدا هونەرمەندی گەورەی گەلەکەمان کاك ناسری ڕەزازی چەند گۆرانییەکی پێشکەش بە بەشداران کرد، کە بە شێوەیەکی بەرچاو لەلایەن بەشدارانەوە پێشوازی لێکرا.

ڕێورەسمەکە پاش دوو کاتژمێر، کاتژمێر ٤ی دوانیوەڕۆ کۆتایی هات.

(دەقی قسەکانی کاك خالید عەزیزی لە لاپەڕەی ٣ و هەڵبژاردەیەك لەو پەیامانەی بۆ ڕێورەسمەکە هاتبوون لە لاپەڕە ٥ دا بخوێنەوە.)

# ئەندامێکی حیزب کۆچی دوایی کرد

**ئەندامێکی سەر بە ڕێکخستنی نهێنی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ناوچەی پاوە بە هۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد.**

کۆمیسیونی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕاگەیاند کە ئەندامێکی حیزب بە ناوی "محێدین شیرخانی" خەڵکی ئاوایی شێخانی سەر بە شاری پاوە چەند ڕۆژ لەمەوپێش بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد. ناوبراو ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی لە هێزی بەرگری لە ناوچەی هەورامان تێکۆشانی خۆی دەست پێ کردو لە ساڵی ١٣٦١وە بوو بە پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان و لە هێزی شاهۆ سازمان دراوەو تا ساڵی ١٣٦٧ وەك پێشمەرگەیەکی ئازاو دڵسۆز لە خزمەت حیزب و گەلەکەی دابوو.

محێدین شیرخانی ساڵی ١٣٦٧ بە هۆی هێندێك گرفتی بنەماڵەیی و لە سەر ئیجازەی حیزب گەڕایەوە نێوخۆی وڵات، دواتر لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە ماوەیەك قۆڵبەست و زیندانی کرا.

دوایی ئازادبوونی لە بەندیخانە سەر لە نوێ پێوەندی بە حیزبەوە گرت و لە ڕیزی ئەندامانی سەر بە ڕێکخستنی نهێنی حیزب دا سازماندرا و بەو پەڕی فیداکارییەوە ئەرکە پێ ئەسپێردراوەکانی خۆی بە جێ دەگەیاند.

ناوبراو هەتا دوا هەناسەی ژیانی وەك ئەندامێکی چالاك و دڵسوز بە ڕێبازی حیزبی دیموکراتی کوردستان و گەلەکەی وەفادار مایەوە بە داخەوە چەند ڕۆژ لەمەوپێش بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

# هێزەکانی ڕێژیم ٣٠ ماشێنی کاسبکارانیان ئاور تێ بەردا

**٣٠ ماشێنی کاسبکاران لە لایەن ڕێژیمەوە ئاوری تێبەردراو چەند کەسێکیش بریندار کران.**

ڕێکەوتی ١٠ی بەفرانبار هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لە گوندی "تییێت" ڕووبەڕووی ئاوکورتێ لە ناوچەی ئالانی سەردەشت هێرشیان کردە سەر کاسبکاران و نزیك بە ٣٠ ماشێنی کاسبکارانیان لە جۆری "سێ ئێف" ئاگر تێبەرداو هەروەها لە ئاکامی تەقەی ئەم هێزانەی ڕێژیم دا چەند کاسبکارێکیش بریندار کران.

بە پێی ئەو زانیارییانەی بە کوردستان گەیشتوون، ناوی یەکێك لەو شۆفێرە بریندارانە عومەری مەلا خەڵکی ئاوایی "ئەشکان"ەو دەگوترێ بریندارەکانی دیکە خەڵکی ناوچەی "بانە"ن، بەڵام تا ئێستا ناویان نەزانراوە.

لە لایەکی دیکەوە هەواڵنێرمان لە ناوچەی مەریوانەوە پێیان ڕاگەیاندین کە ڕۆژی ١٠ی ڕێبەندان ٣٠ سەر لە وڵاغی کاسبکاران لە سنووری ساواجی مەریوان بە تەقەی هێزە جینایەتکارەکانی ڕێژیم لەناو چوون.

دوابەدوای هاتنی نوێنەری هێزی ئینتیزامی شاری تاران بۆ شاری مەریوان و دانی دەستووری کوشتنی کاسبکارانی کورد فشار بۆ سەر کاسبکارانی سەر سنوور پەرەی ئەستاندوەو ڕۆژانە قوربانی لێ دەکەوێتەوە.

# دوو پارێزگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرزترین ئاماری خۆکوژییان لە ئاستی ئێران دا هەیە

**لە حاڵێك دا کە ٧٥ لە سەدی خۆکوژییەکان بە هۆی جۆراوجۆر ڕاناگەیەندرێن، دیسانیش ساڵانە ١٤ هەزار کەس لە ئێران خۆ دەکوژن.**

ڕۆژنامەی "سەرمایە" بە پشت بەستن بە دوایین ئامارە ڕەسمییەکانی بنکەو دامەزراوە پێوەندیدارەکان لە پێوەندی لەگەڵ دیاردەی خۆکوژی دا ڕاپۆرتێکی بڵاو کردۆتەوەو ڕایگەیاندوە کە دوو پارێزگای کوردنشینی ئیلام و کرماشان لە ئاستی ئێران دا بەرزترین ئاماری خۆکوژییان هەیە.

لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە کە زۆربەی ئەوانەی دەست دەدەنە خۆکوژی و بیر لە خۆکوشتن دەکەنەوە ژنانن. بە شێوەیەك کە ژنانی خێزاندار لە چاو ژنانی "سەڵت" ئاماری خۆکوشتنیان لەسەرترەو هەروەها زۆربەی ئەو ژنانەی خۆیان دەکوژن کاری ماڵداری دەکەن و ڕێژەی خۆکوشتنیان لە چاو ژنانی خاوەن کار (شاغڵ) ٦٧ لە سەدە.

لە پێوەندی لەگەڵ ڕێژەی تەمەنی ئەو کەسانەی لە یەك ساڵی ڕابردوودا لە ناوچەکانی ئێران دەستیان داوەتە کردەوەی خۆکوژی و ئەوانەی تیایدا سەرکەوتوون و گیانیان لەدەست داوە لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە کە: ئەوانەی دەستیان داوەتە کردەوەی خۆکوژی، ژومارەیەکی بەرچاویان تەمەنیان لە خوارەوەیەو زۆربەیان لاون و تەمەنیان لە نێوان ١٥ تا ٣٠ ساڵی دایە کە نزیك بە ٧٠ لە سەدی خۆکوژەکان سەر بەو گرووپە تەمەنیەن.

هەرچەند ساڵانە ڕادەی خۆکوژی لە ناوچەکانی ئێران دا جیاوازە بەڵام بە پێی سەرچاوە ڕەسمییەکانی ئێران، پارێزگاکانی ئیلام و کرماشان بەرزترین ئامارییان لەم پێوەندییەدا بۆ خۆیان تەرخان کردوە.

لە دوایین بەشی ئەم ڕاپۆرتەدا باس لە هۆکارەکانی پەرسەندنی خۆکوژی لە ئێران بە گشتی و پارێزگاکانی ئیلام و کرماشان بەتایبەتی کراوەو، هەژاری، بێکاری، قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان، خەسارە کۆمەڵایەتییەکان و ناکارایی سیستمگەلی پشتیوانی لە کۆمەڵگا وەك هۆکارە سەرەکییەکانی بەرزبوونەوەی ئاماری خۆکوژی ناوزەد کراون.

خالید عەزیزی:

# حیزبی دێموکراتی کوردستان تێدەکۆشێ ئەو پەیامەی کە کۆماری کوردستان دابووی بە ئێمە لە ئێران بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا نەهادینە بکا



خوشک و برایانی بەڕێز! میوانانی خۆشەویست! نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان!

لە لایەن کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانەوە، پڕ بە دڵ بەخێرهاتنتان دەکەم بۆ ئەم کۆبوونەوەیە، کۆبوونەوەی بیرەوەری ٦٣ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتی سەرۆک کۆماری کودستان، پێشەوای نەمر پێشەوا قازی محەممەد. ئاوڕدانەوە بۆ کۆماری کوردستان، فەلسەفەی پێکهاتنی چۆنیەتی دامەزراندنی، ماوەی حکوومەتەکەی و چۆنیەتی تێکشکانی یەکێك لەو سەنەدە زیندووە مێژوویانەی نەتەوەی کوردە کە وەك دیکۆمێنتێك لە مێژوودا دەمێنێتەوە. زۆر نەتەوە هەن دوای سەدان ساڵ لە ژێر لێکۆڵینەوەی گەڕان بە دوای هۆوییەت دا ئاوڕ دەدەنەوە بە رابردووی خۆیان، زۆر زلهێزی دنیا هەن کاتێك بە بۆنەیەکی مێژوویی کۆدەبنەوە مەراسیمێکی نەوتەوەیی و دەوڵەتی پێك دێنن ئاوڕ دەدەنەوە بە رابردووی خۆیان و بە ئیفتخارەوە لە پایتەختەکانیان ئەو ڕۆژە وەبیر دێننەوەو بەرزی رادەگرن و ئەو ڕۆژە بە وەبیر هێنانەوە بۆ نەسلی داهاتووی خۆیان رەد دەکەن و پێیان دەسپێرن. کۆماری کوردستان و بیرەوەریی کۆماری کوردستان لەو بەشەی کوردستان بۆ نەتەوەی کورد بە گشتی، دەسکەوتەکان و ئەو پرۆژەو بەرنامانەی کە بووی، ئەو ئالاّیەی کە کۆماری کوردستان پێناسەی دەکرد، کابینەی کۆماری کوردستان و چۆنیەتی پەیامێك کە لە پێك هاتنی خۆی و لە دوای خۆیدا بۆ نەتەوەی کوردی بە جێیهێشتووە یەکێك لەو ڕۆژانەیە بە خۆشییەوە لە مەیدانی بیرەوەری نەتەوەیی ـ سیاسیی کورد بەگشتی و پارچەکانی کوردستان دا بەرز دەنرخێندرێ و ئاماژەی پێ دەکرێ. کۆماری کوردستان لە زۆر لایەنەوە دەکرێ ئێمە هەڵیسەنگێنێن و لێکی بدەینەوە و لە زۆر بارەوە دەکرێ دەرسی لێوەربگیرین و ئەو دەرسانە دوای ٦٣ ساڵ لە زۆر بوارەدا ئێستاش پڕ نرخن بۆ داهاتوی ئێمە بۆ ڕێگاچارەو بۆ جێبەجێ کردنی کۆمەڵێك لە گرفتەکان. کۆماری کوردستان لە لایەك بەرهەمی شعوری نەتەوایەتی نەتەوەی کورد بوو کە لە ئیدامەی خەباتێکی دوورودرێژ لە زۆربەی پارچەکانی کوردستان، لە مەنتەقەی موکریان و لە مهاباد لە لایەن کۆمەڵێك لەو کەسانەی بە تێبینییەکی نوێ و مۆدێرن لە سەردەمی خۆیاندا خوێندنەوەیەکیان لە تەسبیت و بەجێ گەیاندنی هۆوییەتی نەتەوایەتی کورد کرد، بڕیاری لە سەر درا. ئەگەر پێش کۆمار جموجۆڵی نەتەوایەتی نەتەوەی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش فیداکاری زۆری بۆ کردبوو کۆماری کوردستان ئەو دەسکەوتەی یان ئەم تەجرەبەیەی نەهادینە کرد، بە شێوەی نوێ لە چوارچێوەی دەوڵەت کۆمارو سەرۆك کۆمارو وەزیر و ئالاّ دای مەزراند. مەودای مەحدودی جوگرافیای کۆمار کە لە ناوچەیەکی زۆر بچوکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو هیچ شتێك لە بایەخ و ئەهمییەتی نەتەوایەتی ئەم دەسکەوتە کەم ناکاتەوە. لایەنی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە دامەزرێنەری کۆمار بوو نەتیجەی گەشەی شعوری نەتەوایەتی بوو کە لەم مەرحەلەیەدا دوای دامەزراندنی کۆمەڵەی ژـ ك، ئەم حیزبەی لە سەر دامەزرا. ئەگەر لەو سەردەمدا لە دنیایەکی تەواو دوو قوتبی لایەك سۆڤییەتی پێشوو، لە ژێر بیر و بۆچوونی سوسیالیستی و کۆمۆنیستی دا بەشێك لە دنیای کردبوو بە هی خۆی، لە لایەکی دیکە دەسەڵاتی ئینگلیس و ئامریکا بە خوێندنەوەیەکی غەربی بەشێکی دنیای کردبوو بە ئی خۆی، زۆر هونەر بوو لەو مەیدانەدا کەسێك بە ئیستقلالی فکری و دێموکراتانە بتوانێ لەم گێژاوەیە دا بێتە پێشێ و ئالاّی ئیستقلالی فکری ـ سیاسی خۆی هەڵ بکا، ئەم شعوورە لە سەرۆك کۆمار پێشەوا قازی محەممەد دابوو. قازی محەممەد بە مانۆرێکی واقعبینانە لە سیاسەت دا، واقعبینانەتر لە دیپلۆماسی دا توانی لەم گێژاوەدا کۆماری کوردستان دابمەزرێنێ. لە هەمووی ئەوانە گرینگتر حیزبی دێموکراتی کوردستان و فەلسەفەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە ئەم کۆمارەی پێك هێنابوو فەلسەفەیەکی مەدەنی بوو، فەلسەفەیەکی دوور لە شەڕ بوو، فەلسەفەیەکی مەدەنی بوو، فەلسەفەیەکی شارستانی بوو، لە نێو ڕێبەرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان دا نەهادینە ببوو، ببوو بە فەرهەنگ، دەنا لە ماوەیەکی کورت دا ئەم شعورە نەیدەتوانی وا بە ئاسانی دوای چەند مانگ کۆماری کوردستان دابمەزرێنێ. حیزبی دێموکراتی کوردستان و دروست بوونی کۆماری کوردستان بەرهەمی شەڕی چەکداری دەستەیەك پارتیزان نەبوو، ئەوەی کە پێشوو لە دنیای رزگاریی نەتەوەکان دا سوننەت و باو بوو، بەرهەمی شعور و عەقلییەتی خەڵك لە شارو گوندەکانی کوردستان بوو. هەربۆیە مەدەنییەت لە ئیدارەی کۆماری کوردستان لە ئاستی بەڕێوەبردنی دێموکراسی نێوخۆیی، لە ئاستی پاراستنی مافی تاکەکان، لە ئاستی چۆنییەتی مامەڵە لەگەڵ دەوروبەر، لە ئاستی ڕێزدانان بۆ ژنان و بەشداری ژنان لە کارو باری سیاسی و خوێندن زۆر بەرز بوو. دامەزرانی ئەم دەسکەوتە تێکەڵاو لەگەڵ شارستانییەتێك بوو کە شوێنەوارێکی باشی دانا لە سەر چۆنیەتی خوێندنەوەی کۆماری کوردستان.

پێشەوای کورد سەرۆك کۆماری کوردستان دامەزرێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان و قازی محەممەد، لە لایەك بە دەستێك هەوڵی دەدا بە شێوەیەکی مۆدێرن بنەماکانی نەتەوەیی نەتەوی کورد لە چوارچێوەی کۆماری کوردستان و بەرز کردنەوەی ئالاّی کوردستان و دانانی کابینەو شەخسییەت پێدان بە حکوومەتی کوردی رابگرێو جێی بخاو تەجروبەی بکاو بەو جۆرە بە نەسلی داهاتوو بڵێ کە دەکرێ کورد خاوەنی شتی خۆی بێ، مەگەر داگیرکەران بە شێوەی جۆراو جۆر پلاّنی بۆ دارێژن. لە لایەکی دیکە هەوڵی دەدا بە کۆمەڵگای دەوروبەری، خۆی بە فاکتۆرەکانی نێو نەتەوەیی، بە فاکتۆرەکانی بەشدار لە سەحنەی ئێران بڵێ: کۆماری کوردستان و ڕێبەریی کۆماری کوردستان و حیزبی دێمۆکراتی کوردستان حیزبێکی واقعبینی سیاسی و سەرۆکی ئەم کۆمارە قازی محەممەد ئینسانێکی واقیعبینی سیاسی بوو. تێدەکۆشا بە هەموو شێوەیەك هەوڵ بدا گرفتەکانی دەوروبەری خۆی کەم بکاتەوە، لە هەمان کاتدا کە حکوومەتی کوردستان لە بەشێکی چوکەی کوردستان لە موکریان بە پایتەختی مەهاباد دادەمەزرێ، قازی هەموو هەوڵی خۆی دەدا لەگەڵ دامودەزگای تاران لە ڕێگای وتووێژو موزاکەرە گرفتی ئەم ڕۆژە چارەسەر بکات. ئەو سیگناڵەی کە لە کۆماری کوردستان دا لە سەر بنەمای نەتەوەیی، کە کورد لە سەر پرەنسیبە نەتەوەییەکانی خۆی تێدەکۆشێ بۆ جێبەجێ کردن و داسەپاندنیان و بە واقعییەت جێبەجێ کردنیان و لە لایەکی دیکەش واقعبینی سیاسی ئێستاش بەردی بنەمای حیزبی دێموکراتی کوردستانە لە سیاسەت کردن دا.

دۆستانی خۆشەویست! ٦٣ساڵ دوای کۆماری کوردستان هەم لە سەحنەی سیاسی کوردستان چ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چ پارچەکانی دیکەی کوردستان، هەم لە مەیدانی سیاسیی ئێران و هەم لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کۆمەڵێك ئاڵوگۆر هاتونەتە پێشێ، کۆمەڵێك بیر و بۆچوون و پرۆژەی جۆراوجۆری سیاسی لە مەیدانی نێودەوڵەتی و سیاسی و ناوچەیی و نەتەوەیی دا لە ئارا دایەو کایە دەکا. ئێمە لە ژێر ڕووناکایی کۆماری کوردستان و دەسکەوتەکانی تێدەکۆشین وەك حیزبی دێموکراتی کوردستان بە دەرس وەرگرتن لە هەمووی ئەم دەسکەوتانە و لە ژێر ڕووناکایی ئاڵوگۆرەکان دا لە دنیا بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە تایبەتی و کوردستان ئەم پرۆژە نەتەوەیی و دێموکراتیکە بەڕێوەبەرین و جێبەجێ بکەین. بنەمای مەدەنییەت و سیڤیل لە عەقلییەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پێشەوای کوردستان و لە کۆماری کوردستان دا لە سیاسەتگوزاری حیزبی دێموکراتی کوردستان تەنانەت دوای دامەزرانی کۆماری کوردستان و ڕووخانی ئەم کۆمارە بەردەوام لە ئارا دا هەیە. ئێمە هەمیشە پێمان وابووە باشترین و کەم زەرەرترین واقعبینانەترین ڕێگاحەل بۆ چارەسەری قەزیەی کورد لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان لەگەڵ ئەوانەی کە لە پێتەختەکان دا دەسەڵاتیان هەیە هەردیالۆگەو هەر دیالۆگە، تەنیاو تەنیا لە ڕێگەی دیالۆگەوە دەکرێ گرفت و موشکلەی سیاسی جێبەجێ بکرێ و بەردی بناغەی سیاسەتی سەرۆك کۆماری کوردستان بوو ٦٣ ساڵ پێش ئەمڕۆ لەو پەڕی دەسەڵاتی نەتەوەیی خۆی لە مەنتەقەکەی دا هەمیشە هەوڵی دا لە ڕێگای دیالۆگەوە ئەم موشکلەیە لەگەل تاران چارەسەر بکا. ٦٣ ساڵ تێپەر بوون بە سەر ئەم ڕۆژە ئەهمییەتی ئەو مەنتیقەی لە لای ئێمە نەتەنیا لە دەست نەداوە بەڵکو بە قووەتی کردووە و ئێمە ئەوەمان نەهادینە کردووە. ٦٣ ساڵ دوای کۆماری کوردستان نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بەلانی نەتەوەیی، هوویەتی نەتەوەیی خۆی پەرە پێدەدا. ئەگەر کۆماری کوردستان لە مەنتەقەیەکی زۆر گچکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە مەنتەقەیەکی زۆر چووکەتری موکریان دامەزرا بیری نەتەوایەتی و بەهێز بوونی بۆچوونی نەتەوەیی ئێستا لە سنووری ئەو کاتی کۆماری کوردستان تێپەریوەو بە خۆشییەوە بەشی زۆری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی داگرتووە، ئەگەر ئەو وەختە بە هۆی دابەش بوونی نا عادڵانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەینی دەسەڵاتی ئەو کاتی سۆڤییەت و ئینگلیس، کۆمار نەیتوانی پەلوپۆی خۆی باوێتە خوارووی کوردستان یان بڵێین باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئێستا بە خۆشییەوە شعوری نەتەوایەتی لە مەنتەقەی کرماشان و ئیلام توانیویێتی ئەو سیگناڵەی کە کۆمار ئەو کات بۆینارد‌وون کاری لە سەر دەکەن نەهادینەی بکاو جێبەجێی بکا. ئەگەر داگیرکەرانی کوردستان پێیان وابوو بە لە سێدارەدانی سەرۆك کۆماری کوردستان جووڵانەوەی کورد تێدا دەچێ و بیری نەتەوایەتی نامێنێ بە پێچەوانە، ئەگەر دەسەڵاتی کۆمار ئەو کات ناوچەیەکی بچووکی موکریان بوو بیری نەتەوایەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئێستا گەیشتۆتە خوارەوەی ئیلام و هەموو شارو گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتۆتەوە. ئەم تەجروبەیە بۆ جارێکی دیکە ئەم مەنتیقە یان ئەو سیگناڵە دەدا بە داگیرکەرانی کوردستان کە توندو تیژی، ئیعدام و تیرۆر کردنی ڕێبەرانی کورد، وێران کردنی کوردستان، ئەنفال و لە بەین بردن و هەڵەبجەو هەمووی ئەو کارەساتانە نەتەنیا ئەو نەتەوەیە بە چۆك دا نایەنێ، بگرە لە ئێستا و لە داهاتوو دا بە بڕیارتر بە شعوری زۆرتر بە مەدەنییەتی بە قووەتتر بە خۆ ڕێکخستنی مودێرنتر، لە داهاتوودا تەواوی ئەو ئارەزویانەی تەبدیل بە واقعییەت دەکا.

حیزبی دێموکراتی کوردستان تێدەکۆشێ ئەو پەیامەی کە کۆماری کوردستان دابووی بە ئێمە ئەم پەیامە لە ئێران بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەهادینە بکەین، مەعنای نەهادینە بوونی ئەم پەیامە ئەوەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەروەکی بە مانایەکی سڤیل و مەدەنی دوور لە شەڕ دامەزراوە و پێی وایە ڕێگای کێشەی سیاسی ڕێگەی دیالۆگ و مەدەنییەت و خەباتی مەدەنییە ئێمە هەر ئەوە بە قووەت دەکەین، هەموو موئەسسەساتی ئێمە، ئۆرگانەکانی حیزبی، دیپلۆماسی حیزبی دێموکراتی کوردستان، هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە خزمەت ئەو مەبەستە دایە کە کاتی خۆی بەو مەدەنییەتە کۆماری کوردستانی لە سەر دامەزرا. ئێمە پێمان وایە کە پرۆژەی کۆماری کوردستان پرۆژەیەکی نەتەوەیی بوو، ئەگەر لەو وەخت دا ئەو ئیفتخارە بۆ حیزبی دیمۆکراتی کوردستان هاتە گۆڕێ وبەو بڕا ئەو کۆمارە دابمەزرێنێ، لە ئایندە دا ئیفتخاری دامەزراندنی کۆمارێکی دێمۆکراتیکی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەرك و وەزیفەی هەموو تاکەکانی کوردستان بە ژن پیاوەوەیە. ئەگەر وایە ئەم ئەرك و وەزیفەیە خۆ دەگۆزێتەوەو دەخسرێتە ئاستی قۆناخ و وەزیفەیەك بۆ هەموو حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هیوادارین وەك حیزبی دێموکراتی کوردستان هەروەك لە کۆنگرەی ١٤ی خۆمان ئەو بڕیارەمان پەسەند کردووە کە مەسەلەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە جەماوەری کردنی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە مەدەنییەت کردنی ئەم خەباتە ئەرکی تاکە حیزبیك نیەو پرۆژەیەکی فەراحیزبی دەوێ. هەموو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەم بۆنەیەوە تێبکۆشین کە خۆمان لەو مەبەستانە کە مەبەستی کۆماری کوردستانیش بوو نزیك بکەینەوە.

بەشدارانی خۆشەویست! هونەرێکی گەورەی پێشەوا قازی محەممەد وەك سەرۆك کۆمارێکی گەورە ئەوە بوو چۆن تەنەوەعاتی جۆراوجۆری بە شاری و گوندی، بە بیرو بۆ چوونی جۆراو جۆر، بە ژن و پیاو، بە سەرۆك عەشیرەت و بازاری، بە خوێندەوارو دێهاتی، لە نێو کۆماری کوردستان خڕ کردبۆوە. ئێمە پێمان وایە ئەم هونەرە یان ئەو سەنعەتەی پێشەوا قازی محەممەد وەك سەرۆك کۆمارێکی سەرکەوتوو لە وەختی خۆی دا ئێستاش دەکرێت ئێمە کەڵکی لێوەرگرین مادام بە روحێکی بەرزی نەتەوەیی و فەراحیزبی چاو لە گرفتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەموو مەسەلەی کورد بکەین. ئەگەر لەو سەردەم دا بەشداری هاووڵاتییان و هاوزمانانی کورد لە باشووری کوردستان بە سەرۆکایەتی نەمر مەلا مستەفا بارزانی لە کۆماری کوردستان دا بۆ یەك جاری دیکە تەئکیدی لە سەر ئەوە کردەوە کە دەسکەوتی نەتەوەیی و ئیمکانی نەتەوەیی لە هەر پارچەیەکی کوردستان بە تەبیعەتی هاونەتەوەبوونی ئێمە سنوور لە بەین دەبا بۆ جارێکی دیکە حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆی پایبەند بەوە بینیوە، ئیمە لە تەواوی ژیانی سیاسی خۆمان دا تێکۆشاوین بە مەبەستی جێبەجێ کردنی تەعەهوداتی نەتەوەیی خۆمان لە حەدی توانای خۆمان دا ئەگەر یارمەتییەکمان بە گەشەی نەتەوایەتی چارەسەر کردنی گرفتی کورد لە پارچەکانی دیکە نەدابێ بە هیچ جۆر گرفتێك بۆ پارچەکانی دیکە دروست نەکەین.

هەر لەو پێوەندییە دا ئەو دەسکەوتەی کە نەتەوەی کورد لە باشووری کوردستان یان لە کوردستانی عێراق لە نەتیجەی خەباتێکی دورودرێژو شعورو کەسایەتی وپێگەیشتوویی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان لەم پارچەیە بەدەستی هێناوە ئێمە پێمان وایە ئەو دەسکەوتە دەسکەوتی هەموو نەتەوەی کوردە. پاراستنی ئەم دەسکەوتە بە هێز کردنی ئەم دەسکەوتە بە مەدەنیت کردنی ئەو دەسکەوتە، بە کەمکردنەوەی گرفت و موشکلەکانی ئەم دەسکەوتە، دڵنیاین لە داهاتوودا گرفتی ئێمە لە شوێنەکانی دیکەی کوردستان کەمتر دەکاتەوە. ئەگەر بێت و دەسکەوتی چارەسەری فیدراڵیزم لە باشووری کوردستان و لە عیراقێکی فیدراڵ و دێموکراتی دا نەهادینە بێت و قانوونی بێ و جێ بکەوێت و گرفتەکانی مەنتەقەی کوردستان هەمووی چارەسەر بێ و بە تەواوی جێ بکەوێ، دڵنیام ئەم دەسکەوتە هەم بە هۆی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان و مێدیای کوردستان و هەم هیوادارم بە هۆی عەقلییەتی حکوومەتی تازەی عێراق ببێ بە پەیام و سیگناڵێك بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستان بۆ دەوڵەتەکانی دیکەی کوردستان کە دەکرێ لە سەردەمی ئێستادا فکر لە ڕێگا چارەیەکی ئاواش بکرێتەوە کە بە شێوەی دیالۆگ و گفتوگۆ ئەو دەسکەوتەو ئەو ڕێگاحەللەی کە لە باشووری کوردستان دا هەیە ببێ بە ڕێگا چارەیەك لە ئێران و تورکیەو سووریەش. بۆیە پاراستنی ئەو دەسکەوتە بە قووەت کردنی ئەو دەسکەوتە، مەدەنییەت کردنی ئەم دەسکەوتە نە تەنیا بۆ پارچەیەك گرینگە بۆ پارچەکانی دیکەش گرینگی خۆی هەیە.



ل ٥

### ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسی

# بەبۆنەی پێکهاتنی سێیەمین پلینۆمی کومیتەی ناوەندییەوە

دەفتــەری سیاســی حیزبــی دێمــوکراتی کوردســتان بــە خۆشــحاڵییەوە ڕادەگەیــەنێ کــە ســێهەمین پلینــۆمی کومیتــەی ناوەنــدی لــە ڕۆژانــی٥ تــا ٩ ی ڕێبەنـدان (٢٤ تـا ٢٨ ی ژانویـە) دا، بە ئامادەبوونی ئەندامانی ئەسڵی و جێگـری کومیتــەی ناوەنــدی لــە کوردســتانو دەرەوەی وڵات و، بــە بەشــداریی کۆمــەڵێك لــە ســیما ناســراوەکانی ڕێبــەریی حیــزب لــە دەورەکانی پێشوودا پێك هات و، لە ماوەی ٥ ڕۆژ باس و دیالۆگی زیندوو دا، کــارو ئەرکــە دیاریکراوەکــانی جێبەجێ کرد.

پلینــۆمی ســێهەمی کومیتــەی ناوەندی بە دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگـرتن لـە شـەهیدانی کوردسـتان دەستی پێکرد. پاشـان دەسـتووری کــاری پلینــۆم کــە پێــشتر ڕاگەیانـدرابوو، کەوتـە بـەرباس و، دوای ئــەوەی هێنــدێك خــاڵی پێــوە زیادکرا، پەسند کـرا. دواتـر هـاوڕێی بــەڕێز خالیــد عــەزیزی وتەبێــژی کومیتەی ناوەندی باسێکی سیاسیی پێــــشکەش کــــرد. باســــەکە، لێکدانەوەیــــەك بــــوو لــــەبارەی هەلومــەرجی سیاســیی ئێــران و پێوەندیی کۆماری ئیسلامی و دنیای دەرەوە و، کاریگــــەریی گۆڕانــــە نێوخـۆییو دەرەکییـەکان لەسـەر داهــاتووی ئــەم ڕێژیمــە.هــەر وەهــا هەوڵــەکانی ڕێــژیم بــۆ ســەرکوتی جموجــــۆڵی ئــــازادیخوازی و بزووتنەوەکانی نێو هــەناوی کۆمــەڵ و، ڕۆڵ و ئــەرکی حیــزبو ڕێکخــراوە سیاســــییەکانی ڕۆژهــــەڵاتی کوردستانو ئێران لە پـشتیوانی لـەو بزووتنەوانــە دا تیــشکیان خرابــووە سەر. پێشێلکرانی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتری مــافی مــرۆڤو گــرتنو ئێعــدامی جیــابیرانو، ســـەرکوتی هـــەموو تێکۆشــانێکی سیاســی و مــەدەنی لەلایـەن کۆمـاری ئیـسلامییەوە، لـە باسـی سیاسـیی وتەبێـژی کومیتـەی ناوەنـدی دا، بایــەخێکی تایبــەتی پێدرابوو. هەر بۆیـە کـاری بـەربلاوو جیدی بۆ لـەقاودانی ئـەو کـردەوە و ڕەفتارانـــە و، ئاگـــادار کردنـــی کـــۆڕو کۆمەڵــە نێونەتــەوەیی‌یــەکان لــەم تاوانانـــەو، ڕاکێـــشانی پـــشتیوانیی دەوڵەتانو بـیروڕای گـشتی دنیـا بـۆ لای خــەباتی حەقخوازانــەو ویــست و داوا ڕەواکـانی خــەڵکی ئێــران، وەك ئەرکی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەســتێنێك بــۆ هاوکــاریو کــاری هاوبەشــی حیــزب و ڕێکخراوەکــانی ڕۆژهـــەڵاتی کوردســـتانو ئێـــران ئاماژەی پێکرا.

لــە باســی سیاســیی وتەبێــژی کومیتەی ناوەندی دا ئەگەری گـۆڕان لــە سیاســەت و هەڵوێــستی ئــەمریکا دوای هاتنە سەرکاری بـاراك ئۆبامـا، گرنگیـــی پـــێدرابـــوو.لـــەو بـــارەوە گوترابــــوو دیــــارە میتــــۆدی دێموکراتەکان لە ڕووبەڕوو بوونـەوە لەگـەڵ ئێـران دا، جیـاوازیی لەگـەڵ میتــۆدی کۆمارخوازەکانــدا دەبــێ. بــەڵام مــادام ڕێــژیمی ئێــران لەســەر سیاسەتەکان و پرۆژەکانی بەردەوام بــێ، گــۆڕانێکی بنــەرەتی لـــە ســتراتیژیی ئــەمریکادا پــێش بینــی نــاکرێ. دیـارە دیموکراتـەکان هـەوڵ دەدەن ڕێـژیمی ئێـران بکێـشنە نێـو کێـشەی سیاســی و مــافی مــرۆڤ و، ئەگـەر ئـەو ڕێژیمـە هـەر درێـژە بـە لاساری بدا، دەستی سەرۆك کۆماری ئێـستای ئـەمریکا بـۆ هـەر جـۆرە ڕووبەڕووبوونەوەیەك لەگـەڵ ڕێـژیمی ئێران، بە دەلیلی پشتیوانیی بەرینی خەڵکی وڵاتەکەی لەو، ئاوەڵاترە.

وتەبێـژی کومیتـەی ناوەنـدی لـە باسەکەی دا، هەڵبـژاردنی داهـاتووی ســەرکۆماری لــە ئێرانــی دا هێنایــە گۆڕێ. لـەم بارەیـەوە بـە دروسـتی ئامـاژە بـەم ڕاسـتی‌یـە کرابـوو کـە "هەڵبــژاردن"ی ســەرکۆماری لـــە ئێــران، تــا ئــەو کاتــەی مەیــدانی ململانێی نێوان قۆڵەکانی دەسەڵاتە، مەسەلەی خەڵك نیە. بـەڵام هـەرکات هەڵبــژاردن ببێتــە دەرەتانێــك بــۆ پێــشڕەویی خــەباتی خــەڵك و پاشەکـشەی دەسـەڵاتداران، دەبـێ خوێندنەوەی تازەی بۆ بکرێ. لـەم بارەیــەوە، پلینــۆم بــە دواداچــوونی ڕووداوەکـــانی پێوەندیـــدار بـــەو هەڵبژاردنــــە و لێکدانــــەوە و هەڵــسەنگاندنی هەرچــی وردتــری ئــەوان و هەڵوێــست گرتنــی بــەجێ لەکاتی خۆی دای بە ئەرکی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان زانی.

لــــە درێــــژەی بــــاس لەســــەر پێوەندییــــەکانی ئێــــران و دنیــــای دەرەوەدا، هــاوڕێ خالیــد عــەزیزی ئاماژەی بەوە کرد کە بەداخەوە زۆر لە وڵاتان تـەنیا لـە دەلاقـەی چـەکی ئەتۆمی‌یەوە سـەیری ئێـران دەکـەن و، ئــەو گرنگــی‌یــەی پێویــستە بــە نــەبوونی ئــازادی و دیموکراســی و پێشێلکرانی مـافی مـرۆڤ و بێبەشـیی نەتەوەکانی ئێران لـە سـەرەتاییترین مافەکانیان نادەن. هـەر بۆیـە ئێمـە وەك حیزبی دێمـوکراتی کوردسـتان، دەبێ لە دیپلوماسیی خۆمان لەگـەڵ دنیــای دەرەوە دا کــار بــۆ ئــەم مەبەستە بکەین.

وتەبێـژی کومیتـەی ناوەنـدی لـە پێوەندی لەگـەڵ بزووتنـەوەی کـورد لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان دا، گرنگترین ڕووداوەکانی هـەر کـام لــە بەشــەکانی هێنایــە بــەرباس. لـەبارەی ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتانەوە، ئامـاژەی بـە سیاسـەتی سڕینەوەی گــرژی و هەوڵــدان بــۆ لێــك نزیــك بوونەوەی حیزبو ڕێکخراوەکانی ئەو بەشە کرد کە حیزبی ئێمـە لەسـەری ڕۆیــشتووە و، لەســەری بــەردەوام دەمێنێتـــــەوە. ســـــەبارەت بـــــەو هەوڵانـــەش کـــە بـــۆ بەرتەســـك کردنـــــەوەی مافـــــە سیاســـــی و نەتەوەیی‌یەکان و جێگـە و پێگـەی کــورد لــە عێــراق دا دەدرێــن، ئــەم هەوڵانەی بە پێچەوانەی ئەو بنەما و بناغانە زانـی کـە عێراقـی فیـدراڵیان لەسـەر دامـەزراوە. لـەم بارەیـەوە پشتیوانیی نەتەوەیی لە هەڵوێست و هەوڵەکانی سـەرۆکایەتیی کـورد لـەم بەشــەو حکوومــەتی هــەرێم لــەم پێوەندی‌یەدا، بە پێویست زانی.

گۆڕانێــك كــە لــە سیاســەتی دەوڵــەتی تورکیــە بەرامبــەر بــە کێشەی کورد بـە تایبـەتی لـەبواری داننان بە زمانو فەرهـەنگی کـوردی دا بـەدی دەکـرێ، لەلایـەن وتەبێـژی کومیتـەی ناوەندییـەوە خرایـە بـەر ســەرنجی پلینــۆمی کومیتــەی ناوەنـدی. بەشـدارانی پلینـۆم ئـەم گۆڕانــەیان ســەرەڕای بــچووکیو سنووردار بوونی و، لەگـەڵ ئـەوەش دا کـە بەرهـەمی خـەباتی نەتـەوەی کورد لەو وڵاتەو، فشاری یەکیـەتیی ئورووپایــە، بــە شــتێکی موســبەت نــاوبرد کــە دەبــێ هــەوڵ بــدرێ هەنگاوی گەورەتری بەدوادا بێ.

دوای بەشــــداریی چــــالاکانەی بەشـداران و بیروڕادەربـڕین لـە سـەر باســـەکە و دەوڵەمەنـــد کردنـــی، جـــارێکی دیکـــە ڕوانگـــە و هەڵوێـستەکانی حیـزب بەرامبـەر بـە پرسە باسکراوەکان ڕوون کرانەوە و، داوا کــرا لــە تێکۆشــانی نــەزەریو سیاسیی لەمەودوا دا، ڕەچاو بکرێن.

یــەکێکی دیکــە لــە بابەتــەکانی دەستووری کاری پلینۆمی ئەمجارە، بــاس لەســەر کاروبــاری کومیتــەی بەڕێوەبــەریی حیــزب لــە دەرەوەی وڵات بوو. لەم بەشەی کـاری پلینـۆم دا، ســـەرەتا هـــاوڕێ مـــستەفا شەڵماشــی ئەنــدامی دەفتــەری سیاسیو بەرپرسی گشتیی کومیتەی حیــزب لـــــە دەرەوەی وڵات، ڕاپــۆرتێکی پێــشکەش کــرد. لــەم ڕاپۆرتــەدا بــوارە جۆراوجۆرەکــانی کارو تێکۆشانی حیزب لـە دەرەوەی وڵات ئاماژەیـان پـێکرا. دواتـر هـەر کام لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزب لـە دەروەی وڵات ڕوونکردنــــــــەوەو تــێبینیی خۆیــان بــە مەبەســتی دەوڵەمەنــد کردنــی ڕاپۆرتەکــە هێنایــەگۆڕێ. بەشــدارانی پلینــۆم وێــڕای قامکــدانان لەســــەر دەسکەوتەکانو خاڵـە بـەهێزەکانی تێکۆشـانی کومیتـەکانو ئەنـدامانی حیـزب لـە دەرەوەی وڵات و ڕێزلــێ گرتنیــان، پێــشنیارو ڕاو تێبینیــی خۆیـان هێنایـە گـۆڕێ و، ڕێنـوێنیی پێویستیان خستەبەرچاوی دەفتەری سیاســی و کومیتــەی بەڕێوەبــەریی حیــزب لــــە دەرەوەی وڵات. لــــە برگەیەکی دیکـەی کـاری پلینـۆم دا، گەڵاڵــەی ســازماندانی حیــزب لــە کوردســتان باســی لــێکرا. دوای ئەوەی بەشداران ڕەخنە و سەرنج و تێبینی‌یەکانی خۆیان لـەبارەی ئـەم گەڵاڵـەیـەوە خـستە ڕوو، هەیئـەتی دیاریکراو ڕاسپێردرا تا بە سەرنجدان بــە بۆچــوون و نــەزەری بەشــدارانو ئامانجەکانی تێکۆشانی ئەم قۆناغە، بــە گەڵاڵەکــە دا بــچێتەوە و بــۆ دوا بڕیــــار بیداتــــەوە بــــە کومیتــــەی ناوەندی.

لــە درێــژەی کــاری پلینــۆم دا، هەیئەتێك کە کۆبوونەوەی پێشووی کومیتــەی ناوەنــدی ڕای ســپاردبوو، ڕاپۆرتێکی لەبارەی کارەکـانی خـۆی بــە مەبەســتی ڕێكوپێــك کردنــی کاروباری ڕۆژانەو بەهێزکردنی نەزمو دیــسیپلینی نێوخــۆیی، پێــشکەش کرد. ئەم هەیئەتە بە سـەرنجدان بـە بڕیـارو ڕاسـپاردەکانی کۆبوونـەوەی پێـــشووی کومیتـــەی ناوەنـــدی، کۆمــەڵێك ڕێنــوێنیو ڕاســپاردەی لــە بـواری جۆراوجـۆر دا گەڵاڵـە کردبـوو کـە بەشـدارانی پلینـۆم پێشوازییان لـێکرد و پەسندیان کرد.

لـە بەشـێکی دیکـەی کـاری ئـەم پلینۆمەدا، ئاییننامـەی کۆمیسیۆنی چـاوەدێریی پێـڕەوی نێوخـۆ کـە بـۆ پەسـند کـران درابـوو بـە کومیتـەی ناوەنـدی ، کەوتـە بـەرباس. پـاش ئــەوەی بەشــداران بــیروڕای خۆیــان لەبارەی بەندەکانیەوە هێنایە گۆڕێ و ســـەرنجو تـــێبینی‌یـــەکان گونجێنــدران، ئاییننامەکــە پەســند کرا.

بەڵگەنامەیــەکی دیکــە کــە بــۆ پەســندکران درابــوو بــە کومیتــەی ناوەنــدی، گەڵاڵــەی پێــشنیاریی ئاییننامەی ناوەندی پلانـدانان بـوو. پلینــــۆم، بــــۆ ئــــەوەی گەڵاڵەکــــە بەشــێوەیەکی کارناســانەو وردتــر بکەوێتە بەرباس، ئـەو سـەلاحیەت و دەسەڵاتەی بە دەفتەری سیاسی دا، دوای بـاسو ڕاوێـژی پێویـست بڕیـار لەســەر ئــەم گەڵاڵەیــە بــداو پەسندی بکا.

هــەروەك لــە کۆبوونــەوەی پێشووی کومیتـەی ناوەندی‌دا گرنگییــەکی تایبــەت درا بــە چــالاکتربوونەوەی تێکۆشــانی حیـــزب لـــە ڕۆژهـــەڵاتی کوردســــــتاندا، پلینــــۆمی ئەمجارەش گەڵاڵەیەکی هێنایە بـەرباس کـە لەسـەر بڕیـاری پێشوو، هەیئەتێك لە ئەندامانی ڕێبــەری بــۆ ئــەم مەبەســتە ئامادەیـان کردبـوو. بەشدارانی پلینـــۆم چـــالاکانە لـــە هەڵسەنگاندنی ئـەم گەڵاڵەیـە و دەوڵەمەنـد کردنـی‌دا بەشـدار بـــوون و، بەرچـــاوروونیی پێویـستیان لـەو پێوەندییـەدا دایــە دەفتــەری سیاســی و کومیسیۆنە پێوەندیدارەکان.

پلینۆمی سێهەم، یەکێك لە کۆبوونەوەکانی خۆی بۆ باس لە خـەباتی مـەدەنی و جـەماوەری لــە کوردســتان و چــۆنیەتی پـشتیوانیی حیـزب لـەم شـێوە خەباتانـە تـەرخان کـرد. لـەم بارەیـەوە، ئەنـدامانی ڕێبـەریی حیــزب وێــڕای ڕێزگــرتن لــە بەشــداران و بەرەوپێــشبەرانی ئەو شێوە خەباتە لە کوردستان و، قامکدانان لەسەر پێویستی و گرفت و کۆسپەکانی سەر ڕێگای ئەم شێوە خەباتە، زۆر تـەوەرو لایەنی دیکەی خـەباتی مـەدەنی و جــەماوەرییان هێنایــەگۆڕێ. لەبەر ڕوونـاکـایی ئـەم باسـەدا، پلینــۆم، دەفتــەری سیاســی ڕاسپارد بـە هاوکـاریی کەسـانی شارەزا و خـاوەن ئـەزموون لـەم بــوارەدا، پــڕۆژە و بەرنامــەی پێویــست بــۆ پەرەپێــدان و پشتگیریی ئەم شێوە خەباتانـە لە کوردستان ئامادە بکا.

پلینــۆمی کومیتــەی ناوەنــدی دوایــن کۆبوونــەوەی خــۆی بــۆ باس لەسـەر کـاری ڕاگەیانـدنی حیــزب لــە کوردســتان و لــە دەرەوەی وڵات تــەرخان کــرد. لەم پێوەندییـەدا، واقیـع بینانـە کەم و کورتییەکان و خاڵە بەهێز و لاوازەکـان خرانـە بـەرباس و، ڕێنوێنی و ڕاسپاردەی پێویست بـە کۆمیسیۆنی ڕاگەیانـدن درا تــا لــە کــار و تێکۆشــانی لەمــەودوای خۆی‌ـدا، ڕەچـاویان بکا.

لە دوا برگەی کـاری پلینۆمـدا هاوڕێ خالید عـەزیزی وتەبێـژی کومیتەی ناوەندی، کۆبەندێك لە بــاس و بڕیارەکــانی ئــەم پلینۆمــەی خــستەڕوو. بــەڕێز عــەزیزی داوای لــە ئەنــدامانی ڕێبەری و سـەرجەم تێکۆشـەران و ئەندامانی حیزب لە کوردستان و دەرەوەی وڵات کرد، هەروا کە لــە ســاڵی ٢٠٠٨ دا چالاکیی زۆریان خستنە سـەر کارنامـەی تێکۆشانی حیزبەکـەیان، ساڵی ٢٠٠٩ش بکەن بە ساڵی چالاکی و تێکۆشانی زیاتر.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**دەفتەری سیاسی**

**١٣٨٧/١١/١٠**

**٢٠٠٩/١/٢٩**

---

**بەیاننامە:**

# پێشوازی لە بڕیارنامەی یەکیەتیی ئورووپا لە بارەی ڕێکخراوی موجاهیدینەوە

یەکیــەتیی ئورووپــا، ڕۆژی دووشــەممە ٢٦ی ژانویــە (٧ی ڕێبەنــدانی ١٣٨٧)، پــاش ٧ ســاڵ، نــاوی ڕێکخــراوی موجاهیدینی خەلقی لە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریـستییەکان دەرهێنـاو، دەسـتی لـە دەستبەسەردا گرتنـی سـەرمایەکانی ئـەو ڕێکخراوە هەڵ گرت.

یەکیەتیی ئورووپـا، لـە سـاڵی ٢٠٠٢وە، نــاوی ڕێکخــراوی موجاهیــدینی خــەلقی خــستبووە نێــو لیــستی ڕێکخــراوە تیرۆریستییەکان. ئـەم بڕیـارە، ڕاسـت بـۆ بەدەســتهێنانی ڕەزامەنــدیی کۆمــاری ئیسلامی و نزیکبوونەوە لەو ڕێژیمە بوو. یەکیەتیی ئورووپـاو دەوڵـەتانی دیکـە کـە بەم چەشنە هەڵوێستیان گرت، لە ڕاستیدا لــە بەرژەوەنــدی ڕێــژیمی تیرۆریــست و تیرۆریــستپەروەری کۆمــاری ئیــسلامی دابوو، تاوان و جینایەتـەکانی ئـەو ڕێژیمە لـــە دژی خـــەڵکی ئێـــران و هێـــزە خەباتکارەکانیان بەم بڕیارەیان کەمڕەنگ کردەوە. ئەم بڕیـارە، کۆمـاری ئیـسلامیی لـە سـەر پێـشێل کردنـی مـافی مـرۆڤ و درێــژەدانی سیاســەتی ســەرکوت و لــە نێوبردنی نەیاران و بەرهەڵستکاران چێرە گرتوو کرد. حیزبی دێموکراتی کوردسـتان کـە هـەر لـە سـەرەتاوە گونجانـدنی نـاوی ڕێکخراوی موجاهیدنی خـەلقی لـە لیـستی ڕێکخـراوە تیرۆریـستییەکان دا بـە نـاڕەوا زانیــوە، پێــشوازی لــە بڕیــاری تــازەی یەکیەتیی ئورووپا دەکا.

حیزبی دێموکراتی کوردستان هیـوادارە ئــەم گۆڕانــە لــە هەڵوێــستی یەکیــەتیی ئورووپادا، سیاسەتێکی لێبڕاوانـە بـە دژی ڕێژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیـسلامیی بـە دوا دا بێ.

هیوادارین یەکیـەتیی ئورووپـاو وڵاتـانی دیکەی دنیـا، لـە پێوەنـدی لەگـەڵ پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان (p.k.k)یـش دا، چاو بە هەڵوێستی خۆیاندا بخشێننەوەو، نــاوی ئــەو حیزبــە کــە لــە خــەباتی نەتەوەکــەی بــۆ وەدەســتهێنانی مافــە ڕەواکانیدا، ڕۆڵ و جێگای تایبەت بە خۆی هەیـــە، لــــە لیــــستی ڕێکخــــراوە تیرۆریستییەکان بێننە دەر. بە دڵنیاییەوە پێکهێنانی گۆڕانێکی ئـەوتۆ، خزمـەت بـە چارەسەری دادپەروەرانەی کێشەی کـورد لە تورکیە دەکا.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**دەفتەری سیاسی**

**١٣٨٧/١١/٩**

# هەڵبژاردەیەك لەو پەیامانەی بۆ ڕێورەسمی یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان نێردراون

**به مەبەستی یادکردنەوەی ٦٣ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان رۆژی ٢ی رێبەندان حیزبی دێموکراتی کوردستان رێورەسمێکی بەشکۆی له شاری کۆیه ییێك هێناکه لەو دا ژمارەیەکی زۆر حیزب و رێکخراوو کەسایەتییه کوردستانییەکان بەم بۆنەیەوە پەیامیان ناردبوو که لێرەدا هەڵبژاردەیەك لەو پەیامانه دەخەینه بەرچاوی خوێنەرانی "کوردستان".**

یادەوەری و رێزگرتنی٦٣ یەمین ساڵرۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان وەك رۆژێکی پرشنگداری له مێژووی نەتەوەی کوردله ئێوەی بەرێز و سەرجەم جەماوەری گەلی کوردستان پیرۆزبێ. هیوادارین ئەزموونەکانی کۆمار بۆ ئەورۆ و داهاتووی وەڵاتەکمان مایەی دەرس وەرگرتن و پێدا چوونەوەبێ.

**کومیتەی ناوەندی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

***

ئەمڕۆ کە شەست و سێ ساڵ بە سەر دامەزراندنی یەکەمین کۆماری کوردستان تێپەڕدەبێ، هەموومان لەبەردەم ساڵیادی رووداوێکی مەزنی مێژوویی دا رادەوەستین و بە شکۆوە یادی ئەو سەرکردە نەمرانە دەکەینەوە کە لە هەنگاوێکی شۆڕشگێرانەدا کۆماری کوردستانیان دامەزراند، ئاواتی لە مێژینەی نەتەوەی کوردیان وەدی هێناو پێشەوای نەمریش وەك یەکەمین سەرکۆمار سوێندی خوارد کە تا دواین هەناسەو دواین تنۆکی خوێن. بەگیان و بەماڵ لەڕێی راگرتنی سەربەخۆیی و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان تێبکۆشێ. پێشەوای نەمر وەفادار بە سوێندەکەی مایەوەو گیانی خۆی پێشکەش بە گەل و نیشتمانەکەی کرد. بەوهۆیەشەوە مێژوویەکی پرشانازی بۆ گەلەکەی تۆمارکرد.

پێکهێنانی کۆماری کوردستان وەك یەکەمین ئەزموون، لە دەستپێکدا سەلماندی کە کوردستانیان دەست لە ئامانجی بەرزی نیشتمانی و بەدەوڵەتبوون هەڵناگرن و بۆ گەیشتن بە رزگاریی و سەربەخۆیی درێژە بەتێکۆشان دەدەن و بەرەو یەکبوون و یەکگرتنەوەی نەتەوەیی هەنگاو هەڵدەگرنەوە.

**مەکتەبە سیاسیی حیزبی رزگاریی کوردستان**

***

بە شانازی و سەرفرازیەوە، بەناوی مەکتەبی سیاسیی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، بەشداریتان دەکەین، لە رێورەسمی شەست وسێیەمین ساڵرۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد. بەو بۆنەوە سەری رێزو نەوازش بۆگیانی پاکی پێشەوا(قازی محەمەد و شەهیدانی کۆماری و هەمووشەهیدانی کوردستان دادەنوێنن و سووبوونی خۆمان لە سەر رێبازی ئەو شەهیدانە لە پێناو گەیشتنی بەهەموو مافە رەواکانی خەڵکی کوردستان لە ئازادی و سەربەخۆییدا رادەگەیەنن. لەم یادە پیرۆزەدا، جارێکی تر جەخت لە سەر یەکریزی و هاو خەباتی هەموو هێزە سیاسیەکانی کوردستان دەکەین بۆ بەدیهێنانی ئامانجە رەواکانی گەلی کوردستان.

**مەکتەبی سیاسیی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان**

***

بەبۆنەی ٦٣ یەمین ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد گەرمترین پیرۆزبایی لە ئێوەی خۆشەویست و سەرجەم خەڵکی کوردستان دەکەین. سەربەرزین بەبەشداربوونمان لەم بۆنە پیرۆزەدا کە رۆژی شانازیی هەموومانەو تاهەتایە یادی بەرزوپیرۆز ڕادەگرین. تەمەنی کۆمار هەرچەندە کەم بوو بەڵام دەرس و پەندی گەورەی فێر کردین کەگرینگترینیان پەرۆشی و فیداکاری سەرکردەو دروستکردنی سوپای ڕێکخراوو گرینگی دان بەزمان و دەیانی تر.

هیوادارین ئەم یادە هەمیشە بەرز ڕابگرین و لێکۆڵینەوەی زانستی زیاتر لە سەر بکرێ حیزبی دێموکراتی کوردستانیش کە ئاڵاهەڵگری ئەم کۆمارەو درێژەپێدەری ڕێبازی شەهیدەکانیەتی بە ئاوات و ئامانجە ڕەواکانی گەلەکەمان بگات.

**مەڵبەندی ٢٤ی رێکخستنی پشدەری یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان**

***

کاتێك کە سەیری لاپەڕەکانی مێژووی میللەتەکەمان دەکەین دەبینین پڕیەتی لە سەروەری کە جێگای خۆیەتی تاکی کوردی شانازیی پێوە بکات. لە هەمان کاتدا کارەسات و شکستی زۆر زۆر گەورەی بە خۆە دیوە کە نەبۆتە مایەی یەئس و دەست بەردان لە خەبات و بە خودان... نموونەشمان پێشەوا قازی محەممەدو هاوەڵەکانی بروەن کە بە خوێنی گەشی خۆیان نەخشەی کوردستانیان نەخشاند.

لێرەدا کە یادی ٦٣ ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان دەکەینەوە ناکرێ ئیشارەت بە دەورو خەباتی باوکی روحی نەتەوەی کورد نەکەین کە ئەویش جەنڕاڵ بارزانییە...کە دەورێکی شکۆدارو پڕ سەروەری دیوە لە دامەزراندن و پاراستنی ئەو کۆمارە... کاتی کە پێشەوا قازی محەممەد ئاڵای کوردستانی تەسلیم بە دەستی بارزانی کرد ئەوەتا بە ئەمانەتەوە لە سەر بەشێکی کوردستانی گەورەدا دەشەکێتەوەو خۆی لە دوو شوێنی پەرلەمان و حکوومەت و یاسا دادەنرێت. ئەرکی سەر شانی هەموو لایەکە کە پارێزگاری لەم دەسکەوتە بکات کە بە خوێنی هەزارەها شەهید هاتۆتە بەرهەم.

**پارتی دێموکراتی کوردستان / لقی ٢٤ی سەفین لێژنەی ناوچەی کۆیە**

***

مێژووی خەباتی ئازادیخوازی و رزگاریخوازی گەلی کورد پڕە لە رۆژی درەوشاوە و رەنگین کە یەکێك لەو رۆژە مێژوویی و درەوشاوانە ٢ی رێبەندانی ساڵی ١٣٢٤، کە تیایدا کۆماری کوردستان لە لایەن پێشەوا قازی محەممەد دامەزرا.

کۆماری کوردستان بەرهەمی زیاتر لە چل ساڵ خەبات و کۆڵنەدان و فیداکاری کەم وێنەی رۆڵەکانی کوردستان بوو.

**کومیتەی ناوەندی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران**

***

ئاشکرایە خەباتی رزگاری خوازی گەلی کوردستان چەندین هەورازو نشێوو وێستگەی گرنگی بڕیوە کەدەخوازێت لە هەمولایەك ژیرانە لە بەردەمیان بوەستین و هەڵوەستەیان لەسەر بکەین.

دامەزراندنی کۆماری مەهاباد بەر لەشەست و سێ ساڵ و لەسەر دەستی پێشەوا قازی یەکێکە لەو وێستگە مێژووییانەی جێگەی خۆیەتی بەشکۆداری یەوە یادی بکەینەوە و، پەندو ئامۆژگاری لێ وەربگرین.

**یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان مەکتەبی پەیوەندییەکان**

بەبۆنەی(٦٣ ) یەمین ساڵوەگەڕی ڕاگەیاندنی " کۆماری کوردستان" لە شاری مەهابادی کورد پەروەردا. گەرمترین و جوانترین پیرۆزبایی لە کوردستانیانی رۆژهەڵات و بەشەکانی تری کوردستان بە گشتی و حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تایبەتی دەکەین.

هیواخوازین ئەم یادە مەزن و مێژووییەی گەلەکەمان جێگای پەندو ئامۆژگاری بێت و سوود لە هەموو لایەنەکانی وەربگرین.

هەرشەکاوەبێت ئاڵای کوردستان

سەرکەوێ خەباتی ڕەوای گەلەکەمان

**مەکتەبی رێکخستن مەڵبەندی(١٤) ی**

**رێکخستنی کۆیەی یەکیەتیی نیشتمانی**

***

وێڕای ئەوەی ئەم یادە بۆتە رۆژێکی مێژوویی شکۆدار لە خەباتی نەتەوایەتی گەلەکەمان. دەسکەوتێکی یەکجار بە نرخ و گەشاوە بوو لە ماوەی حوکمیدا.نەتەوەی کورد مافی دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێت و وشیاری بەڕێوەبردنی ئیدارەی دەوڵەتیشی هەیە ئەویش لەوەدا دەردەکەوێت کە لە ماوەی کەمتر لە ساڵێك لە فەرمانڕەوایەتی کۆماری کوردستان لە هەموو بوارەکاند بەروپێش دەچوو. وە جگە لەمانەشە لە هەمووی گەورەتر لەو یادە ئەوەیە کە بۆ یەکەمجار ئاڵای کوردستان لەسەر دامودەزگا حکومیەکان بەرز کرایەوە بووە ئاڵای کوردستانی گەورە و جێی ئومێدی گەلانی کوردستان.

**پارتی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان**

**مەکتەبی پەیوەندییەکان**

***

بەناوی کۆمیتەی قەزای کۆیەی حیزبی شیوعیی کوردستانەوە. دەست خۆشیتان لێ دەکەین بۆ یاد کردنەوەی ئەو ڕۆژە پیرۆزەی کە گەلە ستەم دیدەکەمان بۆیەکەم جار لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پێشەوایەتی قازی محەممەدی نەمر ئاڵای یەکەم کۆماری کوردستانی هەڵ کرد. سەلماندی بۆ دوژمنان کە کورد توانای بەڕێوەبردنی وڵات و دەوڵەتی خۆی هەیە. ئەگەر دوژمنان گەلەکۆمەی لێ نەکەن. بەڵام حەیف و مخابن ئەو کۆمارە ساوایە بەدەستی ڕژێمی پاشایەتی و نۆکەری ئیمپریالیزم بە ساوایی خنکێنراو پێشەوا قازی محەممەدو هاوڕێکانی لە سێدارە دران.

بەڵام کورد کۆڵی نەداو بە هەزاران پێشمەرگەو خەباتگێڕ لە سەر ڕێبازەکەی پێشەوا قازی محەممەد بەردەوامن. بەو هیوایەین کە ڕۆژێك لە ڕۆژان وەکو کوردستانی عێراق، بەشەکانی دیکەش ئازادبن و هەوڵ بۆ یەکگرتنەوەی کوردستانی گەورە بدرێت...

**کۆمیتەی قەزای کۆیە حیزبی شیوعی کوردستان**

***

بە بۆنەی ٦٣یەمین ساڵرۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان پیرۆزبایی لە خۆمان و لە حیزبە تێکۆشەرەکەتان دەکەین، وەسازدانی ئەم مەراسیمە بۆ زیندوو راگرتنی ئەم یادە هەوڵێکی پیرۆز و نیشتمانپەروەرانەیە بۆ خستنە رووی سەروەرییەکانی گەلەکەمان.

**یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لقی کۆیە**

***

بەبۆنەی شێست و سێهەمین ساڵڕۆژی ٢ی ڕێبەندان، بە گەرمی پیرۆزباییتان لێ دەکەین و هیوادارین و دڵنیاین کە خەباتی دەیان ساڵەی خەڵکی ستەم لێکراویکوردستان لە پێناو ئازادی و بەدەست هێنانی مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆی دا پشت بەستن بەهێزی لەبن نەهاتووی جەماوەری خەڵکی ئەو وڵاتە بە ئاکام دەگات.

هەر شاد بن

**نوێنەرایەتیی کۆمەڵە**

**(رێکخراوی کوردستان حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)**

**لە کوردستانی عێراق**

***

بە ناوی لقی کۆیە و مەکتەبی سکرتاریەتی ژنانی کوردستان جوانترین و رازاوەترین پیرۆزبایی گەرم ئاراستەی حیزبی دیموکراتی کوردستان و سەرجەم خەڵکی کوردستان دەکەین .

ئەم یادە هەر بەرزوو پیرۆز بێت

**یەکێتیی ژنانی کورستان / لقی کویە**

***

بە بۆنەی یادی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد

گەمترین پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی گەلی کوردو حیزبی دێموکرات دەکەم هیوادارم کاروانی خەباتی رزگاریخوازی گەلی کورد لە سەر نەخشەو رێنماییەکانی پێشەوای سەرکردەو سومبولی خەبات و بەرخۆدان پێشەوا قازی محەممەد بەرەو قۆناغی بە دیهاتنی ئامانجەکانی رێ بکات و هیواو ئاواتەکانی شەهیدانی کوردستان بە دی بینێ.

پیرۆز بێ یادی ٦٣ ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە دووی رێبەندان دا.

**سوارە قەڵادزەیی**

***

یەکیەتیی ژنانو یەکیەتیی لاوان بەرهەمو دەسکەوتی بە نرخی کۆماری کوردستانن. گرنگیی ئەم هەنگاوە لەوە دایە ٦٣ ساڵ لەوە پێش کە لە سەرانسەری ئێرانو ناوچە دا تێگەیشتن لە مەڕ مەسەلەکانی ژنانو لاوان لە ئاستێکی ئەوتۆ دا نەبوو، ئەم دوو رێکخراوە سینفیو مەدەنییە دامەزرانو ئەمڕۆ وەك یەکەم هەنگاوەکانی خەباتی مەدەنیو سینفیی ژنانو لاوان بە شانازییەوە سەیریان دەکرێو باسیان لێ دەکرێ.

**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانو**

**یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان**

## درێژەی دەقی قسەکانی کاك خالید عەزیزی لە ڕێورەسمی ٢ی ڕێبەندان دا

بەشدارانی خۆشەویست! حیزبی دێموکراتی کوردستان وەك حیزبێك کە ئیفتخاری دامەزراندنی کۆماری کوردستانی پێ بڕا، ئەو ئیفتخارە ئەرك و مەسئولییەتیشی بۆ دادەنێ قەبوڵی ئیفتخارات ئیلزامات دروست دەکا، ئێمە وەك حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆنگرەی چاردەی خۆماندا بە پێداچونەوەیەك بۆ چۆنیەتی سیاسەت کردنمان لە رابردوودا و هەڵسەنگاندنێك لە ئایندەدا خوێندنەوەیەکمان لە داهاتووی ئێران کردووە. ئێمە لە هەموو پەیام و بۆچوونەکانی خۆمان دا لە هەموو مەیدانی دیپلۆماسی خۆماندا لە هەموو تەنزیم کردنی عیلاقاتی خۆمان دا لە گەڵ لایەنەکانی دیکە بە تایبەت لەگەڵ لایەنەکانی ئێرانی ئەو سیگناڵە شەفافەمان داوە ناردومانەو کاری بۆ دەکەین. ئێرانی داهاتوو چ بەشێوەی ئاڵوگۆر لەنێوخۆی دا دروست بێتەوەو یا ئەو حکوومەتە عاقڵ بێ و مەسئوول بێ و گوێرایەڵ بێ بۆ ویستی خەڵك، نابێتە ئێرانی رابردوو. مەبەست لە ئێرانی رابردوو چ بوو؟ ئێرانێك بوو لە سەردەمی شا بە لە پەراوێز خستنی نەتەوەکان بە تایبەت نەتەوەی کورد و ئێرانێکە لە سەردەمی حکوومەتی ئێستا دیسان بە ئیدامەی ئەو سیاسەتە بە بەشداری نەکردنی نەتەوەکان بە تایبەت نەتەوەی کورد لە سیاسەت دا بنەمای خۆی داناوە. ئێرانێك کە لە داهاتوو دا دروست دەبێ چ بە سوڵح دروست بێ کە ئەوە بەردی بناغەی سیاسەت کردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانە لە رێگەی دیالۆگ ومەنتیق و گفتوگو، چ بە شەر دروست بێ کە ئەوە ئێمە نین ئەگەر خەڵکی دیکە بیکا دەبێ ئێرانێك بێ لە سەر بنەمای رەعایەت کردنی هەموو تەنەوەعاتی سیاسی و فەرهەنگی ئێران دروست بێ، ئێرانێکی فرە نەتەوە بێ کە مانای وجوودی نەتەوەکانی جۆراوجۆر بە تایبەت بەشی کورد لەو ئێرانە دا دیار بێ، ئەگەر ئێران ئەوە نەبێ نابێ بەو ئێرانە کە کورد خۆی تێدا موتمەئین ببینێ و هەست بکا کە مافی پارێزراوە و ئەو ئێرانە نابێتە ئێرانێکی ئارام و موتمەئین. بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان زۆر شەفاف بە روونی ئەم پەیامەی هەم داوە بە حیزبەکان و سازمانە سیاسییەکانی ئێرانی لە ئاستی نێودەوڵەتی و نێونەتەوەیی و تا ئەو جێیەی نوێنەرانی ئێمە دەستیان بە کارو باری دیپلۆماسی دەگا رایانگەیاندووەو لە نێوخۆی وڵاتیش دا ئێمە تێکۆشاوین لە مەیدان و کوچەو کۆڵان و بازارو دانیشگاو شوێنی خوێندەواری ئێران ئەو پەیامەیان پێ رابگەیەنین ئێرانی داهاتوو دەبێ ئاوا دروست بکرێتەوە کە هەموو لایەك تێی دا بەشدار بن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان تێ دەکۆشێ جیاواز لەو ئەرکانەی کە بە نیسبەت رۆژهەڵات لە سەر شانێتی لە ئاست پارچەکانی دیکەی کوردستانیش تا ئەو جێگایەی بە لانی عەمەلی ئیمکانی سیاسی بۆ ئێمە گونجابێ تێبکۆشین لە دەرەوەو لە ژوورەوە بە تایبەت لە بوارە نێو نەتەوەییەکاندا کۆمەك بکەین بە کۆدەنگییەك، کۆمەك بکەین بۆ ئەوەی کە دنیای نێودەوڵەتی تا ئەو جێیەی پێوەندیی بە ئیمکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەیە تێگەیشتنێکی شەفاف و باش و واقعبینانەی لە مەسەلەی کورد بە گشتی هەبێ. ئێمە لە رابردووش دا هەوڵمانداوە بە گوێرەی توانای خۆمان ئەو ئەرکە لە ئاستی نێونەتەوەیی بە جێ بگەیەنین و لە ئایندەش دا حیزبی ئێمە تێدەکۆشێ کە ئەوانە جێبەجێ بکا. بۆ جارێکی دیکە لە لایەن کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پڕ بە دڵ بە خێرهاتنتان دەکەم و لە هەمان کاتیش دا هیوادارم کە بیرەوەرییەکانی داهاتووی رێز گرتن لە کۆماری کوردستان هەر چەند ئێمە لێرە لە بەشێکی رزگار کراو ئازادی وڵاتەکەمان ئەو بیرەوەرییە دەگرین و بە بەشداری هەموو لایەك ئەو بیرەوەرییە دەگرین و بە خۆشییەوە جەوهەری نەتەوەیی ئەو بیرەوەرییە لانی کەم لەو مەیدانە دا سنوری بەزاندووە، هیوادارم ئەو بیرەوەرییە لە ئایندەدا لە شارو گوندەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بگیرێ و ئەو شوێنەی راستەوخۆ کۆماری کوردستانی لێ دامەزرا بۆ جارێکی دیکە شاد بێتەوە بە دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان.

**هەر بەرز و بەرێز بی٘یادی سەرۆك کۆماری کوردستان پێشەوای نەمر قازی محەممەد ، پڕ رێبوار بی٘ریگای رزگاری کورد و رێگای کۆماری کوردستان، رێگای هەموو ئەو رێبوارانەی بۆ رزگاری نەتەوەی کورد و دامەزراندنی دێموکراسی کار دەکەن. گەلێك سپاس بۆ ئێوەش .**

# ئاوڕدانەوەیەك لە بەشێك لە پیلانەكانی ڕێژیمی ئیسلامی لە كرماشان

**(بەشی دووەم و کۆتایی)**

بەشی یەکەمی ئەم وتارەئاماژەیەک بوو بەمێژووی" شورای یاوری تهیدستان، (شیت )، حجتیەمهدوی و میثم تمار" و رۆڵی ئەو تاقمانەلەکوشت و بڕ و تۆقاندن، لەرۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتی و پارێزگای کرماشان بەتایبەتی.

لەم بەشەدا هۆکارەکانی خولْقانی ئەو گۆڕەپانەبەرینەبۆ تۆندئاژۆیی، پێکهاتەئایینییەکانی دانیشتوانی پارێزگای کرماشان و ناکۆکی و جیاوازییەکانیان، پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی و رۆڵی دوو بیرۆکەی ئیسلامی سیاسی، خاڵی بەهێز بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو پیلانانەلەگەڵ تێڕوانینێکی کورت.

بە سەرنجدان بەپێگەو جێگەی شاری کرماشان، بە تایبەتی لەباری مێژووییەوە، کەکۆنترین شوێنەوارەکان و ئاسەوارەکانی بەدرۆ ناسراوی( تحریف شدە) پارتەکانی (پارسەکان)لێ هەڵ کەوتۆە، ئەم پارێزگایەلەلایەن پانئێرانیستەکانەوە سەرمایەیەکی زۆری بۆ تەرخان کراوە،تاکوو هەستی نەتەوەیی تێدا لاواز بکرێ. لەسەرەتای دروست بوونی دەوڵەت- نەتەوە و یەکدەستکردنی گشت پێکهاتە نەتەوییەکان لەژێر ناوی ئێران و ئێرانی لەلایەن ڕەزاشاو کوڕەکەیەوە، بەسەدان کتێب لەلایەن مەزنیخوازەکانەوە بۆ ناساندنی ئەم سەرزەوییە وەک سەرزەویی پارس کەهەمان فارس بێ، چاپ و بڵاو کراونەتەوە. ئەمەبەنۆرەی خۆی تا ڕادەیەک شوێنەوارێکی نەرێنی لە سەر خەڵکی ئەم بەشە لە رۆژهەڵاتی کوردستان دانابوو و هێشتاش بەشێوەی پچڕپچڕ تا ڕادەیەک بەردەوامە. پاش شۆڕشی ٥٧ و بە دەسەڵات گەیشتنی مەلاکان، دوو دیاردەی فرەئاڵۆز و مەترسیدار یەکیان گرت و بارودۆخێکیان خولْقاند کەگۆڕەپانی رمبازێنی توندئاژۆیی گەیاندە خۆهەڵقورتاندن لەژیانی رۆژانەی تاک و کۆمەڵ. کاتێک پانئێرانیسمی مەزنیخواز بەهەموو پێکهاتەو تویژەکانیەوە تێکەڵ بەشیعیسمی دەمارگرژ بوو، خراپترین رۆڵی لە سەر پێکهاتەیان دانیشتوانی پارێزگای کرماشان گێڕا. لەکەس شاراوەنیەکە بە چەندین هۆ ئەم پارێزگایە ئاڵۆزترین ناوچەی ئەم چوارچیوەجوغرافییەیەکە بە (ئێران) دەناسرێ. یەکەم ئەوەی کەمەودایەکی دووروودرێژ سنووری دەستکردی لەگەڵ وڵاتی عێراق هەیەو بەدایم لەو سنوورانەشەڕ بەردەوام بووە. ئەمە بۆخۆی باردۆخێکی خولْقاندبوو کە گەورەترین دامەزراوەکانی سەرکوت، وەک پادگانەکان و هێزی لەشکری، دەسگا هەواڵدەری و سیخوڕییەکان، هێزەکانی ژاندارمەو سوپای پاسداران، هەم لەکاتی دەسەڵاتی حەمەڕەزاش و پاشانیش کۆماری ئیسلامی لەم پارێزگایە جێگیر بکرێن. دیارە ئەمە بۆخۆی لێکدانەوەی زۆر هەڵ دەگرێ و جێگای لەم وتارەدا نابێتەوە. دووهەم خاوەن چەندین کانگای ژێر زەوی و سرووشتییە کە رۆڵێکی بەرچاویان لەئابووریی وڵاتدا هەیە. سێهەم لەهەموو ئاڵوگۆڕەکانی سیاسیدا قورسایی تایبەتی خۆی هەبووەو لەزۆریەک لەئاڵوگۆڕەکانی هەرێمی و گشتیشدا رۆڵی گێڕاوە. بێجگەلەوانەش کەگرینگی تایبەتی خۆیان هەبووە، کوردستانی بوونی ئەم مەڵبەندە هێندەی دیکەش بارگرانی خستۆتەسەر و لێرەش هەم بۆ کورد وەک گەورەترین شار و دەوڵەمەندترین ناوچەی کوردستان بایەخی هەبووەو هەیە، هەم وەک بەشێک لەلاشەیەکی گەورەتر بە ناوی (ئێران). ئەگەر بمانەوێ ئایین و مەزهەبەکانیش وەک یەکێک لەو هۆکارانە بێنینەبەرباس، کەبێگومان رۆڵی نەرێنی خۆیشی هەبووەو هەیە، دەبێ پێناسەیەکی ئەوانیش بکەین.

**پێکهاتەئایینییەکان و رۆڵی ئەم ئایینانەلەم کۆمەڵگایەدا!.**

لەم مەڵبەندەدا چەندین پێکهاتەی ئایینی و کولتووری هەن کە بە دایم لە دۆخێکی ئاڵۆز وناکۆکیدا ژیاون. لەگەردەنەی ئەسەدئاواوە کەئێستا بەشێکەلەپارێزگای هەمەدان،تاکوو شارۆچکەخوسرەوی و سنووری دەستکرد کە مەوداکەی نیزیک بە٤٠٠ کیلومیترە، بەشێکی بەرچاوی دانیشتوانەکەی پێکهاتوە لە کوردەیارسانییەکان. دانیشتوانی شارو شارۆچکەکانی هەرسین و ئەسەدئاوا، کەنگەوەر و چەمچەماڵ، سەحنە و جوینئاوا، بێستون و کرماشان، کۆزەران و هارونئاوا و کرند، گاوارەو گوران، قەڵخانی و سەرپێڵی زەهاو، قەسریشیرین و سنجاوی، خوسرەوی و نەوتشار، لەگەڵ دەیان شارۆچکەو سەدان گوندی دیکەی ئەم مەڵبەندە یان تیکەڵاون، یان بەگشتی یارسانین. هەمووانیش دەزانن کە یارسانییەکان موسوڵمان نین و لەگەڵ فەلسەفەی بوونی کۆماری ئیسلامیدا لەناتەباییەکی یەکجار قووڵدان. لە کرماشانەوەبەرەو قازانچیو روانسەر، پاڵنگان وجوانرۆ، باینگان و پاوە و نەوسۆ، تازەئاوا و سەلاسی باوەجانی، سەرپیڵ و دەشتی زەهاو، قەسریشیرین لەگەڵ دەیان شارۆچکەو سەدان گوندی ئەم مەڵبەندە دیسان یان بە گشتی، یان تیکەڵاویکی پچڕ پچڕ، پیکهاتون لە کوردەکانی بەئایین موسوڵمانی سوننە. ئەمانیش لەباری ئایینییەوە نە لەگەڵ فەلسەفەی شیعیسم تەبان، نەش لەگەڵ یارسانییەکان. لەنەوتشارەوەبەرەوە گێلانی خۆرئاوا، قەسریشیرین و سەرپیڵی زەهاو، دەشتی بشیوەو قەلاشاین، سیەسیەو دەشتی هارونئاوا، دەشتی مایەشت و کرماشان، بێستون و سۆنقری کولیایی، هەرسین و تویسرکان، کەنگەوەر و ئەسەدئاوا لەگەڵ دەیان شار و شارۆچکەو هەزاران گوند، دانیشتوانەکی پیکهاتوون لەکوردەکانی بەئایین موسوڵمانی شیعە و لەزۆر جێگاش تێکەڵن. لێرەش فەلسەفەی وجودیی شیعیسم نەلەگەڵ یارسانییەکانی ناموسوڵمان و نەش لەگەڵ موسوڵمانەکانی سوننە، چ نێوانیکیان نیەو بەدایمیش لەئاڵوزی و مشتومڕدا بوون. ئیتر باسی زەردەشتییەکان، مەسیحییەکان، یەهودییەکان، بەهاییەکان، کەلیمییەکان و ئایین و ئایینزاکانی دیکەبەو بانەوەبمێنێ. لەتاریف دەربچێ مێژووی ئەم پارێزگایە پڕە لە پێکدادانی نێوان ئەم پێکهاتەئایینییانە. شەڕ و دووبەرەکی و بە دەیان رووداوی تاڵ متمانەی لەپێکهاتە ئایینیەکان سەندوەتەوە. ئەو رووداو و هۆکارانەهەرکامەو بەنۆرەی خۆیان شوێنەواری نەرێنییان لەسەر ئەم پیکهاتانە داناوەو تارادەیەکیش هەستی تۆڵە ئەستاندنەوە لەئارادا بووە.

بەڵام ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بێجگەلەو مەبەستانەش کە لە سەرەوەباس کران، ئامانجی دیکەشی لەبەهێزکردنی بناژۆخوازیی ئایینی لەکوردستان هەیە کە دەبێ ئاوڕی لێ بدرێتەوە. ئێمەدەزانین کەسەدانساڵەشەڕی دەسەڵات و ململانێ لەنێوان دوو بیرۆکەی لێکجیاوازی موسوڵمانانْدا لەئارادا بووە. ئەم بیرۆکانە ئێستا رواڵەتی ئایدۆلۆژی کۆنی گۆڕدراوەو وەک ئیسلامی سیاسی بۆتە ئەکتەرێکی ناسراوی گۆڕەپانی سیاسی، کە لەململانێیەکی خەست و خۆڵْدان. ئەم بیرۆکانە کە لەگەڵ رەوتی رووداوەکان پێیان ناوەتە قۆناخێکی نوێوە کە ناسینەوەیان گەلێک سانایەو لەم



بەهەستپێکردن بەو هۆکارە مەترسیدارانە کەپێشبینی کردنیان هێندەش هاستەم نین، دەگەینە ئەو ئاکامەکەهەم باوکی تاجدار و هەم باوکی مێزە، بیانووی دەرەکی و نێوخۆییان بۆ سەرکوت هەبووە.

**پیلانەکانی ئێستای ڕێژیم:**

کۆماری ئیسلامی بەهاندان و یارمەتی کردنی گرووپەکانی بناژۆخوازی ئایینی لە بەشێکی بەرچاوی رۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەتی لەپارێزگای کرماشان کە زیاتر موسوڵمانانی سوننە دەگرێتەوە، تەواوی تواناکانی خۆی خستۆتە گەڕ بۆ چەندین ئامانج. یەکەم مەبەستی ڕێژیم لەم پێوەندییەدا کە ستراتیژی دێتەبەرچاو، بەرەورووبوونەوەلەگەڵ هزر و بیری نەتەوەییە کە لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتی و پارێزگای کرماشان بە تایبەتی، ڕووی لەگەشەکردندایە. مەبەستی دووهەمیان رووبەروو کردنەوەی ئەو گرووپە بناژۆخوازانەیە نە لەگەڵ حیزب و رێکخراوەکانی کوردی کە رزگاریی نەتەوەیی- نیشتمانی، لەگەڵ دێموکراسی و سکولاریسمیان وەک بنەماکانی ژیانێکی ئارزوومەندانە هەڵ- بژاردوە. کەئەمەدەکرێ وەک تاکتیک حیسابیان لە سەر بکرێ. مەبەستی سێهەمیان پەرەپێدانی ناکۆکی و لە بەرانبەر یەک راگرتنی کوردەکانی شیعەو سوننی و یارسانییە، تاکوو پێشگیری بکەن لەنیزیک بوونەوەو هاوکاری نێوان ئەم پێکهاتانە کەهەموویان لەپانتاییەکی بەریندا یەک دەگرنەوە، کەئەویش پانتایی نەتەوەییە.

پێوەندیەشدا دەتوانین بە راشکاوی بڵێین کە ئێستا شەڕێکی ڕانەگەیاندراوی گشتگیر لەنێوان ئەم بیرۆکانەدا لەپەرەسەند دایە. واتە شیعیسم بە ڕێبەرایەتی مەلاکانی شیعە لە ئێران و سوننە بە ڕێبەرایەتی دەوڵەت و بناژۆ خوازەکانی سعودی. بەڵام مەبەستی سەرەکی ئەم دوو وتارە تەنیا بۆ ناساندنی گرووپە توند ئاژۆکان و دەستنیشانکردنی هۆکاری لاوازییەکان، جیاوازییەکان و ناتەباییەکانی کۆمەڵی خۆمان و رۆڵی دەسەڵاتی فاشیستی ئایینی و شۆڤینیستی مەزنیخواز نیە. لە راستیدا ئامانجی سەرەکیی ئەم وتارانە چوونە نێو قووڵایی ئەو دیاردەترسناکەیە کەهەر لەئێستاوە دەبێ بە دوور لەهەموو چەشنە دەمارگرژیەکی ئایدۆلۆژی، ئایینی یان سیاسی و ڕێکخراوەیی، چارەسەرێکی ژیرانەی بۆ بدۆزرێتەوە. بە سەرنجدان بە پیلانگێریی داگیرکەران و ئەو بۆشاییانەی نێو کۆمەڵگای خۆمان کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێ دراوە، دەبێ بێینەسەر ئەو بڕوایەکەهەر هەڵەیەک هەرچەند چۆکەش بێ، دەتوانێ بە نرخێکی گران لەسەرمان تەواو بێ. ئێمە لەو راستیە بە ئاگاین کە هیچ هێزێک نیە بتوانێ یەکگرتوویی ئایینی لەرۆژهەڵاتی کوردستان پێک بێنێ. چونکە فەلسەفەی ئەو ئایین و مەزهەبانە نە دەتوانن یەکتری قبووڵ بکەن، نە دەتوانن لەژێر چەتری ڕێکخراوێکی هاوبەشدا کۆ ببنەوە کە چاوەڕوانیی فتوایان لێ بکرێ. لێرەش مەبەست نەدرووشم دانە، نە توندئاژۆی

**ئێقبالْ سەفەری**

سیاسییە، نە لە ڕێشەدانی ئایینە. بەڵکوو ئەوە دانپێدانان بە مێژوویەکی راستەقینەیەو یەکێک لە نەکراوەکانی لانی کەم تا کۆتایی سەدەی ٢٣ ی زایینیە.

ئێمە وەک کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، ئەگەر نەتوانین ئەزموون لەو مێژووە خوێناوییەی ئەو گرووپە فاشیستی و ئایینییانەی پارێزگای کرماشان وەرگرین، خۆ بەلانی کەمەوە دەتوانین دەرسێک لە ڕووداوەکانی ئەم چەند ساڵەی وڵاتی عێراق و باشووری کوردستان وەربگرین. چونکە بەو پێناسەوە کە لە سەرەوە کردمان، بۆمان دەردەکەوێ کەپارێزگای کرماشان بۆ خۆی هیندوستانێکە. ئێستا کەئاماژەمانبە بەشێکی بەرچاو لە کێشەکانی کۆمەڵگای خۆمان داوە و ئەوەشمان روونکردۆتەوە کە بۆشایی بۆ دەستێوەردانی ناوەکی و دەرەکی لە ئارا دایە، بۆچی و بەچ مەبەستێک، بەتاقی کراوەکان جارێکی دیکەتاقی کەینەوە. لە کۆمەڵگایەکدا کە ناکۆکی و جیاوازییە ئایینیەکان گەورەترین زەبری مێژووی لەجەستەی داوەو ئاسەوارەکانیشی هەموو برینی وەناسۆر کەوتۆن، دروستکردن و دامەزراندنی ڕێکخراوی ئایینی چ مانایەک دەبەخشێ و بۆ چ مەبەستێک؟. ئەویش بە بیانووی ئەوەکە زۆربەی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان موسوڵمانن. جارێ بەر لەهەموو شتێک ئەو زۆربە موسوڵمانە وەک یەک بیر ناکەنەوەو جیاوازییەکانیان کەمتر لەجیاوازی نێوان مەسیحییەکان و یەهودییەکان نیە. بێجگە لەوەش ئەو زۆرایەتییە ناچێتە یانەی هەڵسەنگاندن و پەیمانە کردنەوە، کەوەک بنەما بخرێتە ستراتیژی ڕێکخراوی سیاسییەوە. کەوابێ دروستکردن و پاڵپشتی کردن لە دامەزراوەیەکی ئایینی ئەویش بۆ تویژیکی تایبەتی و لەناوچەیەکی دیاریکراوی کوردستاندا، نەک هیچ قازانجێکی بۆ ئەم کۆمەڵگا رەنگاو ڕەنگەنییە، بەڵکوو وەبیر هێنەرەوەی" شیت، حجتیەی مهدوی و میثم تمار"ە، بەڵام لە ژێر ناوێکی دیکەو لەکاتوساتێکی دیکەدا. بەڵام لەهەمان کاتدا، مافی بێ ئەملاو ئەولای ماموستایانی ئایینییە بەشیعەو سوننە، یارسانی و بەهایی، یەهودی و زەردشتی، کەلیمی و مەسیحییەوە کە دڵخوازانە سەندیکای تایبەت بەخۆیان هەبێ و داکۆکی لەمافەکانی تویژی خۆیان بکەن. هەروەک ئافرەتان، کرێکاران، خوێندکاران پارێزەران، بازاڕییەکان، تاکسیداران، و هتد. مکانیسم بۆ جەماوری کردنی خەبات، بەمەدەنی کردنی کۆمەڵگا، پەرەپێدانی دیموکراسی و چالاککردنی خەڵک لەژیانی رۆژانەیاندا، لەگرەوی بوونی بنکەو بنیادی مەدەنی و ئین جی ئۆکانی سەربەخۆ و دێموکراتیک دایە، نەک دامەزراندی ڕێکخراوی ئایینی.

لەوڵاتێکدا کەلەسیر تا پیازی کراوەتەئیسلامی و بنەما بۆ هەموو هەڵسوکەوتێکی رۆژانەی کۆمەڵگای ئێمە یاسای ئیسلامییە، ئیتر نهێنیکاریی ڕێکخراوی ئایینی بۆ چ مەبەستێک. ئەویش بەو تێڕوانینە ساکار و کلاسیکەوەکەلەناتەبایی دایە لەگەڵ رەوتی رووداوەکان و گەشەی هزر و بیری نەتەوەیی- نیشتمانی.

**خاڵی بەهێزی هەنووکە و پێشنیارێک، کەمەبەستی سەرەکی وتارەکەیە!.**

سەرەڕای بوونی ئەو کۆمەڵەخاڵەنەرێنی و لاوازانەکەلە سەرەوە ئاماژەیان پێ کراوە، خاڵێکی زۆر گرینگی هاوبەش و هیوابەخش لەهەردووک پارێزگای ئیلام و کرماشانگۆڕەپانی بۆ چالاکی سیاسی- کۆمەڵایەتی هەموار کردوە، بوژانەوەی هزری نەتەوەییە.سەرەڕای دنەو داڵدەدانی کۆماری ئیسلامی و خەرج کردنی بودجەیەکی زۆر بەمەبەستی دابڕاندنی هەرچی زیاتری خەڵکی کوردستان لەیەکتر، ئەو هەلپەرستییانەی ڕێژیم ئامانجی خۆی نەپێکاوەو پیلانی گەڵاڵەدانەران و تیئوریسیۆنەکانیان رۆژ لەدوای رۆژ بەرەو کز بوون و لاوازی زیاتر چووە. سەرەڕای تەرخان کرانی ئەو هەموو ئیمکاناتە پڕوپاگەندەیی و داراییە بۆ پەرەپێدان بەبەرزکردنەوەو داسەپاندنی زۆرەملی شیعیسمی تێکەڵ بەپانئێرانیست، خەڵکی پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام ڕێبازێکی دیکەیان هەڵ بژاردوەکە بەپێچەوانەی فەلسەفەی ویلایەتی فەقیهی کۆماری ئیسلامییە. ئەویش خۆناسینەوەیەلەچەمکی هزر و بیری نەتەویی و ئەو پانتاییە بەرینەیەکەهەموو پێکهاتەکان بەکەمینەو زۆرینەوە خۆیانی تێدا دەبیننەوەو زۆریش بەسانایی یەکتر دەخوێننەوە. ئەوەڕەوتێکە دەستی پێکردوەو دیاردە یان بابەتێک نیەکەکۆماری ئیسلامی لێ خافڵ بێ. هەر بۆیەشە کاربەدەستانی ڕێژیم بێکار دانەنیشتوون و پیلانی نوێیان بۆ لاوازکردنی ئەم هزروبیرە داڕشتۆە.

**تێڕوانینێک:**

بۆ بەرەنگار بوونەوە و پوچەڵکردنەوەی پیلانەکانی مێژەربەسەرانی تاران و نەیارانی دەرەکی، ئەرکی نیشتمانی هەموو شۆڕشگێڕانە بە تاک و بەکۆمەڵەوەکە سەرەڕای یارمەتی و ڕێنوێنی کردنی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ دامەزراندنی بنکەو بنیادی سەربەخۆ و دێموکراتیک، خۆیان لەو پانتاییەدا ببیننەوەو لەهەمان پانتایشدا خۆیان پێناسەبکەن. لەهەمان کاتدا دیسان ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەییانەکە بە دژی هەموو چەشنەلاکێشکردن و داردەست دروستکردنیکدا بچنەوەکە بەبیانووی زۆرایەتی و کەمایەتیی ئایینییەوە، جیاوازییەکانی نێو کۆمەڵگا بەهێند ناگرن.

لەیەک رستەدا، ئەگەر بمانەوێ جارێکی دیکە" شیت، ججتیەی مهدوی، میثم تمار" و پێشمەرگەی موسوڵمانان بۆ نەبنە ئەکتەری گۆڕەپانی سیاسەت و رمبازێن، دەبێ لەو پانتاییەبەرینەی نەتەوەییدا خۆمان ڕێک خەین کە گەلێک جیاوازلە کولتووری سیاسی و سیاسەتی لاسایی کردنەوەی کۆن.

# مستەفا شەڵماشی: حکوومەتی بەغدا کورد ناچار دەکا سەربەخۆیی رابگەیەنێ

دیمانە: کوردستان



کورد لە باشووری کوردستان لە دوای رووخانی رێژیمی بەعسەوە توانی گەلێك دەسکەوتی بەنرخ لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتی عێراق دا وەدەست بێنێ. بەڵام ئێستا دوای تێپەڕبوونی ٤ ساڵ بە سەر پەسندکرانی یاسای بنەڕەتی عێراقدا، هەرچەند بەشێك لە پرسە بنەڕەتییەکانی کورد کە لە یاسادا چەسپێندراون، بەو حاڵەش دەرەتانی جێبەجێ کردنیان بۆ نەڕەخساوە. جگە لەمانە تەنانەت سەرۆك وەزیرانی عێراق و هاوپەیمانەکانی دەیانهەوێ دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێم کەمرەنگ بکەنەوەو دەوری کورد لە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوەند دا لاواز بکەن. لەم دیمانەیەدا هەوڵ دەدرێ بە تیشك خستنە سەر کۆی ئەم گرفتانە لەگەڵ مستەفا شەڵماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان دوورە دیمەنێك لە پێوەندییەکانی کورد لە عێراق بخەینەڕوو

**وەك دەبینین لەم دوایانەدا جۆرێك لە گرژی و ئاڵۆزی لە پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق هاتۆتە ئاراوە، جگە لەو کێشە هەڵپەسێراوانەی کە هەر لە سەرەتاوە هەبوون، کۆمەڵێك کێشەی دیکەش سەری هەڵداوە بە جۆرێك حکوومەتی بەغدا بە جێگەی ئەوەی کە یارمەتیدەر بێ بە پێشکەوتن و گەشەکردنی هەرێم، لە کردەوەدا کۆسپی بۆ دەنێتەوە. بە سەرنج دان بەو دۆخە بە گشتی ئاسۆی پێوەندییەکانی ئەم دوو لایەنە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

- پێوەندی حکوومەتی عێراق و حکوومەتی هەرێم بە سێ فاکتەری سەرەکییەوە بەستراوەتەوە. یەکەم فاکتەر و گرینگترینیان یەکگرتوویی گەلی کورد بەگشتی و پارتە سیاسیەکان بە تایبەتییە. دووەم فاکتەر سەقامگیر بوونەوە و بەهێز بوونەوەی دەوڵەتی ناوەندییە. و سێهەم فاکتەریش هێزە دەرەکیەکانن، بە تایبەت ئەمریکا و ئێران.

گومان لەوەدا نییە هەتا گەلی کورد یەکگرتووتر و بەهێزتر بێ، لە بەغدا مەجبوورن زۆرتر حیسابی بۆ بکەن و داواکانی قەبووڵ کەن. بە پێچەوانەشەوە، هەر چەندە کورد بە لاوازتر بزانن، ئەوەندش لە بەڵێنیەکانیان پاشگەز دەبنەوە. هەروەها چەندە خۆیان بە بەهێز بزانن ئەوەندە هەوڵ دەدەن لەمپەر بخەنە بەردەم پێشکەوتن و گەشەکردنی هەرێمی کوردستان.

بۆ فاکتەرە دەرەکییەکانیش، مانەوەی هاوپەیمانان و بە تایبەت ئەمریکا، بە فاکتەرێکی ئەرێنی مەزەندە دەکرێ بۆ چەسپاندنی ئەو مافانەی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق دا لە یاسای بنەڕەت دا گونجێندراون. بەڵام زیاد بوونی نفووزی کۆماری ئیسلامی بە پێچەوانەوە، هاوپەیمانەکانی ئێستای هەرێمی کوردستان کە زۆرتر رێکخراوە شیعەکانن، دژی هەرێمی کوردستان هان دەدا.

**ئێستا لە نێو سەرکردایەتی کورد وەکوو ئاڵتێرناتیو زۆر باس لەوە دەکرێ کە کورد پێویستە بە هاوپەیمانێتییەکانی لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان دا بچێتەوە. چەند رۆژ لەمەوبەر دوکتور رۆژ نووری شاوەیس نوێنەری سەرۆکی هەرێم لە بەغدا هاوکات لە گەڵ پێداگری لە سەر ئەم بابەتە وتی کە لایەنە عێراقییەکان کە لە دەرەوەی دەسەڵات دەبن زۆر لێمان نزیك دەبنەوە، بەڵام کە چوونە نێو دەسەڵاتەوە پشتمان تێ دەکەن. لەوەها دۆخێکدا پێت وایە گۆڕینی هاوپەیمانێتییەکان لەم قۆناخەدا بۆ کورد وەڵامدەر بێ و لەم رێگەیەوە بتوانێ بەشێك لە کێشە چارەنووسازەکانی یەکلایی بکاتەوە؟**

- هەروەك لە پرسیاری پێشوودا وتم، فاکتەری هێز، کاریگەرییەکی زۆری هەیە. بۆیە کورد پێویستە لە مامەڵە لەگەڵ هێزە عێراقییەکان دا ئەوە لە بەر چاو بگرێ. نابێ بە هێندێك قسەی جوان و بەڵێنی ئۆپۆزیسیون فریو بخوا. پێویستە هاوپەیەیمانەتی لە سەر بناغەی رێککەوتنی رەسمی و دۆکومێنتی دابمەزرێنێ و کاتێك لەگەڵ حیزبێکی عێراقی ببێتە هاوپەیمان، کە ئەو حیزبە مافەکانی گەلی کوردو چوارچێوەی جوغرافیایی کوردستان قەبوڵ بکاو ئەوەش لە پەیماننامەیەکدا ئیمزا بکا.

**بە گشتی لە ئەگەری چارەسەر نەکرانی ئەم کێشانەو هەروەها ئەگەر بێتوو لایەنە عەرەبەکان هەروا بەردەوام بن لە کۆسپ نانەوە بۆ کورد ئێوە پێتان وایە چ ئاڵتێرناتیوێك لە بەر دەم کورد دایە کە بتوانێ بە سلامەتی لەم دۆخە دەرباز بێ؟**

ـ هێزە کوردییەکان پێویستە بگەڕێنەوە بۆ هێزو تواناکانی گەلی خۆیان. لە کوردستان دەبێ کار بکرێ بۆ رێکخستن و ئامادەکردنی گەل بۆ قۆناغی بەرگری. بەداخەوە لە ماوەی ساڵانی دوای رووخانی رێژیمی سەدام دا زۆر کەم سەرنج دراوەتە خۆ رێکخستن بۆ بەرگری و زۆرتر گرنگی دراوە بە هاوپەیمانی لە عێراقدا و هاوپەیمانی لەگەڵ هێزە دەرەکییەکان. مەسەلەیەکی دیکە کە بەداخەوە پشت گوێ خراوە، هێزی نەتەوەییە. جێگای خۆیەتی هێزەکانی باشووری کوردستان گۆشەیەك بۆ هێزی بەرگری نەتەوەیی بکەنەوەو لە رێگای هێزە کوردستانییەکانی هەموو پارچەکانی کوردستانەوە، کارێکی وا بکەن لە رۆژی تەنگانەدا، هێزی لە بن نەهاتوی نەتەوەی کورد بۆ پاراستنی ئەو دەسکەوتانەی لە بەشێك لە نیشتمانەکەمان بە دەست هاتوون بکەوێتە کار.

جگە لەوەش پێویستە کار بکرێ بۆ کەڵك وەرگرتن لە فاکتەرە دەرەکی و عێراقییەکان.

**لەم دوایانەدا هێندێك لە بەرپرسانی کورد بە ئاشکرا رایانگەیاندوە کە هێندێك لایەنی عێراقی هەوڵ دەدەن کە کورد پەلکێشی شەڕێکی نەتەوەیی بکەن. ئەمە لە کاتێکدایە کە دەوترێ کورد لە مێژووی ٨٠ ساڵەی دەوڵەتی عێراقدا هیچ کات ئەوەندە بە هێز نەبوە. بە رای ئێوە هەڵگیرساندنی وەها شەڕێك بە دژی کورد دەتوانێ چ ئاکامێکی لێ بکەوێتەوە؟**

ــ بێگومان هەڵایسانی شەڕ ئاکامی باشی لێ ناکەوێتەوە، نە بۆ عێراقییەکان و نە بۆ کوردستانییەکان. بۆیە پێویستە هەتا ئەو جێگایەی کە دەکرێ لە دیپلۆماسی کەڵك وەرگیرێ بۆ چارەسەری کێشەکان بە شێوەیەکی سیاسی. هەر لەو کاتەدا لایەنی کوردی پێویستە خۆی بۆ هەر ئەگەرێك ئامادە بکا.

**ئەگەر شەڕێکی وا بێتە ئاراوە، پێتوایە هەڵوێستی هاوپەیمانان و لە سەرووی هەموویانەوە ئەمریکا چی دەبێ، بە تایبەت کە حکوومەتی نوێی ئەمریکا بە جیددی کار بۆ کشانەوەی لانی کەم بەشێکی زۆر لە هێزەکانی لە عێراق دەکا؟**

- هەڵایسانی شەڕ لە نێوان هێزە عێراقییەکاندا، بەر لە هەموو شتێك لەتمە لە ستراتیژی و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەدا.

# هاوپەیمانان دەبێ ئەو راستییە بزانن کە ئەگەر دەوڵەتی بەغدا سەرەڕای ئەو هەمووە هەوڵەی کورد بۆ دروست کردنەوەی عێراق، هێرش بکاتە سەر کوردستان، ئەوا کورد هیچ رێگەیەکی نامێنێ جگە لە راگەیاندنی سەربەخۆیی

عێراقێکی سەقامگیرو بێ کێشە رێگا خۆش دەکا بۆ وەدیهاتنی ئەو ئامانجانەی ئەمریکا شەڕی عێراقی بۆ کرد. بە پێچەوانەش ئەمریکا لە عێراقدا بە تەواوی شکست دەخواو هێزە دژبەرەکانی ئەمریکا، بە تایبەت کۆماری ئیسلامی و تێرۆریستان کەڵکی لێ وەردەگرن. بۆیە بە بۆچوونی من ئەمریکا ناتوانێ رێگا بدا شەڕی نێوخۆیی لە عێراقدا هەڵگیرسێ.

**زۆر جار باس لەوە دەکرێ کە ئەگەر شەڕێکی نێوخۆیی بێتە گۆڕێ ئەوا کورد هەوڵ دەدا کە سەربەخۆیێ خۆی رابگەیەنێ لە وەها حاڵەتێکدا هەڵوێستی وڵاتانی دراوسێ و هەروەها هاوپەیمانان چۆن دەبێ؟ هەر لە بنەڕەت دا پێت وایە کورد لەم قۆناخەدا وەها ئاڵتێرناتیوێك لە بەردەم خۆیدا دا نابێ؟**

- ئەگەر دەوڵەتی عێراق هێرش بکاتە سەر کوردستان، حکوومەتی هەرێم ناچار دەبێ سەربەخۆ کار بکا. لە راستیدا حکوومەتی بەغدا کورد ناچار دەکا سەربەخۆیی رابگەیەنێ. بێگومان هاوپەیمانانیش دەبێ ئەوە بزانن کە کورد لە هەلوومەرجێکی ئاوادا هیچ چاری نامێنێ. چونکە کورد هەموو هەوڵی خۆی دا بۆ دروست کردنەوەی عێراق، بە هومێدی ئەوەیکە لە چوارچێوەی عێراقی تازەدا، مافە رەواکانی بچەسپێنێ. باشە ئەگەر دەوڵەتی عێراق سەرەڕای ئەو هەموو هاوکارییەی کورد، دیسانیش هێرشی بکاتە سەر، چ رێگایەك دەمێنێ؟

دیارە لە ئەگەری راگەیاندنی سەربەخۆیی دەکرێ هەڵوێستی وڵاتانی دراوسێ، بە تایبەت ئەوانەی کوردستانیان بە سەردا دابەش کراوە، پێش بینی بکەین. هەڵوێستی ئەوان دژایەتی کردن لەگەڵ سەربەخۆیی ئەو بەشە لە کوردستان دەبێ. جا ئەو دژایەتی کردنە بە چ شێوەیەك دەبێ، دیارە زۆر سەناریۆ لە ئارا دان کە پێوەندیان بە هەڵوێستی هاوپەیمانان و بە تایبەت ئەمریکاوە هەیە. هەڵویستی ئەمریکاش دەکرێ لە چەند قۆناغدا ببینین. قۆناغی یەکەم ئەوەیە کە پێش بە شەڕێکی ئەوتۆ بگرن و هەوڵ بدەن یەکیەتی گەلانی عێراق لە چوارچێوەی سیستمی فیدراڵیدا، بە لەبەر چاو گرتنی ویستەکانی گەلی کورد بپارێزن. کە ئەوەیان ئاقڵانەترین هەڵوێستەو لە

هەموو گوزینەکانی دیکەش زۆرتر بە قازانجی هاوپەیمانان و بە قازانجی هەموو گەلانی عێراقیشە. بەڵام ئەگەر شەڕ بێتە ئاراوە دیسان چەند سیناریۆیەك هەیە. بێ لایەن بن و هەوڵی راگرتنی شەڕو پاراستنی فیدرالییەت بدەن. یا لایەنێك بگرن. کە لە حاڵی حازردا زۆرتر وێدەچێ گوزینەی یەکەم هەڵبژێرن و هەوڵ بدەن لایەنەکانی کێشەکە هان بدەن بۆ رێککەوتن.

**مانەوەی هاوپەیمانان و بە تایبەت ئەمریکا، بە فاکتەرێکی ئەرێنی مەزەندە دەکرێ بۆ چەسپاندنی ئەو مافانەی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق دا لە یاسای بنەڕەتیدا گونجێندراون. بەڵام زیاد بوونی نفووزی کۆماری ئیسلامی بە پێچەوانەوە، هاوپەیمانەکانی ئێستای هەرێمی کوردستان کە زۆرتر رێکخراوە شیعەکانن، دژی هەرێمی کوردستان هان دەدا.**

**جێگای خۆیەتی هێزەکانی باشووری کوردستان گۆشەیەك بۆ هێزی بەرگری نەتەوەیی بکەنەوەو لە رێگای هێزە کوردستانییەکانی هەموو پارچەکانی کوردستانەوە، کارێکی وا بکەن لە رۆژی تەنگانەدا، هێزی لە بن نەهاتوی نەتەوەی کورد بۆ پاراستنی ئەو دەسکەوتانەی لە بەشێك لە نیشتمانەکەمان بە دەست هاتوون بکەوێتە کار.**

# تەکووزیی نوێی جیهانی و سەرلێشێواویی حیزبە کوردستانییەکان

بەشی یەکەم

ئارام ئیبراهیم خاس

"سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبر لە رووسیە بۆ هەمووان خێری دایەوە بۆ کورد نەبێ، رمانی (سۆڤیەت)یش بۆ هەمووان خراپ بوو بۆ کورد نەبێ". (پرۆفسۆر دوکتور کەماڵ مەزهەر) رووخانی دیواری بێرلین، هەرەسهێنانی یەکیەتیی سۆڤیەت و شەڕی کەنداو، خاڵەکانی وەرچەرخانێکی هەرە مەزن بوو کە مێژووی مرۆڤایەتی بە تایبەت لە گۆڕەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا. تا ئەو کاتە مێژوو بە خۆیەوە نەبینیبوو، زلهێزێکی مەزنی وەك سۆڤیەت بێ جەنگ و کوشتارو بە کارهێنانی هێز هەرەس بهێنێ، بە رووخانی دیواری بێرلین شەپۆلی دێموکراسی و لیبرالیزم بەربەستێکی لە پێش نەما، بەستەڵەکی شەڕی سارد توایەوەو مەترسی شەڕی ئەتۆمی تا رادەیەکی زۆر کەم بووەوە، هەر لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی (ویلسۆن) سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا مەسەلەی دامەزراندنی سیستمێکی نوێی جیهانی وروژاندبوو. ئەو تەکووزییە لە پاش تەواو بوونی شەڕی سارد لە لایەن ئەمریکاوە پیادە کرا. لە دوای هەرەسی یەکە زلهێزی سۆسیالیستیی دونیاو هەرەسی بەرەی رۆژهەڵات لە رەوتی شەڕی ساردا، سیستمێکی نوێی جیهانی لە سەر بنەمای لیبرالیزم و ئابووریی بازاڕی ئازاد هاتە کایەوە. سیستمی نوێی جیهانی لە سەر چوار کۆڵەکە راوەستاوە کە بریتین لە:

١- دێموکراسی
٢- کەرتی تایبەت
٣- دەستتێوەردانی مرۆیی
٤- پلۆرالیزمی سیاسی

ئەو سیستمە تەواوی پێوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی جیهانی خستە ژێر کاریگەری و سێبەری ئۆتۆریتەی خۆی. هەرچەند باس لەوە دەکرێ ئێستا سیستمێکی یەك - چەند جەمسەری بوونی هەیە کە ئەمریکاو هاوپەیمانە ئابووری و سیاسییەکانی ئەو وڵاتەو وڵاتانێکی وەك چین و رووسیە تێیدا بەشدارن. بەڵام ئەمریکا لەو نێوەدا وەك نوێنەری هەرە بەهێزی ئەو سیستمە وەك ئیمپراتۆریی سیاسی - ئابووریی جیهان خۆی نواندووەو لق و پۆپە سەرەکی و پەراوێزییەکانی دنیای سەرمایەداری وەك: یەکیەتیی ئۆرووپا، ژاپۆن و وڵاتانی G8 وەك هاوپەیمانە بەهێزەکانی ئەو سیستمە نوێیە، بازاڕی ئابووریی جیهان و پێوەندییە دیپلۆماسی و نێونەتەوەییەکانیان خستە ژێر رکێفی خۆیان و تەنانەت هێندێك وڵاتی ئیدیۆلیزە کراوی وەك چین سیاسەتی دەرگا ئاوەڵا ئابوورییەکان (درهای باز اقتصادی)یان رەچاو کردو بیرمەندێکی وەك فرانسیس فۆکۆیاما لەو بارەیەوە تێزە بە ناوبانگەکەی بە ناوی کۆتایی مێژوو نووسی کە تێیدا کاپیتالیسم وەك دوا قۆناغی رەوتی رەخسکانی کۆمەڵ ناودێر دەکا.

کورد لە سەردەمی شەڕی سارددا هەموو کاتێك وەك کارتێك لە لایەن بەرەی سەرمایەداری و بەرەی سۆسیالیستی گەمەی پێ کراوەو یەکێك لە گەورەترین دۆڕاوانی گۆڕەپانی شەڕی سارد بوو. لەم بارەیەوە دەتوانین هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان وەك نموونە وەبیر بێنینەوە. بەڵام شەپۆلی چەمکگەلی وەك، داکۆکی لە مافی مرۆڤ و دێموکراسی و ... هتد کە شوێنی دەستەواژەکانی ئەدەبیاتی سۆسیالیستییان گرتبۆوە، بۆ کورد هەڵگری ئەو پەیامە بوون کە چیدیکە پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی ناڤین ناکەوێتە نێو گەمەی سیاسیی دوو بلوکی بەهێزی سەرمایەداری و سۆسیالیستی و، تەنانەت بە رمانی سۆڤیەت وڵاتگەلی داگیرکەری کوردستان لە رووی ئیستراتیژییەوە ئەو بایەخەی جارانیان لە لای بەرەی رۆژئاوا نەما. لەو نێوەدا یەکەم دەسکەوتی سیستمی نوێی جیهانی بۆ کورد دامەزراندنی دەوڵەتێکی دیفاکتۆی کوردی لە باشووری وڵاتەکەیدا بوو. سیستمی یەك جەمسەری رێگا چارەیەکی دیکەی پێ نیە جگە لەوە کە لە سەردەمی دەسەڵاتی رەهای سەرمایەداری و شۆڕشی ئەنفۆرماتیکدا، ئاڵوگۆڕێکی قووڵ بە سەر بنیات و بیری بزووتنەوەی گەلانی ژێردەستی دنیاو یەك لەوان بزاڤی ناسیۆنالیستی حەقخوازانەی نەتەوەی کورددا بێ. ئەوە بە واتای بەستراوەیی (Dependency) ئەو بزاڤە نیە، بەڵکوو نوێبوونەو راهاتنە لەگەڵ سیستمێك کە لە دوای شەڕی سارد هەموو گۆشەو کەناری جیهانی تەنیوەو کوردیش وەك خۆی وێڕای فاکتەری نێوخۆیی بۆ سەرکەوتنی شۆڕش، پێویستی بە فاکتەری دەرەکی هەیە کە وەك میکانیزمێك کەڵکی لێ وەربگرێ و بتوانێ چەشنە رەواییەکی نێودەوڵەتی و نێونەتەوەیی بە بزووتنەوە رزگاریخوازانەکەی بدا هەر وەك ئەوەی لە باشوور کراو ئاکامی ئەرێنی لێ کەوتەوە دیارە تێپەڕ بوونی کات ئەمەشی سەلماند کە بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی رۆژئاوا دەتوانێ زۆرجار وەك شمشێرێکی دووەم بەرامبەر بە بزووتنەوەی رەوای گەلی کورد کارتێکەری هەبێ، هەر وەك دەبینن لە پارچەیەکی کوردستان (باشوور) پێوەندییان بە کوردەوە هەیە، بەڵام بزاڤی بەشی هەرە مەزنی کوردستان (باکوور) لە لایەن رۆژئاواییەکانەوە بە بزاڤێکی تیرۆریستی لە قەڵەم دەدرێ.

لە دوایی باسەکەدا چوار (طیف فکری موجود) لە نێو حیزبە کوردستانییەکانی لە حاڵی شۆڕش لە باکوورو رۆژهەڵاتی کوردستان و چۆنیەتیی هەڵوێست و خۆگونجاندانیان لەگەڵ کەش و هەوای خولقاوی دوای شەڕی سارد دەخەینە بەر باس . بە گشتی حیزبە کوردستانییەکان خاوەن پێکهاتەیەکی سۆڤیەتی و ئیستالینین و زۆربەیان لە سەرەتای دامەزرانیانەوە کەوتوونە ژێر کاریگەریی گوتاری چەپی ئەو سەردەمە، بەڵام بە پێی ئاڵوگۆڕەکان و بارودۆخی ئێستای حیزبە کوردستانییەکانی لە باکوورو رۆژهەڵات (کە لە حاڵی شۆڕش دان) دەتوانین ئاماژە بە چوار دەستە بکەین کە بە شێوازی جۆراوجۆر هێشتاش لەو کەش و هەوایەی جیهانی دوو جەمسەری دەژین نەیانتوانیوە خۆیان لەو پارادۆکسەی کە تووشی هاتوون رزگار بکەن:

١- چەپی نەتەوەیی لە باکوور
٢- چەپی رادیکال لە رۆژهەڵات
٣- چەپی میانەڕەو لە رۆژهەڵات
٤- چەپی راستگەرا لە رۆژهەڵات

**١) چەپی نەتەوەیی لە باکوور:**

نوێنەری بەهێزی ئەو دەستەیە لە باکوور pkkیە کە وەك چەپی نەتەوەیی سەری هەڵ داو بەستێنی سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە سەر گەشەی سەرمایەداری لە تورکیەو دواکەوتوویی باری ئابووریی باکووری کوردستان و ئەو ستەمە نەتەوەییە کە لەوێ بە شێوەیەکی کارەسات خولقێن لە ١٩٢٠و بگرە پێشتریشەوە بوونی هەبووە. Pkk وەك رێکخراوێکی هەڵگری ئایدیۆلۆژی وەك یەکێك لە بەهێزترین رێکخستنەکانی تەشکیلاتی و نیزامی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد لە باکوور سەری هەڵ داو خاوەن گوتارێکی چەپە، چەپێك کە هەوڵی خۆماڵی کردنی سۆسیالیزم دەداو چاو لێکەری لە شۆڕشی وڵاتێکی وەك ڤیتنام دەکاو ئاپۆ لەوێ دەبێتە، (هۆشی مینە)ی باکوور کە بۆ یەکەم جار لە کوردستان سۆسیالیزم دەخاتە خزمەت ناسۆنالیزمەوە. pkk لە سەرەتای دامەزرانیەوە تا ئێستا بە پێداگری لە سەر بنەمای ئینتێرناسۆنالیزمی کۆمۆنیستی تەنانەت ژمارەیەکی بەرچاو لە گەنجانی تورکی بۆ لای خۆی راکێشاوە کە بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە گرووپی ئیدیۆلۆژی، کەماڵ پیرو حەقی قەرار بکەین کە بە رەچەڵەك تورك بوون.

بەردی بناغەی pkk لە چوبوك لە ئانکارا (١٩٧٣) دامەزرا کە دواتر لە ساڵی ١٩٧٨ لە کۆنگرەی یەکەمی pkk لە گوندی (Fis) فیس ناوی pkkی لێ نرا. Pkk وێڕای چەپ بوونی، گوتارێکی تۆخی نەتەوەیی بە سەر راگەیاندن و ئەدبیاتیدا زاڵە، کە دەتوانین هۆیەکەی بگەڕێنینەوە سەر ئەوە کە ئۆجەلان لە مانیفێستی شۆڕشی کوردستان باس لە دوو قۆناغی شۆڕش و رزگاریی نیشتمانی دەکا کە بریتین لە:

١ـ شۆڕشی نەتەوەیی و خەباتی چەکداری بۆ سەربەخۆیی کوردستان.

٢ـ شۆڕشی سۆسیالیستی بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی بێ چین و دابینکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی.

ئیدیۆلۆژی pkk بارێکی چینایەتی - نەتەوەیی پێوە دیارەو لایەنی چینایەتی بە رادەی لایەنی نەتەوەیی گرینگیی پێ دەدرێ. ئەم رێکخراوە هەر لە سەرەتاوە دیاریکردنی مافی چارەنووس و سەربەخۆیی کوردستان وەك ستراتیژی خۆی دیاری دەکا، بەڵام هەر وەك باسم کرد pkkی لە دایك بوو لە نێو قەیرانەکانی کودیتا سەربازییەکانی وڵاتێکی میلیتاریستیی ئەندامی ناتۆ وەك تورکیەو بەرهەمی دەورانی جیهانی دوو جەمسەری هەموو کات دژ بەو بەهاو نۆرمانە راوەستاوە کە لە لای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بایەخدار بوون و ئێستاشی لەگەڵدا بێ خۆی بە هێزێکی سۆسیالیستی دژە ئەمپریالیزم دادەنێ. هەر وەك ئۆجەلان دەڵێ: "خەباتی من بەو هۆیە نیە کە من کوردم، بەڵکوو لە بەر ئەوەیە کە من سۆسیالیستم، بەو هۆیەش کوردستانم بۆ تێکۆشان هەڵ بژاردوە، چون پێم وایە کوردستان کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتییەو کورد یەکێك لە ئازار چێشتووترین نەتەوەکانی ئەم جیهانەیە".

شەپۆلی چەمکگەلی وەك، داکۆکی لە مافی مرۆڤ و دێموکراسی و ... کە شوێنی دەستەواژەکانی ئەدەبیاتی سۆسیالیستییان گرتبۆوە، بۆ کورد هەڵگری ئەو پەیامە بوون کە چیدیکە پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی ناڤین ناکەوێتە نێو گەمەی سیاسیی دوو بلوکی بەهێزی سەرمایەداری و سۆسیالیستی

## پەیڤ

# رادیۆ کەڵکی نەماوە؟

محەممەد عەزیزیان:

لە رۆژگاری ئێستادا کە بە چاخی پێوەندی و زانیاری ناودێرکراوە، بەشێکی زۆر لە کار ناسانی ئەو بوارە هەوڵ دەدەن تاوەکوو سەرلەنوێ تەکووزییەك بدەن بە شێوازی گەیاندن. زانیاری و ئاگایی بەجەماوەرو هاوکات لەگەڵ پێشکەوتنی زانستەکانی دیکەدا، ئەم زانست و تێکنیکەش، کاریگەری و گرینگیی پێگەی، شایانی خۆی بە دەست بێنێتەوە. هیچ گومانێك لەوەدا نیە کە هۆکاری ئەم ناودێر کردنە دەگەڕێتەوە بۆ پێشکەوتنی سەرسوڕهێنەری تێکنۆلۆژی و ئامرازەکانی گەیاندنی زانیای کە هەوڵ و زانیارییانە لە کەمترین ماوەدا و بە خێراییەکی لە رادەبەدەر دەگوازنەوە بۆ سەرانسەری جیهان.

لە راستی دا گەیاندنی زانیاری و هەواڵ بە هۆی پێشکەوتنی زانستە جیاوازەکانەوە، خێرایی و وردبینییەکی زیاتری وەدەست هێناوە، کە لەگەڵ شێوازە نەریتییەکەی راگەیاندن بە هیچ شێوەیەك بەراود ناکرێ. لەم دۆخەی ئێستادا لە پێوەندی لەگەڵ گشت پرسە گرینگەکانی جیهانن، گەورەترین ئەرکی گەیاندنی زانیاری و هەواڵ لە سەر شانی راگەیەنە گشتییەکانە. پەرەگرتنی رۆژلەرۆژ زیاتری کاناڵە مانگیلەییەکان، رۆژنامەو ناوەندەکانی دەنگ و باس، گرینگی رۆلی راگەیەنە گشتییەکانیان لە گەیاندانی زانیاری و هەواڵدا بۆ دەردەخەن. پێگەو دۆخی راگەیەنەکان و متمانەی بەردەنگەکانیان گەیشتوتە رادەیەك کە، هێندێك جار هەواڵی چەواشە کراو و تەنانەت هەواڵی زۆر گرنگی وەکوو بابەتێکی ئاسایی و رۆژانە باسی لێوە دەکرێ. لەم رووەوە رۆڵی راگەیەنەکان لە لایەنی گەیاندنی زانیاری و هەواڵەوە زۆر چارەنووسسازە، بە چەشنێك کە لە بردنەسەری ئاستی فەرهەنگی و ئاستی تێگەشتنی کۆمەڵگەدا زۆرترین رۆڵیان هەیە.

لەم نێوەشدا گرنگترین ئامرازەکانی راگەیاندن و پێوەندیی گشتی و پرۆپاگەندە کە دەتوانێ زۆرترین کاریگەری لە سەر توێژە جۆراوەکانی کۆمەڵگا دابنێن بریتین لە: رادیۆو تلویزیون بە لەبەر چاو گرتنی رادەیەك لە حەشیمەتی جیهان کە نەخۆێندەوارن هەروەها منداڵان و مێرمنداڵانی کە تەنیا دەتوانن لە رادیۆو تلویزیون کەڵك وەربگرن، گرینگی و بایەخی ئەم ئامرازانەمان زیاتر بۆ دەردەکەوێ. لەم نێوەش رۆڵی رادیۆ بە هۆی ئەوەیە کە کەرەسەی تێکنیکی کەمتری پێویستە، بە بەراورد لەگەڵ تلویزیون، گرینگییەکی زیاتری هەیە. هەنووکە لە تەواوی جیهاندا، رادیۆو تلوفزیون بە شێوەیەکی راستەوخۆو ناراستەوخۆ لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتەکان بەڕێوە دەبرێن. دیارە لە بەشێك لە وڵاتانی جیهاندا هێندێك هێزو لایەنی سیاسییش هەن کە بە شێوەیەکی سەربەخۆویستگەی رادیۆییان هەیە، وەکوو هێزە سیاسییەکانی کوردستان، هەروەها لە تەواوی شوێنە جیاوازەکانی جیهان دا کۆمەڵێك رادیۆی نهێنی هەیە کە لە ژێر کۆنترۆڵی دژبەرانی رێژیمە سیاسییەکان دان و بەدژی ئەو رێژیمانە بەرنامە بڵاو دەکەنەوە. بەم پێیە ئەمڕۆکە بە هەزاران نێرەی رادیۆیی لە سەرانسەری جیهان دا هەن کە نە تەنیا لە ئاستی نێوخۆیی دا، بەلکوو بە دەیان زمانی جیاواز بۆ وڵاتانی دیکە بەرنامە بڵاودەکەنەوە. ئەوە لە کاتێك دایە کە ئێمەی کورد، ئێستاشی لەگەڵ دا بێ نەمانتوانیوە بە شێوەیەکی پێویست و گونجاو کەڵك لە راگەیەنەکان وەر بگرین و بە پێی پلانێکی تۆکمەی ئەوتۆ، لە رۆڵی چارەنووسسازو ستراتیژیکی راگەیاندنێکی بەهێز کە بتوانێ وەڵامدەری پێویستییەکانی ئەمڕۆی خەبات و بزووتنەوەکەمان بێ کەڵك وەربگرین. ئەوەی جێگای داخەو دەبێ هەڵوەستەی لە سەر بکەین، ئەوەیەکە لە جیاتی هەوڵ دان بۆ بەهێز کردنی و بەرەوپێش چوونی ئەم راگەیاندنەو دەست نیشان کردنی کەم و کووڕییەکانی و پلانمەند کردنی و هەروەها لە جیاتی ئەوەی کە پوتانسێلە کاریگەروگرینگەکانی ئەمڕۆی رادیۆ دیاری بکەین و هەنگاوی جیدی بۆ بەرەوپێش بردنی هەڵ بگرین، بە داخەوە گوتارێك هاتۆتە ئاراوە کەباس لە بێبایەخ بوون و بێکەڵك بوون و پەراوێزخستنی و تەنانەت باس لە کۆکردنەوە و داخستن رادیۆ دەکا. ئەمەش لوتکەی ناوشیاری و نائاگایی لە رۆڵ و کاریگەری رادیۆ، لە قۆناخی ئێستادا دەگەیەنێ. دیارە بێجگەلەوەی رادیۆ چ بایەخێکی مەعنەوی بۆ ئێمە هەیە و لە رابردوو دا توانیویەتی چ رۆڵێك ببینێو چەندە کاریگەریی لە بەرەوپێش بردنی بزووتنەوەکەماندا دا ناساندنی ئەم بزووتنەوەیە بە خەڵك و دنیای دەرەوەو ئەوەیکە تا چ رادەیەك توانیویەتی رەنگدانەوەی کێشەو ئازارەکانی نەتەوەیەکی بندەست بێ. بۆیە پێم وایە لە قۆناخی ئێستادا، رۆڵ و کاریگەری و پێویستیی رادیۆیەکی بەهێز لە هەمووکات و ساتێك زیاتر خۆی دەنوێنێ و بەلە بەر چاو گرتنی هەموو ئەو شتانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کردن و ئەوەی کە تەنانەت وڵاتانی پێشکەوتووش چەندە بایەخ و گرینگی بە رۆڵ و کاریگەریی رادیۆ لە قۆناغی ئێستا دا دەدەن و هێندێك لە وڵاتانی دنیا لە دوورترین شوێنی جیهان بە زمانە ناوچەییەکان بەرنامە بڵاو دەکەنەوە کەئەمەش رەنگدانەوەی ئامانج و مەبەستەکانی ئەو هێزانەیە سەبارەت بە خەڵك و توێژە جۆراوجۆرەکانی ئەو کۆمەڵگەیانە. بۆیە پێویستە ئێمەش خوێندنەوەیەکی نوێمان لە ئەرك و رۆڵی رادیۆ لە هەل و مەرجی ئێستادا هەبێ و پێداچوونەوەیەك بە چەندایەتی و چۆنایەتیی بەرنامەکانی دا بکەین و بە خەسارناسی بەرنامەکانی رادیۆ لەم ماوەیەدا، بتوانین کەم و کورتییەکانی دەست نیشان بکەین و هەنگاوی جیدی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی لە ئێستادا هەڵ گرین هەروەها بە دانی بەڕێوەبەرییەکی کارامەو لێهاتوو و کۆمەڵێك کادرو ئەندامی شارەزا و لێهاتوو لە و بوارە دا، هەوڵ بدەین بە باشترین شێوە لە رادیۆ وەکوو دەزگایەکی راگەیاندن لە پاڵ دەزگاکانی تری راگەیاندن وەکوو رۆژنامە و تی ڤی و بۆ چوونەسەری ئاستی فەرهەنگی و ئاستی تێگەیشتوویی خەڵکی کوردستان و هەروەها گەیشتن بە ئامانجەکانیان و بەرەوپێش بردنی بزوتنەوەکەمان کەڵکی وەرگرین.

# ڕەچەڵەکناسیی پرۆسەی ژینۆساید لە کوردستان دا

جەلال حاجی زادە
و. تەها ڕەحیمی
بەشی دووەم

گواستنەوەی زۆرملییانەی منداڵان لە گرووپێکەوە بۆ گرووپێکی دیکە وەك تەنیا نیشانەی ژینۆسایدی فەرهەنگی لە کۆنڤانسیۆندا پەسند کراوە، کەواتە مەبەست لە ژینۆسایدی فەرهەنگی یەکدەست کردن، پووچەڵ کردنی فەرهەنگی و لە ئاکام دا کوشتن و لە نێوبردنی شوناسی گرووپە، کە بە واتا بەربڵاوەکەی زاڵبوونی گرووپێك بە سەر گرووپێکی دیکەداو چەشن کردنی فەرهەنگی و پێشگیری لە فێرکردنی توخمە فەرهەنگییەکان و هەروەها فێرکردنی زۆرملییانەی فەرهەنگی خودی خۆ مەزنبین بە دڵنیاییەوە لە نیشانە بێ ئەملاو ئەولاکانیەتی. لە لایەکی دیکەوە لە نێوبردنی نیشانە شوناسیی و فەرهەنگیەکانی گرووپ، ئامرازو کەرەسەی گوشاری جێبەجێ کردنی سیاسەتی ژینۆسایدی فەرهەنگی، هەروەك لکی سەرەتایی دادگای نێونەتەوەیی یۆگۆسلاوڤی ئاماژەی بەو ڕاستییە کردوە:

"دەکرێ لە نێوبردنی گرووپێك لە ڕێگەی بنبڕکردنی ئامانجدارانەی فەرهەنگیو شووناسیەوە وێنا بکرێ. (هەمان سەرچاوە، ل٢٧٣)

دادگای ناوبراو وێڕای ئەوەی کە پێڕاگەیشتن بە ژینۆسایدی فەرهەنگی لە بیاڤی دەسەڵاتی خۆی دا نابینێ، ڕوونی کردۆتەوە:

"تێدابردن و فەوتاندنی فیزیکی و بیۆلۆژیکی گرووپێك زیاتر بە لە نێوبردنی بەرهەم و ئاسەوارو هێما فەرهەنگی و ئاینییەکانی دەست پێدەکا. دەتوانین ئەو پەلامارانە بەڵگەو نیشانەی لە گۆڕی دا بووی بیرۆکەی فیزیکی گرووپێك دانێین. (هەمان سەرچاوە، ل ٢٧٣)

بە تاوتوێ کردنی ڕەوتی دادوەریی دادگا تایبەتەکانی ڕواندا، یۆگوسلاڤیی پێشوو، خمێرە سوورەکان، نوێنبێرگ و... دەتوانین ئەو تاوانانەی خوارەوەو بە بەڵگە دیارەکانی ژینۆساید بژمێرین.

١. لە مەترسی خستن و پێشێل کردنی مافی مانەوەو بوونی (فیزیکی یان فەرهەنگی) گرووپە کەمینە نەتەوەییەکان، ئاینییەکان، نەژادیو ئەتنیکیەکان.

٢. لە قەڵەم دانی پاکسازی ئیتنیکی وەك یەکێك لە سەلمێنەرەکانی بەندی "ج"ی توخمە ماددییەکانی ژینۆساید.

٣. کوشتن، تیرۆرو کوشتنی ئیلتیەکانی گرووپە کەمینەکان.

٤. هەر جۆرە بەرنامە دارشتنێکی سیستماتیك و داڕێژراو بۆ لە نێوبردنی گرووپە ئیتنیکی، نەژادی، ئاینیو زمانییەکان.

٥. جێگۆڕکێ پێکردن و کۆچی زۆرەملی بە گرووپە تایبەتەکان و وێرانکردنی شوێنی ژیانیان. (هەمان سەرچاوە، ل٣٧٥-٣٧٣)

بە بڕوای ڕۆلان بیرتۆن، وەچەکوژی (ethnoade) "هەر وەك روبێر ژۆلان بنەماکانی ڕوونکردۆتەوە، ئەو کۆمەڵە شێوازانە دەگرێتەوە کە ئامانجی لە نێوبردنی فەرهەنگی ئیتنیکێك و لە جێدانانی فەرهەنگێکی دیکەیە، بێ ئەوەی بە شێوەیەکی فیزیکی هەوڵی لە نێو بردن یان کۆچی زۆرەملی بەسەر ئەو ئیتنیکەدا بسەپێنێ." (بێرتون، ١٨٤:١٨٧). ئەو بەڵگە هێنانەوەیە بێ گومان پشتڕاستکردنەوەی ژینۆسایدی فەرهەنگییەکە بەرزەکێکە بۆ جێبەجێ کردنی بەرنامەکانی پرۆسسی ژینۆسایدی فیزیکی و جەستەیی.

ژینۆساید لە کوردستان

سەرزەویی جوگرافیایی کوردستان لە لایەنی ژیۆپۆلیتیك، ژیۆئیکۆنۆمیکی و ژیۆستراتیژیکی و هەروەها فەرهەنگی سیاسیی دیکتاتۆر و سەرەڕۆیانەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە، لە دۆخێکی تایبەت و هەستیاردا هەڵکەوتووەو گرینگیەکی زۆری هەیە. ئەو ناوچە جوگرافیاییە لە ماوەی مێژووی دووروودرێژی خۆیدا لە ژێر کاریگەری دۆخە ڕێژەیی و ڕەها جوگرافیاییەکەیدا، شوێنی ڕووبەڕوو بوونەوەی ململانێی زۆر لە زلهێزە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکان بووە. ئەو ناوچەیە کە بە شایەتیی مێژوونووسان لانکەی شارستانەتییە، زۆر لەمێژە بەردەوام بۆتە مەیدانی تەڕاتێن، سات و سەودا، گەمە بچووك و گەورەکانی زلهێزەکان، بە چەشنێك کە کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزمی کۆن و نوێ هەرکام بە شێوازێك ئاسەواری ڕووخێنەرو کوشندەیان لە سەر چارەنووسی خەڵکی ئەو وڵاتەدا کە "کورد"ن، بەجێ هێشتوە. وێدەچێ کە سیاسەتی چەندین دەیەی وڵاتانی زاڵ بە سەر کوردستاندا، لە ژێر ناوی "ژینۆساید" شیاوی تاوتوێ و لێ وردبوونەوەیە، لەم ڕوانگەیەوە تێدەکۆشین بەڵگە بەرچاوەکانی ژینۆساید لە کوردستاندا، بە ئاوڕدانەوە لە سیاسەتە دژە مرۆییەکانی وڵاتانی داگیرکەر، بێنینە بەر باس. بێ شك لەم بوارەدا ئەو پرسیارانە بە مێشکی مرۆڤ دادێن کە:"بۆچیو بە چ نیازێك ڕێژیمە داگیرکەرەکان (سوریە، عێراق، تورکیە) قۆڵیان لە کوشت و بڕی خەڵکی کورد هەڵماڵیوە؟ ئەرێ تاوانە بێ ئەژمارو پەیتاپەیتاکانی حاکمانی ئەو وڵاتانە جگە لە تاوان دژی مرۆڤایەتی، بە پێشێل کردنی مافی مرۆڤ، پێشێل کردنی عورف و کۆنڤاسیۆنە نێونەتەوەییەکان، بە ژینۆساید لە قەڵەم نادرێن؟"

ئەلف) چاوخشاندن بە سەر نیشانە زەقەکانی ژینۆساید و سەرەتاکانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەگەرچی پرسی کورد لەو ئێران دا لە چاو بەشە دابڕاوەکانی دیکەی کوردستان جیاوازەو کوردەکان لە ئێران دا لە زۆربەی توخمە شوناسی و فەرهەنگییەکان لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیە ئارییاییەکان دا لە چاخی کەونارەوە تا ئێستا هاوبەشن و خاوەن مێژوویەکی هاوبەشن.

لەگەڵ ئەوەش دا لە سەردەمی پەهلەویی یەکەم و دوویەم دا زۆربەی ئەو تاوانانەی تورکیە و سووریە و عێراق لە دژی کورد بە شێوەی جۆراوجۆر ئەنجامیان داون، تەنانەت لە بوارێکەوە دەتوانین بڵێین: بوو بە سەرچەشنێك بۆ ئەوان. بە زۆر کۆچ پێکردن، نیشتەجێ کردنی زۆرەملێ لە ناوچەی تایبەت، چێ کردنی نەتەوە لە سەر بنەمای حاشا کردن لە شوناسی نەتەوەکانی دیکە بە تایبەت کورد، لە سێدارە دانی ئیلیت و سەرۆکە فەرهەنگی ــ نەتەوەییەکانی کوردەکان، پێشگیری لە گەشەی فەرهەنگی و زمانەکەیان، سەرکوتی ڕاپەڕینە مافخوازاییەکانی کوردەکان، بە تاڵان بردنی ئاسەوارە مێژوویی و شوناسییەکانی بە شێك لە کوردەکان و ... لەو تاوانە لە ئەژمار نەهاتوویانەن کە دژی کورد لەو ناوچەیە لە جوگرافیای ژینۆسایدا ڕووی داوە.

"لە سەردەمی دیکتاتوریی ڕەزاشادا، زوڵم و ستەمی نەتەوەیی گەیشتە لوتکەی خۆی و خرۆش و سروەی ئێرانی کرا بە سیاسەتی فەرمیی ڕەزاشاو ئەو نەتەوانەی فارس نەبوون کەوتنە بەر توندترین و گرژترین زەبرو زەنگ. بە ئامانجی سڕینەوەی ئاسەوارە نەتەوەیی، مێژوویی و فەرهەنگییەکانی ئەو نەتەوانە، بەرنامەیەکی وردو درێژخایەن داڕێژرا کە مەبەستی تواندنەوەی ئەو نەتەوانە بوو کە فارس نەبوون. کۆپی کردنی مێژوو، گۆڕینی ناوی شارو گوندەکان، قەدەغە کردنی دابونەریتی نەتەوەیی ـ خێڵایەتیی، تەنانەت قەدەغە کردنی پۆشینی جلوبەرگی نەتەوەیی بە گشتی بەم مەبەستە خرایە بواری جێبەجێ کردن بۆ ئەوەی کە نیشان بدرێ لە ئێراندا تەنیا نەتەوەیەکی شارستانی هەیە کە ئەویش نەتەوەی فارسە. (قاسملو، ١٩٨٨، ل ٢٣).

لە پێناوی سیاسەتی بە فارس کردن دا، هەزاران کەس لە ناوچەکانی کوردستانەوە بەرەو ناوچەکانی دیکەی ئێران کۆچیان پێکرا. (عومەر گوڵ، هەمان سەرچاوە، ل ٩٨ـ ٩٩). کەماڵ مەزهەر ئەحمەد دەنووسێ: "ساڵی ١٩٣٥ خێڵێکی زۆر لە هۆزەکانی گوڵباخ و جەلالی و پیران بۆ سوڵتانئابادو کرمان و شیراز ڕاگوێزران. ئەو کۆچە زۆرەملییە ئەوەندە نابەرپرسیارانە بەڕێوەچوو کە بە وتەی ئەمیر بەرپرسی ئەو کۆچ پێکردنە، ژنان، منداڵان و ژمارەیەکی زۆری پیاوان لە ڕێگەدا تێدا چوون (هەمان سەرچاوە، ل ٩٩). بە پشت بەستن بە مادەی ٧ی پەیمانی سەعدئاباد (١٩٣٧) داگیر کردن و کۆچ پێکردنی بە کۆمەڵی دانیشتووانی ڕۆژئاوای ئێران بەرەو ڕۆژهەڵات جێبەجێ کرا (هەمان سەرچاوە، ل ١٠٢).

سەرکوتی بزوتنەوەی سمایل خانی سمکۆ و پاشان تیرۆر کردنی وەك ڕێبەرێکی ناسیۆنالیستی نەتەوەیی کورد، یەکێکە لە سیاسەتەکانی ڕێژیمی پەهلەوی یەکەم و دوویەم کە لە برگەگەلێك لە مێژووی ئێراندا بە شێوەیەك درێژەی هەبووە. بەدوای سەرنەکەوتنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد (١٩٤٦) و لە داردانی پیاوانی سیاسی و ڕووناکبیرانی کۆمار، وەك پێشەواو ژمارەیەکی زۆر لە ڕێبەرانی، نەتەوەی کورد کەوتە ژێر گوشارو زوڵم و ستەمی دوو قاتەوەو زمانی کوردی قەدەغە کرا، ڕاگەیەنە کوردییەکان داخران، کتێبە کوردییەکان ئاوریان تێبەردرا (نەبەز، ١٩٨٧، ل ١٣٠ـ ١٣١).

لە درێژەی پرۆسەی سڕینەوەی فەرهەنگ لە گەلێك، لە ئاکامدا ئەو نەتەوەیە وەك گرووپێکی جیاواز لە نەتەوەکانی دیکە بوونی نامێنێ و بە ناچار ئاوێتەی گرووپێکی گەورەتر دەبێ، هەمان سیاسەت کە لە سەردەمی پەهلەوی یەکەم دا جێبەجێ دەکرا.

بەم چەشنە دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە ستراتیژیی ئێران( پەهلەوی) لە نێوبردن و خەوشدار کردنی شوناسی فەرهنگی ـ زمانی و جوگرافیایی و کوخمی نەتەوییەکانی کوردەکان بووە.

جێگۆڕکێ پێکردنی حەشیمەت لەو سیاسەتە نەرێنییە ئیتنیکیانەیە کە وشیارانە و ئامانجدارانە لە نێو کوردەکان دا خسراوەتە واری جێبەجێ کردنەوە. دوورخستنەوە تەنانەت ئەگەر لە نێو چوونی گشتیی لەگەڵ دا نەبێ بەڵام لە نێو بردنی ئامانجداریان تەنانەت پرش بڵاوکردنی و ساکار و هەڵسوکەوتی ناڵەبار و گشتیشی لەگەڵ دا بێ بە ژینۆساید دەژمێردرێ (بێرتۆن، ل ١٩٢). ئەوە چارەنووسێك بوو بەبەردەوامی بە سەر کوردهاتوو، بۆ وێنە پاکتاوی نەتەوەیی یان پاك کردنەوەی نەتەوەی یەکێکە لەو سیاسەتە نەرێنییە نەتەوەییانەی کە بە دەرکردنی حەشیمەتگەلێکی تایبەت جێبەجێ دەکرێ.

چونکە زمانی کوردی بە مسۆگەری یەکێکە لە توخمە شوناسییەکانی نەتەوەیی کورد (کۆچیرا، ١٣٦٧ ، پێشەکی : ل ٢٢)و هەروەها بەبڕوای زۆر کەس" زمان واتە نەتەوە" ، بۆیە هەر چەشنە پلانێك بەمەبەستی کپ کردن و سڕنیەوەی ڕاستەوخۆ بە بەرایيەك بۆ تەفروتونا کردنی بەرەبەرەی ئەو نەتەوەیەو شوناسەکەی دەژمێردرێ کە خۆی بەشێکە لە ژینۆساید. لەو ڕوانگەیەوەیە کە کوشتنی زمان یەکێکە لە شێوازەکانی ژینۆساید کە لە نێو بردنی زمانی حەشیمەتێکی تایبەت ( بیرتۆن، هەمان سەرچاوە، ل ١٨٩ ) و یان بە پەراوێز خستن و لێکدانی ئەوی لێدەکەوێتەوە.

گومان لەوەدا نیە کە ژینۆسایدی فەرهنگی و سووکایەتی کردنی بە شوناسی نەتەوەیی ـ جوگرافیایی کوردەکان لە ئێران زۆر بەرچاوتر لە ژینۆسایدی فیزیکی بووە بەو حاڵەشەوە نابێ ئەوە لە بیربکەین کە بە سەرچەشنی جۆراوجۆری شاراوە و دیار دا دابەش دەبێ و پلەی ژینۆسایدی بەشە باکووری و باشوورییەکانی کوردستان لە بەشەکانی دیکەی بەرزترو بەتەوژمتربووە.

ب: نیشانەکانی ژینۆسایدو بەرایيەکانی لە ڕۆژئاوای کوردستان(سووریە).

لە ڕوانگەی جوگرافیاییەوە بەو بەشە لە کوردستان کە لە ژێر دەسەڵاتی سووریە دایە دەگوترێ ڕۆژئاوای کوردستان، کە دیارە خۆێندنەوەیەك بنەمایەکی سیاسیی نیەو بەڵام لەگەڵ ئەمەش دا ریشەی لە رابردوو چارەنووسی هاوبەشی دا هاتووی کوردەکان دا هەیە.

کوردەکان لە سووریە بە کەمینەیەکی کۆچەر دەژمێردرێن و بەو ڕوانگەیەشەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکەن، زۆربەی کوردەکان لە و وڵاتەدا یان بەواتایەکی مێژوویيتر لە نیشتمانەکەی خۆیاندا، بەهاووڵاتیی هەمیشەی ناژمێردرێن و وەك کۆچەرلێیان دەڕوانن کە دەبێ سەرەنجام ئەو وڵاتە بەجێبێلن. کوردەکان لە سووریە دا خاوەن پێناسەنین بۆیە لە زۆربەی، مافەکانیان، کۆمەڵایەتیی، سیاسی، فەرهەنگی و.... بێبەشن یان لە زۆربەی سەرژمێرییە گشتییەکاندا لەو بەشەی کوردستان زۆربەی حەشیمەتەکەی سەرژمێر ناکرێن، قاسملوو دەنووسێ پرۆفسیۆر لازاریێف دەڵێ:" لەکاتی سەربەخۆی سووریە لە ١٩٤٦ وە، سووریە ستراتژی پشتێنەی عەرەبی درێژە پێداوە و لە پرۆسەی بە عەرەب کردنی (عەرەبیزەکردن) جوگرافیای کوردستان بەردەوامە..( لازارێیف کوردوکوردستان،لە زمان عومەر گۆڵەوە هەمان سەرچاوە، ل١٢٢ ) لەو ڕوانگەیەوە کوردەکان لە ڕۆژئاوای کوردستانی ژێر دەسەڵاتی سووریە دا بەردەوام لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە چەوسێندراونەتەوەو زوڵم و ستەمی نەتەوایەتییان لە سەر بووە.

کۆچ و نیشتەجێکردنی زۆرەملی و کەم کردنەوەی ئاماری حەشیمەتی کوردەکان لە سووریە، نموویەك لە سیاسەتە نەرێنییەکانی حکومەتی سووریەن دەرهەق بە کوردو تەنانەت لە کتێبی قوتابخانەکانیش دا ئەو شتانە لە گوێی منداڵان دەئاخنن کە" کوردەکان لە شوێنێکی دیکەوە کۆچیان بۆ سووریە کردوە (قاسملو،٢٠٠٦ :٧٧). ئەم چەشنە سیاسەتانە لە ڕاستی دا چەواشەکردنی مێژوو و خەوشدارکردنی مێژووی نەتەوەیی کوردەکان و ناوچەیە کە بەڵگەی بەرچاوی ژینۆسایدە بەتایبەت ژینۆسایدی فەرهەنگی. یەکێك لەفۆرمەکانی دیکەی ژینۆسایدی کوردەکان، پرۆسەی چۆڵ کردنی شارو گوندەکانی کوردستان و کۆکردنەوەی حەشیمەتەکەی لە شونێکی تایبەت و پاشان گواستنەوەی زۆرەی ملیان بۆ شوێنێکی دیکە لە دەرەوەی جوگرافیایی کوردستان و دەست داگرتن بە سەر دارایی و خاکەکەیاندایە.( عەزیز سورمێ، ٢٠٠٦: ٨٨) .

یەکێك لەو پاساوانەی لە پێوەندی لەگەڵ دان نەنان بە بوونی کوردەکان و ئەو پارچەی کوردستان دەیهێننەوە ئەوەیە کە ئەوان لەو بڕوایە دان ویژدانی مێژووی برینداركردوە کوردەکان ئەو ناوچەیەیان دا گیرکردوە، هەروەك تیۆریسیەن و داڕێژەری پیلانی ژینۆساید لە سووریە هیلال بەو دێرە (عیتلون اخصب المناصق ) "باشترین ناوچەکانیان داگیرکردوە" بانگەشەی بۆ ئەو سیاسەتە دەکرد.(عومەر گوڵ ، هەمان سەرچاوە ل ١١٩).



# پێشەنگانی هزری دێموکراسی

ن: حوسێن بەشیریە
و. بۆ کوردی: ئامانج
(٣)

بەنکدیت دو سپینوزا (١٦٧٧ــ ١٦٣٢)

سپینوزا فیلسوفی هوڵەندایی بی یەکەمین تیوریستی دێموکراسی لە سەردەمی نوێدا دەژمێردرێ.

بە بۆچوونی ئەو باشترین حکوومەت، حکوومەتێکە کە پشتی بە دەنگەکانی زۆرینەی خەڵك بەستبێ و لەودا هەرکەس بتوانێ ئازادانە بیر بکاتەوەو قسە بکا. سپینوزا لە نێوان دێموکراسی و زانست و زانیاریی ئاوەزیانەدا پێوەندییەکی نزیکی بەدی دەکرد. لە هزری پێشینیان دا، دێموکراسی بە هۆکاری باڵادەستیی هەژاران دەژمێردراو فەزیلەتی مەدەنی و پەروەردەی ئاکاری و سەرەنجام بەرژەوەندیی گشتیی دەخستە مەترسییەوە. بە بۆچوونی فیلسوفەکانی پێشوو ئازادییە دێموکراتیکییەکان ئەگەرچی لە کورت ماوەدا دەبوونە هۆی گەشەی هزرو فەلسەفە، بەڵام ئاکامی نەخوازراوی بەدواوە بوو. لەم ڕوانگەیەوە فیلسوفەکانی پێشوو لەو بڕوایەدا بوون کە باشتر وایە دێموکراسی لەگەڵ توخم گەلێك لە ئەریستوکراسی، مونارشی و ئۆلیگارشی ئاوێتە بێ، بۆ ئەوەی بوار بۆ پەروەردە بوونی سیاسەتڤانان و شارۆمەندانی وشیارو تێگەیشتوو پێك بێ. لەم ڕووەوە فیلسوفە سیاسییەکانی پێشوو، سەرەنجام دێموکراسی ڕووتیان بە دوژمنی هزرو فەلسەفە دادەنا.

سپینوزایش وەك فیلسوفانی پێشتر لەو بڕوایە دابوو کە ژیانی فەلسەفی ڕەزامەتیبەخشترین جۆری ژیانە. بەڵام بە پێچەوانی ئەوان پێی لە سەر ئەوە دادەگرت کە دێموکراسی، بۆ بەرەو پێش بردنی ئازادیی هزرۆ فەلسەفەو فەزیلەتی ڕاستەقینە باشترین چەشنی حکوومەتە. بە بۆچوونی ئەو دێموکراسی سروشتیترین و شیاوترین شێوازی حکوومەتە، چونکە ڕێگە دەدا گەنگەشەی ئازاد لە نێوان بۆچوونە دژ بە یەکەکاندا هەبێ. ئامانجی سەرەکیی حکومەت دابین کردنی دەرەتانی درێژەی مانی مرۆڤەکانە تەنیا لە چوارچێوەی حکوومەتی ئەوان بە سەر خۆیاندا بە فۆرمێکی ئاوەزیانە بە چڵەپۆپە دەگاو ئەم ئایدیایەش تەنیا لە دێموکراسی دا شیاوی وەدی هاتنە. بە ڕای سپینوزا بنەمای حکومەتی دێموکراسی پەیمانێکە کە تاکەکان بە مەبەستی دابین کردن و پاراستنی جەوهەری یەکدی دەیبەستن. تەنیا لە دێموکراسی دا، شارۆمەندان مافی هاوبەش لە دانانی سیاسەتە گشتییەکاندا وەدەست دێنن.

# ستەم لە هەر فۆرمێك دا بێ دەبێ لەقاو بدرێ

## نایەکسانیی ڕۆڵ و نەخشی ژن و پیاو لە کتێبە دەرسییەکانی ئێراندا

کوێستان فتووحی

هەر کەس لە ئێران چەند کلاسێکی خوێندبێ زۆر بە ئاسانی ئەم بۆچوونە دەسەلمێنێ کە لە کتێبە دەرسی و فێرکارییەکاندا ڕۆڵی ژن بە کەم نرخێندراوە، یان هەموو کات تەنیا لە ڕۆڵی دایکایەتی و خزمەتکارێکی ڕازی و دڵسۆزی نێو بنەماڵەدا دەرکەوتوە. هەرچی وەبیر خۆمی دێنمەوە لە سەرەتای قۆناغی فێربوونی ئەلف و بێوە هەر ئەوە فێر دەکراین کە ئێمەی کچ لە داهاتوودا ببینە دایکێی باش و پشتیوان و خزمەتکارێکی ڕازیی پیاوانی بنەماڵە. چونکە ئەوە هەر پیاوە نانهێنەر و سەرپەرست و بەرپرسی بنەماڵەیە بۆیە ئێمەش دەبێ بە دروستکردنی چێشتێکی خۆش یان دروستکردنی هێلکەورۆنێکی خۆش وەك هێلکەورۆنەکەی "کەوکەب خانم" سفرەی بنەماڵە گەرم و ڕەنگین بکەین و دڵی هاوسەر و کوڕەکانمان خۆش بکەین! ئەمە نەخشی سەرەکی ژنان بوو لە کتێبە دەرسییەکانی ئێراندا: ئاشپەزێکی باش و بە سەلیقە و ژنێکی مهێرەبان و دڵسۆز. لێرەدایە دەیانەوێ ژنان بە هەنگوین بخنکێنن!!

کتێبەکان کۆمەڵگەیەکیان پیشان دەدا کە دوو نیوە بوو، نیوەیەك ژێردەست و نیوەکەی تریش هەموو کارێکی سەرەکیی بەئەستۆوە بوو. بوارەکانی زانست و فەرهەنگ و مێژوو و... هەر بەو بوو. مێژوو وای نووسیبوو پیاو سەرپەرستی بنەماڵەیە، نانهێنەری بنەماڵەیە، بەرپرسی بنەماڵەیە، کەواتە پیاو بڕیاردەر و دروستکەری ژیانە. بمانەوێ و نەمانەوێ ئەمە کاریگەریی لە سەر ژیانی هەموو مرۆڤەکانی ئەم وڵاتە داناوە.

لە سیستمی سوننەتیی وڵاتی ئێراندا فێرکردن لە سەر بنەمای جنسییەت بووە، بۆ نموونە ژنان فێری ماڵداری کراون، ئەمە بە نەخشی سەرەکی ئەوان دانراوە. هەر چەند کتێبە دەرسییەکان لەم ساڵانەدا ئاڵوگۆڕشیان بەسەرداهاتوە، بەڵام ئاڵوگۆڕەکان زۆرتر لە ڕووکەش و شێوەی چاپەکەدا بووە نەك لە نێوەرۆکەکەیدا.

لەم چەند ساڵەی دواییشدا هەر لەم بارەیەوە دەستەیەکی پێنج کەسی لە خوێندکارانی ئێران لە ئەمریکا لە ژێر چاوەدێریی ئەندامانی هەیئەتی زانستیی زانکۆکانی کانادا، نیویۆرك، مریلەند و پاریس، لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنێکیان لەسەر کتێبە دەرسییەکانی ئێران کردوە. لێکۆڵینەوەکەیان لەسەر ١٠٠ کتێبی دەرسی لە ساڵی یەکەمی قوتابخانەوە تا کۆتایی ساڵی دواناوەندی (دبیرستان) بووە. ١١٠٠٠ لاپەڕی کتێبی دەرسی و ٣٣٠٠ وێنە لەو کتێبانەیان خستۆتە بەرسەرنج و لێکدانەوە.

دوکتور سەعیدی پەیوەندی، مامۆستای زانستگای پاریس، لێکۆڵەر و کارناسی بواری فێرکردن لە ئێرانە. ناوبراو یەکێکە لە ئەندامانی هەیئەتی زانستیی ئەو لێکۆڵینەوەیە. لە بارەی وەزعی فێرکردن و پەروەردەی کچان لە ئێران دا دەڵێ: "ئەگەر لە پێنج شەش مانگی ڕابردوودا چەند هەواڵ لە بارەی ئەو مەحدوودییەتانەی لە ئێران بۆ کچان بڵاو بۆوە و لەوانەش گەڕێین کە لە ڕابردوودا لە سیستمی پەروەردەی ئێراندا هەبووە، بە بڕوای من هەرکەس دەتوانێ بەو ئاکامە بگا کە لە ئێران لە جیاتی ئەوەی شاهیدی هێندێك کار بۆ باشتر بوونی هەلومەرجی فێرکردنی کچان بین، دەبێ بڵێین ئێران بەنیسبەت وڵاتانی دیکەی جیهان بە پێچەوانەوە هەنگاوی هەڵێناوەتەوە. پەیوەندی لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: هەموو پەسندکراوە گرنگە نێونەتەوەییەکان لە بواری فێرکردن و مافی مرۆڤ و لاواندا، بەرامبەر بە مەسەلەی یەکسانیی ژن و پیاو لە فێرکردنی دەورانی سەرەتایی تا کۆتایی دەورانی فێرکردنی بەرزدا پێداگرییەکی تایبەتی هەیە. بەڵام لە ئێران شاهیدین کە بەپێچەوانەوە ئەم ڕەوتە تێپەڕ دەبێ و بیروبۆچوونی تازەتر بۆ چەسپاندنی هەڵاواردنەکان گەڵاڵە دەکرێن.

دوکتور پەیوەندی دەڵێ: "ئەو لێکۆڵینەوەی لەسەر کتێبە دەرسییەکان بەڕێوە چووە، نیشان دەدا کە کتێبە دەرسییەکانی ئێران پڕهەڵاواردنترین کتێبەدەرسییەکانن لە بارەی ژنەوە لە تەواوی جیهاندا. ڕەنگە لە جیهاندا تەنیا عەرەبستانی سەعوودی و یەمەن لە ئێران خراپتر بن".

ئەو هەڵاواردن و نابەرابەرییانە لە کتێبە دەرسییەکاندا زوڵمێکە کە لە ژنانی ئەم وڵاتە کراوە. ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆ فێری نەسڵەکان کراوە کە ژن مرۆڤێکی پلە دوویە و دەبێ پلە دوو بێ! ئەوە ڕاست ئەو ئامانجەیە کە پیاوانێك نایانهەوێ بوونی ژنێکی سەرکەوتوو لەپەنا خۆیاندا تەحەممول بکەن و هەوڵ دەدەن بە هەر شێوەیەك بێ ئەو سیستمە کۆن و سوننەتییە لە فێرکردن و پەروەردەکردندا بهێڵنەوە. بەرپرسانی حکوومەتی ڕیاکارانە بەسەر ژناندا هەڵ دەڵێن "ئەوان تاجی سەری ئێمەن"، "یان چیمان هەیە لە دژی ئەوان بیڵێین". بەڵام ئەوەی لە کردەوەدا دەیکەن هەمووی لە دژی ژنانە. ئەو وێنەی ئەوان لە ژنیان دروست کردوە لەگەڵ کۆمەڵگەی ئەمڕۆ زۆر جیاوازە. بەڵام ئەمڕۆ کچان و ژنان لە ئێران بە جۆرێکی دیکە ناوی خۆیان لە مێژوودا تومار دەکەن. "مرۆڤێکی ئازاد و یەکسانیخواز". مرۆڤێك کە هیچ هۆیەك نابینن بۆ ئەوەی پلە دوو بمێننەوە و نادیار بن لە مێژوودا.

ئەوان هەر ئێستا تواناییەکانی خۆیان لە هەموو بوارەکانی کار، ژیان، خوێندن و خۆپێگەیاندن لە ئێراندا دەرخستوە و، ئەوە بۆخۆی نیشانەی باشترین هەڵوێست گرتنی ژنان لە ئێران بەرامبەر ئەو بیرو بۆچوون و فێرکردنە سەقەتەیە کە بەرپرسان و دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە خوازیارین.



دوکتور پەیوەندی لەم بارەیەوە دەڵێ: "بە وردبوونەوە لە ڕێژەی ژنانی ڕۆماننوس، شاعیر، وێنەکێش و فیلمساز و... کە لە هێندێك بواردا ڕێژەیان لە پیاوانیش زۆرترە، ئەمە سەرەڕای ئەوی بواری کار بۆ ئەوان زۆر سەختتریشە و بە سەرنجدان بەو ڕێگری و گیروگرفتانەی لە سەر ڕێیانە لە هەموو بوارەکاندا شاهیدی پێگەیشتوویی کۆمەڵگەی ژنان لە ئێرانین. بە تایبەت لە بەشی بەرهەمهێنانی فەرهەنگ، زانست و بەشداری زانستی و... ئەوە شتێکە کە بەرپرسانی حکوومەتی چاوەڕوانی نەبوون. دوکتور پەیوەندی باس لە ئامارێك دەکا و دەڵێ: "لە هەر سێ دوکتورێك کە لە زانستگا باردێن، دوو کەسیان ژنن. لە سێ دەرچووی لقەکانی زانستی، دوویان کچن. لە چوار دەرچووی لقەکانی هونەر، سێ کەسیان کچن. ئەوانە بە تایبەت بۆ ئەو بەشە لە حاکمییەت، خۆش نیە و چاوەڕوانیشیان نەدەکرد وای لێبێ. هەر بۆیە لە هەوڵێ ئەوەدان پێشی ئەو ئاڵوگۆڕە بگرن کە گەڵاڵەی سەهمیەبەندی جنسییەتی یەکێك بوو لەوان".

بەڵێ ئێتر ئێستا هەر پیاوان نانهێنەر و بەرپرسی بنەماڵە نین.... ژنان لە ئێران ڕێگەی خۆیان دیوەتەوە و هیچ هێزێکیش ناتوانێ پێشیان پێ بگرێ.

**بەڵام ئەمڕۆ کچان و ژنان لە ئێران بە جۆرێکی دیکە ناوی خۆیان لە مێژوودا تومار دەکەن. "مرۆڤێکی ئازاد و یەکسانیخواز". مرۆڤێك کە هیچ هۆیەك نابینن بۆ ئەوەی پلە دوو بمێننەوە و نادیار بن لە مێژوودا**

---

ڕۆژنە

# لاوان و مراندنی هەست و ویستەکانیان

عەلی بداغی

کۆمەڵگای ئێران کۆمەڵگایەکی لاوە، ئەوەی کە لاوان زۆرینەی کۆمەڵگای ئێران پێك دێنن و ٦٥لە سەدی حەشیمەتی ئێران خوار تەمەن ٣٥ ساڵ، دەتوانێ ئیمتیازێکی زێرین و سەرەتییەکی زۆر گرینگ بۆ ئەندازیارانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو وڵاتە بێ. لاوان دەتوانن زۆرترین کاریگەرییان لە سەر ڕەوتی گەشەسەندنی کۆمەڵگای ئێران هەبێ، بەو مەرجەی لەلایەن بەڕێوەبەران و کاربەدەستانی وڵاتەوە بخوێندرێنەوە، کەڵك لە وزەو هزرو توانایان بە مەبەستی پێشکەوتن و گەشەی کۆمەڵگا وەربگیردری و لەلایەن ئەندازیارانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی وڵاتەوە بە هیند وەربگیردرێن. چونکی لاوان بە تێڕوانینێکی جیاوازتر لە وەچەکانی پێش خۆیانەوە سەیری کێشەو پرسەکانی کۆمەڵگا دەکەن و زۆر جیددی و لێبڕاوتر لە وەچەکانی بە پارێزی پێش خۆیان بیر لە گۆڕان و ئاڵوگۆڕ دەکەنەوەو هەنگاوی بۆ داوێژن.

بەڵام کۆمەڵگای لاوی ئێران ئەو کۆمەڵگایە نیە کە بە وەها تایبەتمەندییەکەوە لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی وڵات دا جێی گرتبێ، ئەمڕۆکە ئەو کۆمەڵگایە تووشی قەیران و مەترسیی لەبەر یەك هەڵوەشان بۆتەوە.

ئامارەکانی ٢٣ ڕێکخراوو دامودەزگاکانی پێوەندیدار بە کێشەو خەسارە کۆمەڵایەتییەکان سەرەڕای جیاوازیی نێوانیشیان ئاماژە بە دۆخی قەیراناویی کۆمەڵگایەکن کە لاوان نیزیك بە نیوەی حەشیمەتەکەی پیك دێنن.

بەپێی ئەو ئامارانە تەمەنی لەشفرۆشی بۆ خوار ١٢ ساڵ و تەمەنی گیرۆدە بوون بە مادده هۆشبەرەکان بۆ خوار ١١ ساڵ و تەمەنی تاوانکاریی بۆ خوار ١٠ ساڵ دا بەزیوە. هەر بەپێی ئەو ئامارانە خەسارو کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە دەیەی سێهەمی دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمی ئیسلامی دا ٢٥ لە سەد پەرەی سەندووە.

قەیرانی شوناس، بێکاری، هەژاری، خەمۆکی، خۆکوژی، ئیعتیاد، لەشفرۆشی، تەڵاق، توندوتیژی، ڕاکردن لە ماڵ و وڵات بەشێك لەو کێشەو دیاردەو خەسارانەیە کە لە نێو کۆمەڵگای لاوی ئێراندا هەروا لە زێدە بوون و پەرەسەندن دایە.

زۆربەی نیزیك بە تەواوی لاوانی ئێران سەرچاوەی هەموو ئەو کێشەو قەیرانانەو ئەوەی کە پێگەی کۆمەڵایەتیی شیاوی خۆیان پێ نەدراوە، ئەوەی کە ئاسۆیەکی ڕوون لە پاشەڕۆژی خۆیان بەدی ناکەن و سەرچاوەی هەموو گرفتە ئابووری و دەروونییەکانیان بۆ بەڕێوەبەریی چەوتی کۆمەڵگاو دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمێکی نادەروەستی وەك کۆماری ئیسلامی دەگەڕێننەوە. بەڵام بەو حاڵەش کۆی هەموو ئەو قەیران و مراندنەی هەست و خولیای لاوێتی لاوان نەبۆتە هۆی ئەوەی لە ئاستی گشتی خۆی دا لاوان لە دژی ئەو نیزام و بەڕێوەبەرییە ڕابن و دژکردەوەی چەشنی بەرامبەریان هەبێ، بەڵکوو لە بەرامبەر ئەو کێشەو گرفت و کۆسپانەدا دۆشداماوو هەست بە پووچی و بێ هیوایی و فەوتان و قوربانی بوونی خۆیان دەکەن. لە گۆشەنیگایەکی تایبەتیشەوە هەموو هەوڵی زۆرینەی لاوان بۆ وەدەستهێنانی پلەو پایەی بەرزتر لەوەی کە هەیانە، بۆ دۆزینەوەی کاری گونجاو، بەتایبەت کاری گونجاو لەگەڵ پسپۆڕی و خوێندەواری بۆ لاوانی خاوەن بڕوانامەو هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوبەش تووشی شکست و هەرەسهێنان هاتوە. ئەم دۆخە تایبەتییە پەراوێز کەوتنی لاوانی لێ کەوتۆتەوەو پەراوێز خرانی لاوان کە سەرمایە کۆمەڵایەتییە ئەکتیڤەکانی کۆمەڵگان، زۆر دەرەنجامی دڵتەزێن و جێی داخی بۆ کۆمەڵگا بە دواوە دەبێ کە تا ئێستا بەرپرسان و بەڕێوەبەرانی وڵات لە بەرامبەریان دا خۆیان لە گێلی داوەو زۆر خەمساردانە لە تەنیشت بە فیڕۆچوونی وزەو توانستی ئەو حەشیمەتە شوێندارنەرە تێپەڕیون.

ئەمڕۆکە دۆشداماویی لاوان لە ئاستەکانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لە تەنیشت خەسارەکانی دیکەی وەك قەیرانی شوناس و ئیعتیادو بێکاری و هەژاری، کۆمەڵگای لاوی ئێرانی تووشی دۆخی ئانۆمیك کردەوە، بەو مانایە کە لە نەبوونی هاوسەنگییەك لە نێوان ویست و خولیاو ئامانجەکانی لاوان و نەگونجانی ئەو نیازو ویستانە لەگەڵ واقع و نەبوونی ڕێگە بۆ پێگەیشتن و وەدیهێنانیان دا لاوان هیچ شتێکیان بۆ نامێنێتەوە جگە لە شکاندنی نۆرم و بایەخەکانی کۆمەڵگاو دژایەتیکردنی یاساو ڕێساکان و خستنەوەی مەودا لە نێوان خۆیان و کۆمەڵگادا. درێژەکێشانی ئەو دۆخەش لە دوا وێستگەکانی دیکەی دا ململانێی توندی نێوان لاوان و وەچەی پێش خۆیان و دواتریش بەرەنگاری و دژایەتیکردنی سیستیم و بەڕێوەبەریی ڕێژیمی لێ دەکەوێتەوە.

# لە دە ساڵەی ئاوابوونی مامڵێدا

جەلیل گادانی



هونەرمەندی دەنگخۆش محەممەدی مامڵێ كە بە دەنگ و روخسار دەچووە سەر مەرحوومی مام سەعیدی بابی و براگەورەی خوالێخۆشبووی كاك حوسێنی مامڵێ، هەتا ئەوان مابوون بە دەگمەن خۆی ئاشكرا دەكردو دەهاتە مەیدانی هونەری گورانیەوە، وەبیرم دێ چەند جارێك وەك لاوێكی پێشمەرگەو ئەندامی سازمانی لاوانی دێموكرات لە ستۆدیۆی رادیوی كۆماری كوردستان گۆرانی گوت كە بە بڵیندگۆ لە شەقامەكانی شاری مەهابادا بڵاودەبۆوە، دوایەش بۆ ماوەیەكی كورت دەنگی لە سەر رادیۆیەكی كاتی و محەللی شاری مەهاباد بڵاو بۆوە.

دوای كۆچی دوایی ئەو دوو گەورە دەنگخۆش و هونەرمەندە واتە باوكی و كاك حوسێن كە بەداخەوە بە هۆی نەبوونی ئامێری دەنگ تۆمار كردن بەرهەمێكیان لێ بەجێ نەماوەتەوە، كاك محەممەد هاتە گۆڕەپانی هونەرەوەو ماوەی زیاتر لە پەنجا ساڵ بێوچان سوارچاكی ئەو مەیدانە بوو.

هەرچەند بەداخەوە تیكنیكی نوێی دوای گرامافۆن درەنگ گەیشتە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و كوردستان و ئیمكانی راگرتنی دەنگ تا ئاخری ساڵانی سی هەتاوی لە ئێران نەبوو، سەرەڕای ئەو بێ ئیمكانیەتەش كاك محەممەد ماندوویینەناسانە درێژەی بە كاری هونەری دا و بە كەمترین ئامێری موسیقاو موسیقاژەنەوە سەدان بەرهەمی بۆ بەجێ هێشتووین كە هەر كام لە بواری خۆیدا بۆ گوێگری نەوە یەك لە دوایەكەكان بە نرخ و بە كەڵكن و هەر كام لەوان خوازیارو گوێگری تایبەتی خۆیان هەیە.

مامڵێ لە هەموو كۆڕو كۆمەڵێكی كۆمەڵگەی كوردەواریدا بە گوێرەی شیاوی ئەو كۆڕو مەجلیسە هەڵسوكەوتی دەكردو ئاهەنگی دەگێڕا، هەر بۆیەش خۆشەویستی هەموو چین و توێژێكی كۆمەڵی كوردەواری بوو.

كاك محەممەد بە ئیلهام وەرگرتن لە باوكی، ئاواز و غەزەلەكانی وەفایی شاعیری كردوە بەگۆرانی و وەك دەستكەوتێكی عیرفانی هونەری بەنرخ بۆی جێ هێشتووین و لە راستیدا شێعرو ئاهەنگەكانی ئەو كەڵە شاعیرو ئاهەنگسازە گەورەیەی بۆ هەمیشە زیندوو راگرتوە.

هونەرمەند مامڵێ لە بوارەكانی دیكەی وەك نیشتمانی، نەتەوەیی، بەزمی و رەزمی و فولكلوری ئەو شێعرو هەڵبەستانەی هەڵبژاردوە كە كاریگەریی تایبەتی خۆیان لە سەر بیسەرو گوێگر هەیەو دوور لە قسەی سووك و چرووكن.

لە باری كۆمەڵایەتی و كەسایەتییەوە نەك هەر جێگەی رێز و حورمەتی كۆمەڵانی خەڵك بوو بەڵكوو لە كۆڕی هونەرمەند و روشنبیرانیش دا جێگەو پێگەی تایبەتی هەبوو، گەلێك بەرپرسانە هەڵسوكەوتی لەگەڵ ئەو كەسانە دەكرد كە هاوكارییان كردوەو هەمووی وەك كوڕو برای خۆی چاو لێ دەكردن.

ئەو هەر لە سەردەمی كۆماری كوردستانەوە بیروبۆچوونی كوردایەتی لە مێشكیدا جێگیر ببوو. دوایەش ببوو بە ئەندامی حیزبی دێموكراتی كوردستان و لەم پێناوەدا بەشی خۆشی چەرمەسەری دی، بۆ ماوەیەكیش لە دەورانی شادا لە بەند دابوو نەجاتی كوڕیشی لە تافی لاوێتیدا بە دەستی جەلادەكانی كۆماری ئیسلامی دەگەڵ ٥٩ لاوی مەهابادی شەهید كرا. بەڵام محەممەد مامڵێ هیچ كات دەستبەرداری هەستی خاوێنی نیشتمانپەروەری نەبوو و ژیانی بە پاكی گەیاندە كۆتایی و هەتا ما نەتەوەكەی وەفادار مایەوە. كەس نەیدی و نەی بیست بچێتە ژێر باری دوژمنانی كوردو بۆ جارێكیش پێی هەڵنەگوتن و گۆرانی و بەندی بۆ نەچڕین و سەری بۆ دانەنواندن. رووحی شاد.

# ماڵئاوایی عەتری گلۆلانی، شاعیر سەردەمی كۆماری كوردستان



تامی دەچێ واتا كە دەیجووی بەزار
خۆشە لە ریێ دیدەوە بتكێتە خوار
بۆ وتەو سۆزی دەروون چاوەرێم
بەستەڵەكە گیانە هەرێمی وتار

دوانیوەڕۆی رۆژی دووشەممە، ٣٠ی بەفرانباری ئەمساڵ پەپوولەی رۆحی سەوزی غەزەڵی شێعری كوردی بەستەڵەكی ژیانی بە جێ هێشت و تامی خەونە شیرین و كەسكەكانی بۆ هۆگرانی ئەدەب و شاعیرانی گەلەكەی و نیشتمانپەروەرانی وڵاتەكەی بەجێ هێشت و لە خولیای وەدیهاتنی ئامانجە پیرۆزەكانی دا چاوەكانی نایە سەریەك.

محەممەد نووری یان هەر هەمان عەتری گلۆلانی شاعیری ناسك خەیاڵ و ناسك بێژی كورد ٨٢ ساڵ لەوە پێش لە گوندی گلۆلان لە ناوچەی گەوركی مەهاباد لە دایك بوو. ئەلف و بێی ژیان و نووسین و خوێندنەوە لە لای باوكی فێر بوو و هەر لە منداڵییەوە بە بیری نیشتمانپەروەری گۆش كرا و عەشق و ئەوینی نیشتمان بوو بە خانەی خوێی دڵی پڕ لە ئاوات و هۆمێدی.

لەگەڵ دامەزرانی كۆمەڵەی ژ ـ كاف رێ بۆ وەدیهێنانی ئاواتەكانی لاوی بەهرەمەندی گلۆلانی خۆش كرا، نووریی هەڵۆدای ئازادی سوێندی ئەمەگ و بەڵێنی وەفا تا مردن لەگەڵ ژ ـ ك وارژۆ دەكا و دڵ بە كۆمارە ساواكەی خۆش دەكا و بیرو هزر و خامەی رەنگینی لە لاپەرەكانی كوردستان و هاواری نیشتمان دا بۆ هاونیشتمانانی كرد بە ئاڵەكۆكی شوانەوەیڵەو و پەیتووكەی پەیڤی دڵی و ئەستێرەی گەلاوێژی شێعری نووری لە "گەلاوێژ" دا ترووسكەی دا بە شەوەزەنگی بێدەنگی.

نووری دوای تێكشكانی كۆمارە جوانەمەرگەكەی خەم بوو بە میوانی هەمیشەیی دڵی بەڵام ورەی بەر نەدا، زۆرتر خۆیان لە چاوان نەدیو كرد بەڵام پێنووسەكەی، بیرو هزری نیشتمانپەروەری و خولیای ئازادییەكەی هەردەم پرشنگی هیوا و هۆمێد بۆ رۆڵەكانی گەلەكەی بوو. بەڵام سەد مەخابن ئەو بەروپشت ئەتڵەسەی وێژەی كوردی رۆژی ٣٠ی بەفرانبار دڵی گەرمی لە لێدان كەوت و بۆ هەمیشە پێڵووی چاوەكانی نایە سەر یەك.

**رۆحی شاد و یادی پیرۆز و هەرمان.**

لە سەر بەستووی ژیان وەك داری چاكی
بەتەنیا مامەوە بێبەرگ و بێ بەر
گەلێك بێتینترە تاوی هومێدم
لە زەردەی رۆژپەڕی مانگی خەزەڵوەر

شەوی تاریك وەرەبكشێ بە سەرما
كە ئامێزت پەنای رۆژگار رەشانە
وەكووژێنە چرای ئەستێرەكانت
كە رووزەردیم لەبەر تالێع گەشانە

لەگەڵ رۆژی هومێد نالێكە هیوام
وەكوو سێبەر لە رووناكی رەویوم
هەناسی لێ برِا بای فێنكی ئاوات
بە كوورەی داغی حەسرەت دا چزیوم

لە چۆڵ و بەردەڵانی قاقڕی ژین
لە پێ كەوتووم تەریك و دوورەدەستم
بەڵام دەنگێ وەكوو خەونێكی ئاڵۆز
بە گوێی روحما دەچرپێنێ كە هەستم

بە دەستەكوتە دەر و دیوار و قوژبن
هەتا رۆچنەی نەجات بست بست دەپێوم
بزانم تیشكی سەربەستی لە كوێ را
دەدا شۆق و بزەی داوێتە لێوم

برۆ ئەی شەو، وەرە ئەی رۆژی هیوا
لە چاڵاوی بەڵای دیلیم دەرێنە
لە سەر قسنی فەنای ئاواتەكەنم
پەرۆی ئاڵای هومێدم راوەشێنە

# خاڵ

دوێ شەوێ بێ تۆ لە نێو ئازاری كێو تاوێنەوە
چۆمی فرمێسكم بە خوڕ ئەڕژایە نێو داوێنەوە
دوور لە تۆ ژاكاوە پەلكی سەوزی پێنووسی بەهار
یەك بزەت بێتێ و چرۆی عیشقی لە لێو بڕوێنەوە
چەم كە نۆتەی هاتنی پێڵاوی تۆی بەرگوێ كەوێ
قەولە سەت ماچی شەپۆلی بداتە دەم بەستێنەوە
من لە سایەی لێوی تۆوە حورمەتی خاڵم دەگرت
هیچ لە چاوی دا نیە جارێ وەبیری بێنەوە
گەر لە رێی عیشقا دڵم چڕژاوە هیچ قەیدی نیە
جار و بار بەو وردە ماچە بۆمی تێ هەڵبێنەوە
بوونەتە حاجی خەیاڵ و هەست و بیر و عەقڵی من
چونكە شێتانە لە دەوری خاڵ و مەم دەخولێنەوە
دوێنێ ماچێكم لە كانیی لێوەكانی تۆ دزی
حەز دەكەم لێی خۆش نەبی بە زیادەوە بیستێنەوە
سڕ بووە زمان و نیگا نامەی ئەوین دێنێ و دەبا
رازی ئەم عیشقە لە چیرۆكی چەمم بخوێنەوە

رەسووڵ سوڵتانی

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
No503 3 Feb 2009

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی "کوردستان" و ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
**www.kurdchannel.com :** Hotbird: 8 - MHZ: 11604 - Polarization: Vertical - S R: 27500 - FEC: ¾

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

بەر لەماڵاوایی

# ئەو پەڵەیە، بەم هەڵەیە ناسڕێتەوە!

**قادر وریا**

لە سەرەتای ڕێبەندانی ئەمساڵدا هەواڵدەرییەکان ڕایانگەیاند کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە ژێر ناوی "بازسازی"دا، بە بۆڵدزێر بەر بوونە گۆڕستانی خاوەران و، بەناوی تەخت کردن و خۆڵ تێکردن و نەمام ناشتن، هەوڵیان داوە شوێنەواری گڵکۆ بە کۆمەڵەکان لەم گۆڕستانە بسڕنەوەو، ئەو کێڵ و نیشانانەی دایکان بۆ دیاریکردنی گڵکۆی جگەرگۆشەکانیان دایان نابوو، لە نێویان بردوون.

خاوەران، ئەو شوێنەیە کە تەرمی زۆر لە قوربانیانی کوشتاری بە کۆمەڵی ساڵی ١٣٦٧ی بەندییە سیاسییەکانی ئێرانی لێ شاردراوەتەوە. خومەینی، ڕێبەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە دوای فڕکردنی جامی ژاری شکست لە شەڕ لەگەڵ عێراق دا، بۆ چاوترساندنی خەڵکی وڵات و پێشگیری لە ڕاپەڕینێکی جەماوەری، فەرمانی دا بە هەزاران بەندیی سیاسیی ئێران کە لە بەندیخانەکانی ئەو ڕێژیمەدا بوون، قەڵاچۆ بکرێن. زۆر لەو بەندییانە حوکم درابوون و چەند ساڵێکیش لە حوکمەکەیان بڕیبوو. هی وایان تێدا بوو کە لە دوا مانگ و دوا ڕۆژەکانی تەواوکردنی ئەو ماوە زیندانەدا بوون کە بۆیان بڕابۆوە. لە سەر فەرمانی خومەینی لە ماوەی چەند مانگێک دا (لەمانگی گەلاوێژ ڕا تا کۆتاییەکانی پاییز) بە هەزاران مرۆڤی نیشتمانپەروەر و ئازادیخواز کە لە بەندیخانەی دیکتاتۆڕی دا بوون، بە دڕندانەترین شێوە کوژران. "خاوەران" ئەو پارچە زەوییەی، ئێستا کاربەدەستانی ڕێژیم بە بۆڵدزێر تێی بەربوون، لەشی ئەنجن ئەنجن کراو و پارچەپارچەی بووی ژمارەیەکی زۆر لەو قوربانیانەی گرتە ئامێز. لە ڕاستیدا مرۆڤکوژەکانی کۆماری ئیسلامی تەرمی ئەوانیان هێناو، لەم شوێنە هەڵیان ڕشتن و گڵیان وەسەر کردن. تەنیا ئەو کاتەی داڵ و سەگ و چەقەڵ بە بۆنی ئەو تەرمانەوە هاتن و کەوتنە دانەوەی خاکی ئەوێ‌و، هێندێک لە تەرمەکان دەرکەوتن، خەڵك بەو ڕاستییەیان زانی کە ڕۆڵە بەناحەقکوژراوەکانیان لێرە ژێر خاک کراون.

لەو ساتەوەی ڕازی خەوتنی ئەو هەمووە ئازادیخوازە شەهیدە لە ژێر خاکی خاوەران دا ئاشکرا بوو، "خاوەران" بووە بە ژوانگەی ساڵانەی بنەماڵەکانی ئەوان و، ئۆگرانی باوەڕە بەرزەکانی ئەو شەهیدانە. خاوەران، هەموو ساڵێ شەپۆل شەپۆل خەڵکی بێزار لەم ڕێژیمە مرۆڤکوژە، خەڵکی تینووی ئازادی لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە تا پێکەوە وێڕای مەحکووم کردنی ئەو تاوانە گەورەیەی کۆماری ئیسلامی، وەفاداریی خۆیان بە ئامانجەکانی ڕۆڵە شەهیدەکانیان دووپات بکەنەوە. گوڵزاری خاوەران ئەگەر بۆ کەسوکاری شەهیدەکان و، بۆ بزووتنەوەی ئازادیخوازی و مرۆڤە بەویژدانەکان بووە بە ڕەمزێک بۆ لەبیر نەبردنەوەی تاوانێکی سامناک و، هاندەرێك بۆ دادخوازی، لە ڕێبەران و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بووە بە مۆتەکەیەك، مۆتەکەیەك کە ڕۆژێك لە ڕۆژان سەری ئەو ڕێژیمە دەخوا. چونکە جگە لەوەی بە شێوەیەکی بەردەوام و هەمیشەیی بیرەوەریی شەهیدەکان و ئامانجەکانی قوربانیانی کوشتاری بە کۆمەڵی ساڵی ١٣٦٧ لەگەڵ خەڵکی ئێران دا، زیندوو ڕادەگرێ، دەشکرێ وەك بەڵگەیەکی حاشا لێنەکراو بۆ کوشتاری بە کۆمەڵ، لە دژی ئەو ڕێژیمە بە کار بهێنرێ و خوازیارانی حەقیقەت و دادپەروەری و ناوەندەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ دەتوانن بە یارمەتیی گۆڕە بە کۆمەڵەکان و شوێنەوارەکانی سەر ئێسك و پروسکی ئەم قوربانییانە، پەردە لەسەر گۆشەیەك لەو جینایەتە گەورەیە هەڵبدەنەوە کە کۆماری ئیسلامی لە هاوین و پاییزی ٦٧دا ئەنجامیان دا.

ئێستا بەڕێوەبەرانی ئەو ڕێژیمە دەیانەوێ بە تەختکردن و دار لێ ناشتن، سیمای گوڵزاری خاوەران لە گۆڕستانی زۆرلێکراوان بۆ دارستانی زۆرداران بگۆڕن. ئەم پیلانە هەڵگری کۆمەڵێك تاوانی دیکەیە. هەر لەو کاتە دا کە بێبەشکردنی کەسوکاری قوربانییەکان لە مەزارگەو گڵکۆی ئازیزەکانیان و هەوڵدان بۆ پچڕاندنی پێوەندیی عاتیفی لەگەڵ ئەو ئازیزە بێناز خەوتووانەیە، سڕینەوە و لەنێو بردنی شوێنەواری تاوانێکی ئینسانیی گەورەشە. تێکدانی ژوانگەیەکە کە عاشقانی ئازادی و مرۆڤایەتی هەموو ساڵێ تێیدا کۆدەبنەوە و، لەوێوە هاواری زۆرلێکراویی خەڵکی وڵاتێك، بانگەوازی ئازادی و، نرکەی دادخوازیی خۆیان بە گویی دنیا دەگەیەنن. ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی بەم پیلانە پڕشوورەییەی، ناتوانێ تاوانی هاوین و پاییزی ١٣٦٧، بسڕێتەوە و بشارێتەوە، بەو حاڵەش ئەرکی هەموو داکۆکیکەرێکی مافی مرۆڤ و هەر لایەنگرێکی حەقیقەت و دادپەروەرییە، دژی ئەم تاوانە نوێیە دەنگ بەرز بکەنەوە و پێش بە جێبەجێ بوونی ئەم پیلانە بگرن.

# تووروەج ئەسڵانی کاری وێنەگرتنی فیلمێکی لە تاران کۆتایی پێ هێنا



وێنەگری بە توانای کورد تووروەج ئەسڵانی کاری وێنەگرتنی فیلمی دیکۆمێنتیی "جای پای دوست"

(جێی پێی دۆست)ی لە شەقامەکانی شاری تاران کۆتایی پێهێنا.

فیلمی دیکۆمێنتیی "جێی پێی دۆست" باس لە ڕیتم لە شاری تاران دا دەکا( ڕیتمی ژیان، ڕیتمی بینین و ڕیتمی کار). لەم فیلمەدا گرنگی بەو مرۆڤانە دەدرێ کە لە سەر جێی خۆیان نین و هەندێك جاریش توانا و شارەزاییان بە لایەکی دیکەدا دەڕوا.

فیلمی دیکۆمێنتیی "جێی پێی دۆست" فیلمێکی ئەزموونییە و وێنەگرتنەکەی لە چەند شوێنی تاران لەوانە: بازار، مێترۆ و شەقامەکان ئەنجام دراوە.

هونەرمەندانی بەشداربوو لە فیلمە دا بریتین لە:

نووسەری سیناریۆ: تووروەج ئەسڵانی، دەرهێنەر: تووروەج ئەسڵانی، بەڕێوەبەری وێنەگرتن: تووروەج ئەسڵانی، یاریدەدەری دەرهێنەر: حەسەن ئەسڵانی، یاریدەدەری وێنەگر: محەممەد داوتەڵەب، بەرهەمهێنەر: تووروەج ئەسڵانی

سەرچاوە: PNA

# "ئەحمەدی نژاد کوژی"




ئەم وێنەیە لە پشت بەرگی گۆڤاری "همت" (ڕۆژی ١٣ی ڕێبەندان) وەرگیراوە. هەروەك دەبینن، ئەم بڵاوکراوەیەی لایەنگری دەوڵەت بە چاپ کردنی پوستێرێك بە شێوازی فیلمە سینەماییەکان وێنەیەکی گەورەی هاشمی ڕەفسەنجانیی لەگەڵ تیترێکی گەورەدا بە ناوی "ئەحمەدی نژادکوژی" بڵاو کردۆتەوە. لەم پۆستێرەدا هەروەها وێنەی ژمارەیەك لە دژبەرانی ئەحمەدی نژاد بەرچاو دەکەوێ کە هەرکامەیان دەورێکیان هەیە. دەوری بەشێك لە کەسەکان بەم شێوەیەیە:

هەڵبژاردنی دەوەرگێڕ: خوسرەو قەنبەر تارانی

یاریدەدەری دەرهێنەر محەمەد عەتریانفەر

گرووپی ڕاوێژکارانی دەرهێنەر: سەعید حەجاریان، عەلی ڕەبیعی، بیژەن تاجیك،

ڕووناکی: حەسەن ڕووحانی

دەنگهەڵگر: مستەفا پوور محەمەدی،

گوازتنەوە: موحسین ڕەزایی، بەڕێوەبەری دیمەن: محەمەد عەتریانفەر،

گریم: حسێن فیدایی، ئەحمەد تەوەکولی

بەڕێوەبەری فیلمهەڵگرتن: ئەکبەر ناتق نووری

دیمەنی تایبەت: محەمەد هاشمی ڕەفسنجانی

لۆجستیك: موحسین هاشمی ڕەفسنجانی، یاسر هاشمی ڕەفسەنجانی، مێهدی هاشمی ڕەفسەنجانی

وێنەگر: عیزەتوڵڵا زەرغامی، دارێژەری دیمەن: سەعید حەجاریان،.....

# کاناڵێکی کوردی ـ فارسی دەست بە بڵاوکردنەوە دەکا




کاناڵێکی هونەریی هەمەڕەنگ بە ناوی کلیك سات ( KLIK SAT) بە زمانەکانی کوردی و فارسی دەست بە بڵاو کردنەوەی ئەزموونی دەکا. "کلیك سات" گرنگی بە فیلم و گۆرانی و پرۆگرامی هەمەرەنگ دەدا.

جێی ئاماژەیە کۆمپانیای "کلیك سات" کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنەری هونەرییە و لە ئەمریکا، ئاسیا، ئورووپا لقی هەیە.

ئەم کاناڵە لە سەر مانگی دەستکردی هۆتبێرد پرۆگرامەکانی بڵاو دەکاتەوە.

سەرچاوە: سبەی

سی ساڵ لەوە پێش * * * * * * * * * * * * * * * * * * ئێستا




